# کۆمەڵە و
# ڕێکخراوە کوردییەکان
## (١٩١٨-١٩٣٣)

**لە بەڵگەنامەکانی هەردوو وەزارەتی**
**دەرەوەی بریتانیا و فەڕانسادا**

**بەرگی یەکەم**

لە فەڕانسییەوە وەرگێڕانی،

پەراوێز و پێشەکی بۆ نووسینی

د. نەجاتی عەبدوڵڵا

پێشەکیی

د. کەمال مەزهەر ئەحمەد

بنکەی ژین

سلێمانی ٢٠٠٧

٣٢٩,٩٥٣٢١
ن ٩٥٢ نەجاتی عەبدوڵڵا
کۆمەڵـەو ڕێکخـراوە کوردییـەکان ١٩١٨-١٩٣٣ لـە بەڵگەنامـەکانی هـەردوو وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا و فەڕانسادا/ وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵڵا.-
سلێمانی: بنکەی ژین، ٢٠٠٨.
٣٤٥ل: (١٦,٥×٢٣ سم)، وێنە، بەڵگەنامە، زنجیرە؛ ٧٧.
١- کوردستان- ڕێکخراوو حیزبە سیاسیەکان- بەڵگەنامە. ٢- ناونیشان
کتێبخانەی گشتیی سلێمانی زانیاریی سەرەتایی پۆلێن و پێڕستی ئامادە کردووە

سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح

زنجیرە: ٧٧
کتێب: کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان (١٩١٨-١٩٣٣)
لە بەڵگەنامەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا و فەڕانسادا
لە فەڕانسییەوە وەرگێڕانی: د.نەجاتی عەبدوڵڵا
بەرگ: یەکەم
تایپ و هەڵەچنی و مۆنتاژ: وەرگێڕ
ڕووبەرگ: قادر میرخان
خەتی بەرگ: ئەحمەد سەعید
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ٤٥٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن: ٩٣٣ی ساڵی ٢٠٠٧
شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان

لە بڵاوکراوەکانی
بنکەی ژین
بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی
هەرێمی کوردستان: سلێمانی، ئەندازیاران، گەڕەکی ١٠٥، کۆڵانی ٥، خانووی ٢٣
نۆرمال: ٣١٢٩١٠٢ ئاسیا: ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ یا ٠٧٧٠١٤٦٤٨٣٣ سانا: ١١٢٨٣٠٩
E. Mail: bnkaizhin@yahoo.com سنووقی پۆست: ١٤

به گیانی

پاکی یەکەمین

دەستەی

پێشەنگی کاروانی کوردایەتی

ئەمین عالی بەدرخان،

مەمدووح سەلیم بەگ،

شەریف پاشای خەندان،

سورەیا بەدرخان،

سەیید عەبدولقادری شەمزینانی،

ئەکرەم جەمیل پاشا،

ئیحسان نووری پاشا،

خالید بەگی جوبرانلی،

زەینەلعابدین

و

هەموو تێکۆشەر و پێشمەرگە ونەکانی ئەم ڕێگە دوورودرێژە

دیاری و پێشکەشە

وەرگێڕ

# پێشەکی

**کەمال مەزهەر**

بێگومان سەرهەڵدانی کۆمەڵە و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە مێژووی گەلاندا نیشانەیەکی بایەخداری دروستبوونی بیروبۆچوونی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی دەستەی ڕووناکبیر (ئینتێلیگێنسیا)یە. هەر لەبەر ئەوەیشە دوژمنانی ئەو گەلە هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی کرێگرتە یان پیاوی دڵسۆزی خۆیانەوە زەفەر بەو جۆرە ڕێکخراوانە بهێنن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری نەخشە و پلانە نهێنییەکانی بن. سۆڤیەتییەکان کاتی خۆی گەلێك شانازییان بەوەوە دەکرد کە توانیبویان یەکێکی لەمەڕ خۆیان بگەێننە بیرۆی خودی هیتلەر و لە گەرمەی ڕۆژانی شەڕی ساردی نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوایشدا توانییان فیلبیی بەناوبانگی کوڕی عەبدوڵلا فیلبیش بە شێوازێکی دراماتیکی لە لەندەنەوە بگەێێننە مۆسکۆ, دوای ئەوەی دەزگا تایبەتییە بەریتانییەکان بەوەیان زانیبوو کە فیلبی هاوبیر و هاوکاری سۆڤیەتە.

هەر لەم بوارەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بۆ ڕاستییەکی دیکە بکەم کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە کوردەوە هەیە. ڕادیۆی بەغدا ڕۆژی بیست و یەکی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٩، واتا تەنیا شەش مانگ و حەوت ڕۆژ دوای بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ, کە هێشتا گەلی کورد بە ئەوپەڕی دڵسۆزییەوە لە سەنگەری شۆڕش و خودی عەبدولکەریم قاسمدابوو، بروسکەیەکی پشتگیریی گەرمی سەرۆکی لقی بەریتانیی"کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا" تەحسین محەمەد ئەمین بە بۆنەی بەستنی کۆنفرانسی

حەوتەمی کۆمەڵەوە لە لەندەن، دەخوێنێتەوە. ئەم هەواڵەی ئیزگەی بەغدا دەبێتە کێچ و دەچێتە کەوڵی کارمەندە دیپلۆماسییەکانی وەزارەتی هەندەرانی حوکمەتی بەریتانییەوە و بە هەرچوار لادا دەکەونە سۆراخی ئەم ڕێکخراوە کوردییە چالاکە و ئەنجام دەگەنە گەلێك زانیاریی ورد دەربارەی و یەکسەر پوختەی ناوەرۆکی هەموویان لە بەڵگەنامەی نهێنی ژمارە ١٢٥٩/١١١٠ی ساڵی ١٩٥٩ ی وەزارەتدا تۆمار دەکەن و دەنووسن" کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا" ساڵی ١٩٥٦ لە شاری ویسبادنی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا لە لایەن دەستەیەك خوێندکاری کوردەوە دامەزراوە و ئامانجە سەرەکییەکانی کۆمەڵەیش لە شەش خاڵی چڕوپڕدا تۆماردەکەن و دەشڵێن گۆڤاری "کوردستان" کە یەکەم ژمارەی مانگی مارتی ساڵی ١٩٥٨ دەرچووە ئۆرگانی "کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا"یە.

دوای ئەم سەرگوزشتە کورتەی کە بە پێویستمان زانی بیکەینە دەستپێك و سەرەتای هەڵسەنگاندنەکەمان, دەڵێین: گشت ڕەهبەرە دووربینەکانی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کوردیش تا ڕادەیەکی پەسند بایەخیان داوەتە دامەزراندنی کۆمەڵە و ڕێکخراوی نهێنی و ئاشکرا، لەوانە شێخ مەحموودی بەرزنجی و قازی محەمەد و پتر لە هەموان بەدرخانییەکان، باوەڕ ناکەم خوێندەوارێکی دڵسۆز و بەپەرۆشی کورد هەبێت ئاگاداری ڕۆڵی گەورەی کۆمەڵەی "خۆیبوون"(سەربەخۆیی) و کۆمەڵەی "ژ. ك" (ژیانەوەی کوردستان) و ڕۆڵی بەرچاویان لە مێژووی ڕزگاریخوازی کوردا نەبێت.

بە پێی تەرازووی ئەم بۆچوونە "کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان (١٩١٨-١٩٣٣) لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا و وەزارەتی دەرەوەی فەرانسادا" کە دوکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا ئامادەی کردووە بەرهەمێکی بەنرخ و پێویستە و کەلێنێکی دیار لە کتێبخانەی هەژاری کوردەواریدا پڕدەکاتەوە. لایەنە سەرنج ڕاکێشەکانی ئەم پەڕاوە زۆرن، بەر لە هەر شت خاوەنی لە وەرگێڕان و ڕاگواستنی ناوەرۆکی بەڵگەنامەکاندا، کە من بۆخۆم ژمارەیەکیانم

دیوه، له دەق لای نەداوە، یا، خۆی واتەنی،" بە هیچ شێوەیەك، یەك تۆز ئازادیی دەستکاریکردنی" بەخۆی نەداوە و هەوڵی داوە "بەموو لە ناوەرۆکی بەڵگەنامەکان نەچێتە دەرەوە" (لاپەڕە سێی دەسنووسەکە). بەڵام لێرەشدا وەستایانە ئەم ئەرکە تا ئاسانەی گرتۆتە ئەستۆ، بۆیەکا چاوپۆشیی لە هەڵەیەکی زەقی کەڵە پیاوێکی وەك سورەیا بەدرخان نەکردووە, کە لە شوێنێکی بایەخداری نامەیەکی بێ ئەندازە گرنگیدا ئەرمینیای لێ بوەتە لوبنان (لاپەڕە نۆزدەی دەستنووسەکە).

بایەخی زۆری پێشەکی و دەروازەی سەرەتا و لێدوانە وردەکانی دوکتۆر نەجاتی عەبدوڵلا لەوەدایە کە وەك مێژوونووسێکی کوردی دڵسۆز، بەڵام بێلایەن و بابەتەکی و بێ پەروا لە ڕەخنەی نابەجێ دەست دەخاتە سەر برین و زامەکانی سەر جەستەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد, چونکە بەر لە هەر شت ئەو عەودالی ئەو وانانەی مێژووە کە دەتوانن یاریدەی ڕەهبەرانی کورد بدەن هەڵەی ڕابووردوو دووپات نەکەنەوە و ئەو ڕاستییەش لە یاد نەکەن کە چاوی مێژوو یەکجار تیژە و تەرازووی کێشانەکەیشی گەلێك لە تەرازووی زەڕنگەر وردترە و حوکمەکانی بێ ئەندازە ڕەوان، هەر لەبەر ئەوەیشە دانەر کاتێك باسی ئەوە دەکات کە سمکۆی شکاك ((سەرکردەیەکی جەسوور و کوردپەروەر)) بووە لە بەرانبەردا نووسەر ئەو ڕاستییە زەقە ناکات بە ژێر لێوەوە کە سمکۆ شان بە شانی ئەوە " پیاوێکی سەرەڕۆی عەشیرەتکار بووە" (لاپەڕە شەشی دەسنووسەکە). بەهەمان دەستوور ئەو ڕەخنە ڕەوایەش لە شێخی بەردە قارەمان دەگرێت کە سەرەتا چ خۆی و چ لایەنگرانی هێندەی (بڕوایان بە چەك و هێزی چەکداری هەبوو) چارەگێکی ئەوە نە ((خەباتی ڕێکخراوەیی)) و نە حیزبایەتییان (بەلاوە گرینگ نەبووە) و هێند ((بایەخیان پێ نەداوە)) ( هەمان لاپەڕە شەشی دەسنووسەکە) لە کاتێکدا هاوسەنگیی هەردووك لایان بۆ نەتەوەیەکی ژێر دەستەی وەك کورد پێویست بووە و بەداخەوە بەهۆی تەماعی بێ سنوور و پیلانە شەیتانییەکانی دوژمنەوە تاوەکو ئیمڕۆکەیش هەر وەك خۆی پێویستە.

ئەگەر لێرەدا بگەڕێینەوە سەر نامە گرنگەکەی سورەیا بەدرخان دەڵێین هەر کەسێك، کورد بێت یا کورد نەبێت، ناوەرۆکی ئەو نامەیە بخوێنێتەوە زۆر بە ڕاشکاوی لەوە دەگات ئەو پیاوە چ زانا و ئاگادار و سیاسەتمەدارێکی گەورە و دووربین بووە و چۆن هیچی لە زانایانی هاوتەمەنی خۆی کەمتر نەبووە، ئاگاداری کون و کەلەبەرەکانی مێژووی گشت قۆناغەکانی جیهان بووە. شایانی باسە محەمەد عەلی عەونی بۆ وەرگێڕانی "شەرەفنامە" کەی شەرەف خانی بدلیسی بۆ سەر زوبانی عەرەبی پشتی بە سێ سەرچاوەی سەرەکی بەستووە، یەکەمیان کارە بە نرخەکەی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووس ڤلیامینۆڤ زیرنۆڤە کە ساڵی ١٨٦٠ و ١٨٦٢ هەردووك بەرگی "شەرەفنامە" ی لە سانت پێتەربۆرگ بە فارسی لەگەڵ دوو پێشەکیدا بە فەرەنسی بلاوکردۆتەوە، وێڕای دوو دەسنووسی ئەو بەرهەمە- یەکەمیان دەسنووسێکی دەگمەنییە کە لە کتێبخانەی سورەیا بەدرخاندا پارێزرابوو. بریا لە دەرفەتێکدا دوکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا بە خامە ڕەنگینەکەی وەرگێڕانی ئەو دوو پێشەکییە فەرەنسییەی ڤلیامینۆڤ زیرنۆڤیشی دەکردە دیارییەکی نوێ خۆی بۆ کتێبخانەی کوردی و چاو و دڵی دڵسۆزانی پێ ڕوون دەکردەوە. ئەم دەرفەتەش بە هەل دەزانم بۆ دووپات کردنەوەی ئەو بیرۆکەیە کە خوێندکارانی کورد دەتوانن ڕۆڵی سیاسی و فیکری گەورەی پیاوێکی وەك سورەیا بەدرخان بکەنە ناوونیشانی نامەیەکی دکتۆرای ڕەسەن و پێویست و سەرکەوتوو بە سەرپەرشتیی مامۆستایەکی وەك خاوەنی ئەم بەرهەمە و هاوەڵە دڵسۆزەکانی کە خۆشبەختانە ژمارەیان کەم نییە. بەلای منەوە (ڕۆڵی سورەیا بەدرخان لە خۆیبووندا) بە تەنها شایانی ئەوەیە بە لایەنی کەمەوە نامەیەکی ماجستێری سەرکەوتووی بۆ تەرخان بکرێ.

ڕوودەکەمەوە خاوەنی ئەم بەرهەمە و دەڵێم پێشنیار دەکەم دەربارەی وەرگێڕانی هەردووك پێشەکییە فەرەنسییەکەی ڤلیامینۆڤ زیرنۆڤ و نامەی ماجستێرەکەی کاك سیامەند زەید عوسمانیش دەگرێتەوە کە ساڵی ١٩٨١ بە زوبانی فەرەنسی لە نزیك ماڵەکەی دوکتۆر نەجاتی عەبدوڵلاوە لە پاریس پێشکەشی کردووە بە یەکێك لە دەزگا زانستییەکانی فەرەنسا، تایبەت چونکە

دانـەری ئـەو نامەیـەش بـە پـشتیوانی گـەلێك بەڵگەنامـەی ئەرشـیڤە فەرنـسی و بەریتانییـەكان نیشانی داوە تـا چ ڕادەیـەك ئۆبـاڵی كوشـتاری ئەرمـەن ناكەوێتـە ئەستۆی كوردەوە.

لێـرەدا بـە پێویـستی دەزانم دیـدێكی بـا و لـە نێـو شـارەزایاندا دەربـارەی پێوەنـدیی تونـدوتۆڵی نێـوان نـاوەڕۆكی زانـستیی هـەر بەرهـەمێك و شـێوازی داڕشـتنەكەی دووپـات بكەمـەوە كـە دەڵێـت نـاوەڕۆكی بـەهێز لـە گـشت بـوارە زانـستییەكاندا هەمیـشە ئاتـاجی داڕشـتنێكی ڕەوان و دڵگـیر و ڕازاوەیـە، ئـەو مەرجـە پێویـستانەی خوێنـەر بـە ئاسـانی لـە دووتـوێی شێوازی داڕشـتنی ئـەم بەرهەمەدا هەستیان پێدەكات، چونكە ڕستەكانی دوكتـۆر نـەجاتی عەبدوڵڵا وەك "ڕشتەی مرواری"یەكەی سەجادیی خوالێخۆشبوو، یا بە دەستووری لای لایـەی دایكـە جگەرگۆشـەكان و ئـاوازی نـازداری شمـشاڵی شـوانی كـورد دێتـە گـوێ، سـەرجەمیان ڕەوان، بـێ گـرێ، پێكـەوە بەسـتراو لـە نـاخی دەروونـی خوێنـەردا هەڵبەز و دابەز دەكەن. بەڕاستی دوكتـۆر نـەجاتی عەبدوڵڵا لەوەیشدا جوانی بۆ هاتووە كە بەرهەمەكەی پێشكەشی ((گیانی پاكی)) ئەو دڵسۆزە نەمرانەی كورد دەكات كە گشتیان ((تێكۆشەر و سەربازی ونی ڕێگەی دوور و درێـژی)) خـەبات و ((پێشەنگی كاروانی كوردایەتی)) بوون.

من تا وەكو ئێستا خاوەنی ئەم بەرهەمەم نەدیوە، بەڵام دڵسۆزی و كوردایـەتی و سـاكاریی ئـەم زاتـە بوونەتـە پردێكـی ویـژدانیی نێـوان هـەردووكمان و دەمێكـە تامەزرۆی بینینی خۆی و خێزانیم، ئەم بەرهەمەشی بووە ڕایـەڵێكی نـوێی ئـەو هەستە لە ناخی دەروونمدا.

خوێندنـــەوەی ((كۆمەڵـــە و ڕێكخـــراوە كوردییـــەكان (١٩١٨-١٩٣٣) لـــە بەڵگەنامـەكانی وەزارەتـی دەرەوەی بریتانیـا و وەزارەتـی دەرەوەی فرانـسا دا)) گـەلێك بیرۆكـە و پێـشنیار و ڕامـانی زانستییانە دەورووژێنێت، بۆیـەكا بـە گـەرمی دەستخۆشی لە خـاوەنی دەكـەین و دڵنیـاین لـەوەی خوێنـەری كوردیش بەگـەرمی پێـشوازی لـێ دەكـات و مێـژوویش وەك نموونەیـەكی دەسـتەبژێری كـوردی هاوچەرخ ئافەرینی دەكات.

((کۆمەڵـە و ڕێکخـراوە کوردییـەکان)) دیارییـەکی بـەنرخی نـوێی دوکتـۆر نـەجاتی عەبدوڵڵایـە، بـە دڵ چاوەڕوانی دیارییـەکانی دیکـەی ئـەم مامۆسـتا بـە پەرۆشـەین کـە سـەرلەبەری ژیـانی خـۆی بـۆ ئـاودانی چـرۆکانی وشـەی زانستی هاوچەرخی کوردی تەرخان کردووە. بێ گومان بەڕێوەبەرانی "بنکەی ژیـن" یـش بە چاپکردنی ئەم بەرهەمە ناوازەیە بە دەستێکی نەرمونیان لـە دەرگـەی هەسـت و سۆزی پەنگخواردووی دڵسۆزانی نەتەوەی کورد دەدەن.

لەندەن

٢٠٠٧/١٠/٩

# پێشبار

هاوزمانە خۆشەویستەکانم،

ئەم کتێبەی بەردەست بەرگی یەکەمی پڕۆژەیەکی گەورەیە، سەرجەمی ئەو بەڵگەنامە و دەستاویژانە دەگرێتەوە کە تایبەتن بە کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان و ئێستا لە ئەرشیڤخانەکانی بریتانیا و فڕانسادا هەڵگیراون. ئەم پڕۆژەیە وا بڕیار درا بە دوو بەرگ بڵاو بکرێتەوە و لە چاپەکانی دواتردا هەرچی بەڵگەنامەی زیاتر دۆزرانەوە، بخرێنە سەریان و دوا جار هەمووی بەسەریەکەوە بڵاو بکرێتەوە. ئێمە هەمیشە لامان وابووە ئەم جۆرە کارانە ئەستەمە هەمووی پێکەوە بڵاو بکرێنەوە، بۆیە دەکرێ مرۆڤ ئەوەندەی لەبەر دەستیدایە و دەستی پێ ڕادەگات و دەتوانێ تەواویان بکات، پەلە بکات لە بڵاوکردنەوەیان، دوایی کە بەڵگەنامەی زیاتر دۆزرانەوە، بە شێنەیی دووبارە بڵاو بکرێنەوە. لە سەرێکی دیکەوە، ئەم کارانە هی ئەوە نین مرۆڤ دوای تەواوکردنیان ڕایان بگرێت، چونکە جاری وا هەیە یەك دێڕ، وشەیەك بۆ ئەوانەی خەریکی نووسینەوەی مێژووی کوردن، دەرگایەکی کلیل دراومان بۆ دەکاتەوە، بەتایبەت بۆ مێژووی ئێمە کە دەرگەکانی چەندەها کلیلیان لێ دراوە و کلیلەکانیش هەر ونن.

ئێمە لە وەرگێڕانی ئەم بەڵگەنامانەدا بە هیچ شێوەیەك کەمترین ئازادیی دەستکاریکردنمان بەخۆمان نەداوە و هەوڵمان داوە بە موو لە ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکان نەچینە دەرەوە، ئەمە لە زۆر جێگەدا وای کردووە زمانی کوردیی نووسینی بەڵگەنامەکان ڕەق و وشك بن. بێگومان کاری وەرگێڕانی بەڵگەنامەی مێژوویی وەك هی وەرگێڕانی ڕۆمان یان چیرۆك نییە و پابەندبوون بە ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکان بچووکترین ئازادیی دەستکاریکردنت لێ دەسەنێتەوە. ئێمە هەوڵمان داوە ناوەڕۆکی کوردیی بەڵگەنامەکان دەقاودەق هەر هەمان دەقی دەکۆمێنتە فڕانسییەکان و ئینگلیزییەکان بن، شتێك دانەڕێژینەوە خاوەنەکەی

مەبەستی نەبووبێ وا بڵێ. لەم ڕوانگەیەوە زۆر بە وردی هەوڵمان داوە ڕۆحی سەردەمی بەڵگەنامەکان بپارێزین. حەز دەکەم ئەوەش بە خوێندەواران بڵێم کە هەموو ئەو جێگایانەی وا هێڵیان بەژێردا کێشراوە، هی ناو بەڵگەنامەکانن و بە هیچ شێوەیەك کاری ئێمە نین. هەر لەم ڕووەوە بە پێویستی دەزانم ئەوەش بڵێم کە بەڵگەنامەکان بە زنجیرە و بە گوێرەی مێژووەکانیان ڕیزبەند کراون، بەڵام ئەوەش لەبەرچاو گیراوە بەڵگەنامەیەك کە ئەفسەرێك یان کۆمیسێرێك بۆ سەرووی خۆی بەرزی کردبێتەوە، بێگومان نامەکەی خۆی پێش بەڵگەنامە ئەسڵیەکە کەوتووە، گەرچی مێژووەکەی چەند ڕۆژێکیش دوای نامە هاوپێچەکە بێ، وەك ئەوەی کە لە یەکەم بەڵگەنامەدا هاتووە. ماوەتەوە بڵێین: بۆ کاری بەشوێنداگەڕان و پشکنینی ئەم بەڵگەنامانە، پێنجشەش ساڵ زیاترە لەناو ئەرشیڤخانەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا و فرانسا و وەزارەتی جەنگی فرانسادا بەدواداچوون کراوە تا ئەم هەموو بەڵگەنامانە کۆ کراونەتەوە، ئەوەش بە چەندین قۆناغی جیاجیادا تێپەڕیوە.

خوێنەری خۆشەویست، بایەخی ئەم بەڵگەنامانە هەر ئەوە نییە کە چەند حەشارگەیەکی دیکەی مێژوومان بۆ ڕوون دەکاتەوە، بەڵکوو زۆر بە ڕوونی ئاستی هۆشیاریی سیاسیی یەکەمین دەستەی پێشەنگی کوردایەتی بەدیاردەخات کە، هەموویان پیاوی ڕووناکبیری دواهەمین دەورانی ژیانی ئیمپراتۆریای عوسمانی بوون. وا خۆشبەختانە یەکەم بەرگی ئەم کارە بڵاو کرایەوە، زۆر بەهیواین بتوانین دووەم بەرگیشی لە دەرفەتێکی زوودا بڵاو بکەینەوە. ئەم بەڵگەنامانە وێنەیەکی سەرتاسەری لەبارەی کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی یەکەمین کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان بەدەستەوە دەدەن و ئەوە یەکەمجارە بەشی زۆری هەموو بەڵگەنامە تایبەتەکانی ئەم کۆمەڵە و ڕێکخراوانە لێرەدا بەسەریەکەوە، هاوکات لەگەڵ ئۆریژیناڵە فرانسی و ئینگلیزییەکانیان بەسەریەکەوە بڵاو دەکرێنەوە. دیارە لێرەدا دەبێ دەرفەت بقۆزمەوە و سەرەتا سوپاسێکی زۆری بەڕێز د. کەمال فوئاد بکەم بۆ پشتگیری و هاوکاریی بەڕێزیان بۆ ئەم پڕۆژەیە کە جێگەی سوپاسێکی تایبەتە، هەروەها سوپاسی زۆری

ماموستای خۆشەویستم دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد دەکەم کە دەستنووسی کتێبەکەی بۆ خوێندمەوە و بەوپەڕی میهرەبانییەوە ئامادەبوو پێشەکی بۆ ئەم کارە بنووسێ؛ هەروەها سوپاسی زۆر تایبەتی خۆی و شەهلا خانی هاوسەریشی دەکەم کە لە لەندەنەوە ئەزیەتیان کێشا لە ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا بەڵگەنامەی ژمارە (١) و (٣٢)ی ناو ئەم کتێبە کە کاتی خۆی لە سەفەرەکانمدا لە یادم چووبوو کۆپییان لێ هەڵبگرمەوە، بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە بۆیان کۆپی کردم و بۆیان ناردم، بەرامبەر بە -ئالیکاریی میهرەبانانەیان هەر تەنها ئەوەم بۆ دەمێنێتەوە هیوای لەشساغی و تەمەنی درێژیان بۆ بە بخوازم. دیارە دەبێ سوپاسی زۆری ماموستا ڕەفیق ساڵح و کاک سدیق ساڵح یش بکەم کە هاندەری گەورەی تەواوکردنی ئەم کارەم بوون و لە من زۆر زیاتر بەتەنگ ئەوەوە بوون ئەم کارە هەرچی زووترە ڕووناکی ببینێ. هەروەها وەك هەمیشە گەلێك سوپاس و خۆشەویستی تایبەتیشم بۆ ماندووبوونی هاوسەری خۆشەویستم فاتیمە ئەحمەد موراد کە لە کاری سکانکردنی بەڵگەنامەکان گەلێك کۆمەگی پێکردم و دواجار سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی دەستیان لە بڵاوکردنەوە و بەچاپ گەیاندنی ئەم بەرهەمەدا هەبوو،خوا دەست بە باڵیانەوە بگرێ.

نەجاتی عەبدوڵڵا
پاریس، ١ی تەمووزی ٢٠٠٧

## دەروازەیەك بۆ سەرەتایەكانی
## ژیانی ڕێكخراوەیی و حزبی لە كوردستاندا

## پێشبار

ڕەنگە ئەگەر چاو لەو سەرەباس و چەند دێڕە كەمە بقووچێنین كە باسی دامەزراندنی (جەمعییەتی عەزمی قەویی كورد- ١٩٠٠)[1] دەكات، بتوانین سەرەتای مێژووی ژیانی ڕێكخراوەیی و حزبایەتی لە كوردستان لە ڕووی كرۆنۆلۆژییەوە ڕاستەوخۆ بگەڕێنینەوە بۆ دوای كۆدێتای توركە-لاوەكان ١٩٠٨ و بە تایبەتیش بۆ ڕۆژی ٢ ی تشرینی یەكەمی ١٩٠٨[2]، ڕۆژی دامەزراندنی (جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی كورد)[*]. ئەم كۆمەڵەیە وێڕای ئەوەی كە، لە مێژووی كورتی خۆیدا توانیی چەند یانەیەكی كوردیی كوولتوری و هۆشیاری لە زۆربەی شارە كوردییەكانی ئیمپراتۆریای عوسمانی بكاتەوە، كەچی هەر زوو

---

[1] بەداخەوە هیچ زانیارییێكی وا بەداوێن لەبارەی (جەمعییەتی عەزمی قەویی كورد) لەوە ئارادا نییە، كە گوایە ساڵی ١٩٠٠ لە قاهیرە لە لایەن ئەحمەد ڕامزەوە دامەزراوە. لە كتێبی (امیر بدرخان) كە ساڵی ؟ بە توركیی عوسمانلی لە میسر بڵاو كراوەتەوە، نووسراوە (داهاتی ئەم كتێبە دەگەڕێتەوە بۆ كۆمەڵەی عەزمی قەویی كوردستان. ڕەنگە ئەم جەمعییەتە هەبووبێ، بەڵام چ لە ڕووی ئەندام و چ لە ڕووی ڕێكخراوەییەوە، ڕەنگە ژمارەی ئەندامەكانی لە پەنجەی دەست زیاتر نەبووبن، ئەگەر كەمتریش نەبووبێ.

[2] مالمیسانژ لە كتێبەكەی خۆیدا (*Kürt Teavün ve Terakki cemeiyeti ve Gazetesi*) نووسیویە ئەم كۆمەڵەیە لە ١٩ی ئەیلوولی ١٣٢٤ (١٩٠٨)دا دامەزراوە و هەر تەنها ساڵە ڕۆمیەكەی گۆڕیوە و بەس، بڕوانە هەمان سەرچاوە، لا: ١٣، ١٧. بەڵام ڕاستیەكەی ئەوەیە مێژووی دامەزراندنی ئەم جەمعییەتە بەرامبەر ٢ی تشرینی یەكەمی ١٩٠٨ دەوەستێت، هەر وەك ئەوە لەسەر بەرگی پێڕەوی ناوخۆی جەمعیەتەكەدا هاتووە، وەرگێڕ.

[*] كرد تعاون و ترقی جمعیەتی.

**لەگەڵ ڕەوتی پان–ناسیۆنالیستی تورکخوازانەی ئیتیحادییەکان پێکدا هەڵپڕژران و دواجار نەیتوانی لەڕووی سیاسییەوە[3] جگە لە سەرەتایەکی کورت بۆ ژیانی ڕێکخراوەیی، چیتر لە دوای خۆیەوە بەجێبهێڵێ و پاشان لە دوادواییەکەی ساڵی ١٩٠٩دا بە یەکجاری کۆتایی بە ژیانی ئەم ڕێکخراوە هات.**

### ئاگربەسی مۆدرۆس: سەرەتایێکی نوێ

**٣٠ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨ ئیمپراتۆریای عوسمانی خۆی بە دەستەوە دا و ئاگربەسی مۆدرۆس لە دوورگەی مۆدرۆس[*] لەگەڵ بریتانیادا مۆرکرا, لێرە بەدوا لە ڕووی پراتیکەوە کوردستان بوو بە سێ ناوچە: بەشی ڕۆژهەڵات هەر لەژێر دەسەڵاتی ئێراندا مایەوە، بەشی باکوور (بەناو) لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای عوسمانی مایەوە و بەشی خوارووش واتە ویلایەتی مووسڵ ڕاستەوخۆ کەوتە ژێر دەسەڵاتی عەسکەری و ئیداریی ئینگلیز. ڕاستییەکەی هەردوو بەشی یەکەم و دووەمی کوردستان بۆ ئینگلیز ئەو هێندە پڕ بایەخ و جێگەی چاوتێبڕین نەبوون، چونکە نە هێندە دەوڵەمەند و نە ئەوەندە خێروبێری بۆ ئینگلیز هەبوو، ئەوەی بۆ ئینگلیز بە پلەی یەکەم گرینگ بوو ویلایەتی مووسڵ بوو کە ناوچەیەکی لە هەمووان دەوڵەمەندتری نەوتی بوو. لەم ڕوانگەیەوە ئینگلیزەکان هیچ بایەخێکی ئاوایان بەم ناوچە کوردیانە نەدەدا کە کەووتبونە دەرەوەی کۆنترۆڵی (ڕاستەوخۆی) خۆیان.**

**بزووتنەوەی کورد کە زۆر بە درەنگەوە لەدایك بوو، بۆ خۆی بزووتنەوەیەکی لۆکاڵ و پارچەپارچە و بێبەرنامە بوو. ساڵانی یەکەم شەڕی جیهان هەموو**

---

[3] لە ڕووی کولتوورییەوە کاری هەرە گەورە و بەرچاوی جەمعیەتی تەعاون و تەرەقیی کورد ڕۆژنامەی (کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی) بوو کە، ژمارە یەکی لە ١١ی زیلقعدەی ١٣٢٤ی کۆچی بەرامبەر بە ٢٢ ی تشرینی دووەمی ١٣٢٤ی ڕۆمی (١٩٠٨) دەرچووە. دوا ژمارەی کە نۆهەمە لە ٨ ی موحەڕەمی ١٣٢٧ی کۆچی، ١٧ی کانوونی دوەمی ١٣٢٤ی ڕۆمی (١٩٠٩) دەرچووە و ئیتر داخراوە.بەسەریەکەوە هەمووی ٨٨ لاپەڕەیە، بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین، *چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی ١٨٩٨–١٩١٨*، بەرگی یەکەم، سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، لا: ٧٨.

[*] Moudros

توانـای کـوردی لـه شـەڕ دا بـه خـەرج درا و کـورد وەك ئالیکـاری لایـەنێکی ژێرکـەوتوو لـه شـەڕەکە هاتـە دەرەوە. دوای جـەنگ بزووتنـەوەی کـورد دابەشـی سەر سێ ناوەندی ناوچەیی سەرەکی بووبوو.

**یەکەم: ناوەندی ورمێ:**

ئـەم ناوەنـدە لـەژێر سـەرکردایەتیی سمکۆدا بەڕێوە دەچوو. سمکۆ بۆ خـۆی سـەرکردەیەکی جەسـوور و کوردپـەروەر بـوو، بـەڵام لـە هـەمان کاتـدا پیـاوێکی سـەرەڕۆی عەشیرەتکار بـوو و سـاڵانی شـەڕ لەگـەڵ هـەموو هێزەکـانی ناوچـەکەدا یاریی کردبوو. جگە لـەوە سمکۆ سـەرکردایەتیی بەشێکی بزووتنـەوەی کـوردی دەکرد کە لەژێر دەسەڵاتی ئێراندا بوو و ئینگلیز بە هیچ شێوەیەك نەیدەویست پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدا بشێوێنێ بۆیە ئینگلیز ئامادە نەبوون بچووکترین پێوەنـدیش لەگـەڵ بزووتنەوەکەی سمکۆ دروست بکـات. یـەکێك لـە سیما دیارەکانی ئەم بەشەی بزووتنەوەی کورد، ئەوەیە کە بەدەر لە دامەزراندنی (کۆمەڵـەی جیهـانزانی)، کـە گوایـە سـاڵی ١٩١٣ لـە خـۆی لەلایـەن عەبـدولرەزاق بەدرخان و سمکۆوە دامەزراوە بە هەموو پێوانەیەك زیاتر کۆمەڵەیەکی کولتووری و هۆشـیارکردنەوە بـووە، تـا سـاڵانی شـەڕی دووەمـی جیهـان هـیچ کۆمەڵـە و ڕێکخراوییێکـی کـوردی ئـاوای تێـدا نـەبووە کـە ڕۆڵـی هـەبووبێ لـە مێـژووی بزووتنـەوەی سیاسـی و کولتـووریی ئـەم بەشـەی کوردسـتاندا، بـەڵام تـەواو بەپێچەوانەی ناوەندی ئەستەموولی دوای جەنگەوە، تا ڕادەیەك بزووتنەوەیـەکی چەکداری بەهێزی تێدا بووە.

**دووەم: ناوەندی سلێمانی:**

ئـەم ناوەنـدەی بزووتنـەوەی کـورد لـەڕووی جەماوەرییـەوە لـە هـەموو ناوەنـدەکانی دیکـە تونـدوتۆڵتر و لـەڕووی چەکداریـشەوە بـە بـەراورد لەگـەڵ ناوەنـدەکانی دیکـەدا باسـکی لـە هـەموان بـەهێزتر بـووە. شـێخ مـەحموود و بزوتنەوەی ئەم بەشە ڕێك بە پێچەوانەی ناوەندی ئەستەموڵەوە بڕوایان بە چەك و هێـزی چـەکداری هـەبوو، چـارەگێکی ئـەوە خـەباتی ڕێکخراوەیـی و حزبییـان

بەلاوە گرینگ نەبوە، یاخود بایەخیان پێنەداوە. بۆیە ئەم تێبینیە بۆ ئەوەمان دەبات کەوا بۆچی ڕاستەوخۆ هەر دوای (شکستی) بزووتنەوە چەکدارییەکەی شێخ مەحموود کۆمەڵێك ڕێکخراو و کۆمەڵەی سیاسی دەرکەوتن (جەمعییەتی کوردستان– ١٩٢٢، کۆمەڵی پێشکەوتن–١٩٢٦، کۆمەڵی زانستی کوردان ١٩٢٦، کۆمەڵی پێشکەوتنی کوردان–١٩٢٧.، یانەی سەرکەوتنی کوردان ١٩٣٠.، کۆمەڵەی لاوان ١٩٣٠ و هی دیکە). دواتر لەگەڵ ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرای سلێمانیدا، هەر بەتەواوی قۆناغێکی نوێ لە مێژووی بزووتنەوەی ئەم بەشەی کوردستان دەستی پێکرد، قۆناغێك کە بە جۆرێك لە جۆرەکان دەکرێ بڵێین سەرتاپای ڕێگەچۆڵکردنی تفەنگ بوو بەرامبەر بە کاری ڕێکخراوەیی و دەستپێکی خەملینی خەباتی شار بوو بە مانایەکی زۆر سەرەتایی.

**سێیەم: ناوەندی ئەستەمبووڵ:**

یەکێك لە سیما دیارەکانی ئەم ناوەندە، ئەوەیە کە هەر لە دوای دووەم مەشرووتەی عوسمانییەوە، ناوەندی بزووتنەوەی کوردایەتی لە بریتی ئەوەی لە کوردستانی باکوور لەدایك ببێ، کەچی لە ئەستەمووڵ لەدایك بوو. ئەم ناوەندە، هەم لە ڕووی مێژووییەوە و هەم بایەخدان بە خەباتی ڕێکخراوەیی و هەم لە ڕووی کاری کولتوورییەوە[4]، دەوڵەمەندترین ناوەندی کوردییە. بە لەبەرچاو نەگرتنی ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهان، دەکرێ بڵێین ئەم ناوەندە لەدایکبووی دوای مەشرووتەیە. ئەم ناوەندە کۆمەڵێك ڕێکخراو و کۆمەڵەی کوردی دروست کردووە کە بۆ خۆی بووەتە پێشەنگ و پێش قەرەوڵی ئەم بوارە. دەستەی یەکەمی ئەنتێلگێنسیای کورد، پیاوە ڕووناکبیرە کوردەکانی عوسمانی هەر دوای مەشرووتە بە ماوەیەکی کەم یەکەمین کۆمەڵەی کوردیان بە ناوی جەمعییەتی

---

[4] ڕەنگە لە ڕووی ڕۆژنامەنووسییەوە تا بەر لە دامەزراندنی حکوومەتی کوردستانی خواروو لە لایەن شێخ مەحموودەوە، ئەمە ڕاست بێ، بەڵام دواتر لە دەستپێکی ساڵەکانی بیستەکانەوە تا ڕۆژی ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێ، بزووتنەوەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە کوردستانی خوارووودا پێش هەموو بەشەکانی دیکە کەوتەوە.

تەعاون و تەرەقیی کورد) دروست کردووە، ئەم ڕێکخراوە بە شێوەیەکی ڕەسمی ڕۆژی ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٨ لە ئەستەمووڵ دامەزراوە و سەیید عەبدولقادر شەمزینانی سەرۆکی جەمعیەتەکە بووە. بەداخەوە تا ئێستە هیچ دەکۆمێنت و بەڵگەنامەیەکی ئەم کۆمەڵەیە لەئارادا نییە، جگە لە ژمارەکانی ئۆرگانی کۆمەڵە (کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی) و پێڕەوی ناوخۆی ئەم ڕێکخراوە، ئەم کۆمەڵەیە بە ڕەسمی کۆمەڵەیەکی غەیرە سیاسی و کولتووریی ئازاد بووە و نیسانی ١٩٠٩ قەدەغە کراوە. هەر لە دوای مەشروتە لە ئەستەمووڵ (جەمعییەتی نەشری مەعاریفی کورد) لە لایەن عەبدولڕەحمان بەدرخان و خەلیل خەیاڵی دامەزرا کە سەر بە جەمعیەتی تەعاون و تەرەقیی کورد بوو.

ئەم کۆمەڵەیە زیاتر کۆمەڵەیەکی خێرخواز بوو و توانی قوتابخانەیەکی کوردی بۆ فێرکردنی منداڵانی کوردی لە چەنبەرلی پایتەخت بکاتەوە و ناویان نا (قوتابخانەی دەستووری). ئەم قوتابخانەیە بە یارمەتی کوردە دەوڵەمەندەکانی ئەستەمووڵ بەڕێوە دەچوو[5] و هاوینی ١٩٠٩ داخرا. دوای ئەوەی لە تەممووزی ١٩١٢ ئیئتلافییەکان دەسەڵاتی سیاسییان گرتە دەست، هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ڕاکێشانی پاڵپشتیی کورد و لەگەڵ ئەم ڕەوشە نوێیەدا لە دواییەکەی تەممووزی ١٩١٢دا کۆمەڵەی هیڤیا کورد لە ئەستەمووڵ دامەزرا. ئەم کۆمەڵەیە ڕێکخراوێکی ئەدەبی قوتابیان بوو و زیاتر بایەخی بە زمان و ئەدەبیی کوردی دەدا. ئەم ڕێکخراوە لە لایەن عەبدولڕەحمان بەدرخان، فوئادی تەمۆ و ئەحمەد ڕامز زادە بەگ و ئەکرەم جەمیل پاشا لە ٢٧ی تەممووزی ١٩١٢دا دامەزراوە و چوار ژمارەی لە گۆواری "ڕۆژی کورد"[6] بڵاو کردۆتەوە و بە دەستپێکی یەکەم جەنگی جیهان ئیدی ون بوو.

---

[5] دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، *کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا*، چاپی دووەم، کتێبخانەی ئاوێر، هەولێر، ٢٠٠٤، لا: ١٤٤.

[6] بۆ زانیاریی زێدەتر و لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل و بۆ هەر چوار ژمارەی ڕۆژی کورد، بڕوانە: عەبدوڵڵا زەنگەنە، ڕۆژی کورد گۆڤاری جڤاتی " هێڤی"ی قوتابیانی کورد ١٩١٣– ئەستەمووڵ، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥.

یەکەم کۆمەڵەی سیاسیی کوردی له دوای جەنگ که لە دەرەوەی کوردستان دامەزراوه، بە گوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی کە تا ئێستە لەبەر دەستن (کۆمیتەی ئیستیقلالی کورد)[*]ە کە، وا پێدەچێ ڕاستەوخۆ دوای ئاگربەس لە قاهیرە دامەزرابێ، ڕەنگە زۆر زووتریش بووبێ. سکرتێری گشتیی کۆمەڵە، سورەیا بەدرخان بووه و بەگوێرەی یەکەم بەڵگەنامەی ناو ئەم کتێبە دەبێ ئەم کۆمەڵەیە بەر له ٧ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨ دامەزرابێ. بازیل نیکیتین لای وایە، سورەیا هەر ڕاستەوخۆ دوای ئاگربەس ئەم ڕێکخراوەی دروست کردووه[٧]، بۆیە شیمانەی بەهێز ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵەیە تشرینی دووەمی ١٩١٨ دامەزرابێ. شایانی گوتنە ئەم کۆمەڵەیە لە هەموو کۆمەڵەکانی دیکە چالاکتر بووە بەوەی وا یادداشتنامە و نامەی داوەتە هێزە هاوپەیمانەکان و کەسایەتییە سیاسییەکان، ئێمە لەم بەرگی یەکەمەدا کۆمەڵێك نامەی کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد–مان کردۆتە کوردی کە بەڵگەی ئەوپەڕی هۆشیاری و ڕووناکبیریی سورەیا بەدرخان–ن. بەڵام بە هەموو پێوانەیەك وا پێناچێ ئەم کۆمەڵەیە لە ڕووی ئەندام و بنکەی ڕێکخراوەیی‌یەوە هیچ خەڵکی بەدەورەوە بووبێ.

بەڵام لە ئەستەموولْ قۆناغی نوێ و ڕاستەقینەی ناوەند دوای ئاگربەسی مۆدرۆس دەست پێدەکات، کاتێك ئەم ناوەندە لە هەموان چالاکتر دەست بە کاری ڕێکخراوەیی و خەباتی جڤاتی دەکات. یەکەم کۆمەڵەی یەکگرتووی کوردی دوای (کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد)، (جەمعییەتی تەعالیی کوردستان) بوو کە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨[٨] لە ئەستەموولْ لە لایەن سەیید عەبدولقادر شەمزینانی،

---

[*] کرد استقلال قومیتەسی.

[7] Basil Nikitine, *Les Kurdes, étude sociologique et historique,* 1ème édition Klinchsieck, Paris, 1956, 2ème éditions D'aujourd'hui, Paris, 1975, p.196.

[8] گەرچی لە ماددەی ٣٣ ی پێڕەوی ناوخۆی جەمعییەتدا هاتووە کە وایە مێژووی ٦ی تشرینی تانی ٣٣٣ دامەزراوە، کە ئەم مێژووە بەرامبەر ٦ی تشرینی دووەمی ١٩١٧. بڕوانە: Ismaïl Goldaş, *Kürdistan Teâli Cemiyeti*, Doz yayinlari, Istanbul, 1991, p.256 بەڵام هیچ گومانی تێدا نییە کە ئەم مێژووە هەڵەیە و جێگەی پشت پێبەستن نییە.

ئەمین عالی بەدرخان و کامەران عالی بەگ و چەند تێکۆشەرێکی دیکەوە دامەزرا. سەرۆکی کۆمەڵە سەیید عەبدولقادر شەمزینانی و جێگری یەکەمی کۆمەڵە ئەمین عالی بەدرخان و جێگری دووەمی سەرۆك فەریق فوئاد پاشا بوو. نووسەری گشتی: فەریق حەمدی پاشا. ژمێریار: سەیید عەبدوڵڵا (کوڕی سەیید عەبدوالقادر). ئەندام: محەمەد عەلی بەدرخان (بۆتانی)، محەمەد ئەمین بەگی سلێمانیەلی، مامۆستا عەلی ئەفەندی، شەفیق ئارواسلی، شوکری بابان زادە، فوئاد بابان زادە، فەتحوڵڵا ئەفەندی و دکتۆر محەمەد شوکری سەگبان بوو[9]. ڕاستیەکەی ئەم ڕێکخراوە هەر لەسەرتا دوو ڕەوتی ناکۆکی لەخۆ گرتبوو: ڕەوتی سەربەخۆییخواز (نوماینده‌ی بنەماڵەی بەدرخانەکان) و ڕەوتی کۆنەپارێز (نوماینده‌ی بنەماڵەی شەمدینان) ی بوون.

ناوەڕاستی ساڵی ١٩١٩ مەمدووح سەلیم و نەجمەدین بەگ و حوسێن بەگ و چەند کەسێکی دیکە حزبێکی نوێیان بەناوی (پارتی دموکراتی کورد– کورد دموقراط فرقەسی)یەوە دامەزراند کە بەداخەوە هیچ زانیارییێکی وا بەداوێنمان لەبارەیەوە لەبەر دەستدا نییە، ئەو دوو نامەیە نەبێ کە لەم کتێبەدا کراون بە کوردی. هەروەها هۆوارد لە کتێبەکەی خۆیدا باسی ئەوە دەکات کە لێژنەی کینگ-کراین* دوا جار لە ١٣ی ئابی ١٩١٩ چاوی بە نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کورد کەوتووە کە داوای دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردییان کردووە لەو ناوچانەی کە "زۆرینەیان کوردە" و لە پەراوێزی کتێبەکەشدا ناوی ئەو دەستەیە بەدەستەوە دەدات کە چاویان بە لێژنەکە کەوتووە، لەوانە: نەجمەددین بەگ، حوسێن بەگ و عەزیز بەگی بابان[10]. بە هەرحاڵ ئەم ڕێکخراوە نابێ تەمەنی هێندە درێژ بووبێت و من پێم وایە بەهاری ساڵی ١٩٢٠، ڕێك بەر لە

---

[9] Ismaïl Goldaş, *Kürdistan Teâli Cemiyeti*, Doz yayinlari, Istanbul, 1991, pp.25-26., عبدالله بابکر حمه اغا، "*ڕۆژنامە و ڕێکخراوە کوردییەکانی تورکیا لە سەردەمی یەکەم جەنگی جیهانیدا*"، گۆواری (کاروان)، ژمارە، ٦٤، مایسی ١٩٨٨، لا: ٨٩.

* King-Crane

[10] Harry. N. Howard, *The King-Crane Commission* : an American inquiry in the Middle East, Khayat, Beirut,1963, p.172.

ئینشیقاقی ناو جەمعییەتی تەعالیی کوردستان و ڕەنگە زۆر زووتریش کۆتایی بە ژیانی هاتبێت.

جەمعییەتی تەعالیی کوردستان تا دوادواییەکەی نیسانی ١٩٢٠، وێڕای ئەوەی کە دەمێك دوو باڵی جیاوازی تێدا ڕوابوو، کەچی هەر بە یەکگرتوویی ڕیزەکانی ناوەندی ئەستەمووڵی پاراست. شایانی باس ئەوەیە کە بگوترێ لە ئەم کۆمەڵەیە بەڵگەنامەکاندا بەناوی (کلووبی کورد)، (کۆمیتەی کورد) و (کۆمەڵەی کورد)یش ناوی هاتووە. جەمعییەتی تەعالیی کوردستان گۆواری "ژین" دەردەکرد و کۆمەڵێك یانەی کوردیی لە شارەکانی کوردستانی باکووردا کردیەوە، هەروەها کۆمەڵەیەکی بۆ ژنانی کورد بە ناوی (کورد قادینلری تعالی جمعیتی) لە ئەستەمووڵ کردەوە، کە بایەخی بە ڕەوشی ژنانی کورد، هەتیو و قوربانیانی ڕاگوێزراو دەدا. یەکێك لە شانازیەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان ئەوە بوو کە بە یەك دەنگ شەریف پاشا-یان وەك نوێنەری کورد بۆ کۆنفرانسی ئاشتی دەستنیشان کرد.

دواتر لە ئەنجامی ناکۆکییەوە سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان لە نێوان دوو باڵەکەی ناو کۆمەڵەدا، نیسانی ١٩٢٠ کۆمەڵە بوو بە دوو کەرت و باڵی بەدرخانییەکان کۆمەڵەیەکی نوێی جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتیماعییەی کورد ناوی دامەزراند کە سەرەتای ئایاری ١٩٢٠ ستاتووی کۆمەڵەکەی پێشکەش بە وەزارەت کرد و ئەمین عالی بەدرخان وەك سەرۆکی کۆمەڵە و مەمدووح سەلیم بەگ وەك سکرتێری گشتیی کۆمەڵە دەستنیشان کران. هەرچی باڵی شێخ عەبدولقادری شەمزینانی بوو، هەر بە ناوی کۆمەڵەی کورد و کوردستان درێژەیان بە کاری ڕێکخراوەیی خۆیان دا و هەر زیاتر خۆیان بە درێژەدەری جەمعییەتی تەعالیی کوردستان دەزانی. ئەوەی جێگەی تێبینییە ئەوەیە لەگەڵ نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢دا بە دەگمەن تاك‌وتەرا بەڵگەنامەی کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکانمان بەرچاو دەکەوێت و دواتر لەگەڵ کۆتایی ساڵی ١٩٢٢دا بە تایبەت دوای ئەوەی هێزەکانی مستەفا کەمال ئەستەنبووڵی گرتەوە، ئیدی هەر بەڕاستی هەموو کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان هیچ چالاکییەکیان

نـامینیٚ، وەك ئـەوەی بەڕاسـتی هـەر هـەموویان بـەجۆرێك لـە جۆرەكـان كۆتـایی خۆیان ڕاگەیاندبیٚ.

یەكێك لە تایبەتمەندێتییەكانی ناوەندی ئەستەموولٚ ئەوە بوو كە لە ڕووی جوگرافییەوە لە كوردستان دوور بوو و هەر تەنها بایەخی بە كاری سیاسی دەدا و هـەموو جـۆە خـەباتێكی چەكداریی واز لـیٚ هێنـابوو و تـەواو پێیـان وابـوو كـە ئیدی دونیای دوای جەنگ، بەبیٚ كێشە ئازادی و سەربەخۆیی لەگەلٚ خۆیدا پێیـە بۆ كوردسـتان. ئـەم ناوەنـدە هەمیشە لـە پێوەندیدا بـوو لەگـەلٚ هاوپەیمانـەكان و بەتایبەتی پیاوە سیاسیەكانی ئینگلیزدا یـەكێك لـە هەڵـە زۆر زەقـەكانی ناوەندی ئەسـتەموولٚ ئـەوەبوو كـە هـەر لـە دەرەوەی كوردسـتان مابوونـەوە و هـیچ ئامـادەبوونێكی عەسـكەری و سیاسـییان لـە كوردسـتاندا نـەبوو. ئـەم ناوەنـدە لـە هاوكێشەیەكی زۆر سادە تیٚنەگەیشتبوو كە هێـزی دیپلۆماسی هەمیشە پابەنـدە بـە لـۆژیكی هێـز. نـەبوونی هێـزی جـەماوەری و بزووتنەوەیـەكی ڕێكخراوەیـی تۆكمـە لـە پێوەندییـە نێودەوڵەتییـەكاننا هیچ قورساییەك ناداتـە دەسـتی كەسـی وتوێژكار و هەمیشە لە پێوەندییەكاندا ئەوە پرنسیپی هێزە كە ڕێگـە بـۆ ئـەركی دیپلۆماسی خۆش دەكات، نـەك بە پێچەوانەوە. بە درەنگـەوە برێك لـە دەسـتەی پێشەنگی كوردایەتی لە باكوور لـەوە گەیشتن و كەوتنـە دروستكردنی كۆمەڵـەی سیاسی لە ناو كوردستان و یەكەم كۆمەڵەی سیاسی لە ئەرزەڕۆم ساڵی ١٩٢١ بـە نـاوی (جەمعییـەتی ئـازادیی كـورد)ەوە لـە ئـەرزەڕۆم لـە لایـەن ئـەمیرئالاٚ خالیـد جوبرانلییـەوە دامـەزرا و هـەر زوو لقـی لـەناو هـەموو شـار و شارۆچـكەكانی كوردسـتاندا كـردوە. سـەیید عەبـدولقادر شـەمزینانی وەكـوو بەرپرسـی لقـی ئەسـتەموولٚ دیـاری كـرا. ئـەم كۆمەڵەیـە دواتـر ڕۆڵێكـی گـەورەی بـینی لـە سەركردایەتی كردنی ڕاپەڕینی چەكداری ساڵی ١٩٢٥دا.

دوای شكستی ڕاپـەڕینی ١٩٢٥ و داخرانـی هـەموو دەرگایـەكانی وتوێـژ و خەباتی سیاسی، ئیدی ناوەندی ئەستەموولٚ تـەنها ئـەوەی لەبەر دەست مایەوە دەسـت بداتـە چـەك و ١٩٢٧/١٠/٣ لەگـەلٚ دامەزرانـدنی كۆمەڵـەی خۆیبـوون لـە بـەیرووت، دەكـریٚ بڵـێین سـەرەتایەكانی ناسـیۆنالیزمی كـورد چـەكەرەی كـرد و دواتـر لەگـەلٚ حیزبی هیـوا ١٩٣٩ و كۆمەڵـەی (ژ. ك) ١٩٤٥دا ئیدی دەكریٚ بڵێین

بەڕاستی ناسیۆنالیزمی کورد لەدایك بوو. بەڵام ڕاستییەك هەیە کە دەبێ پێی لەسەر دابگیرێ، ئەویش ئەوەیە کە هەر زوو هێشتا ناسیۆنالیزمی کورد تازە چاوی کردبۆوە، وەختایەك ڕەوشی نێودەوڵەتیی دوای جەنگی دووەمی جیهان و دواتریش پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی دونیای دووسەرەی ڕۆژئاوا-ڕۆژهەڵات و ئاکامەکانی جەنگی سارد، ڕەوتی ناسیۆنالیزمی کوردیان لە ڕووە کوردستانییەکەی خۆی داماڵی و ناسیۆنالیزمی کورد بوو بە چەند بزووتنەوەیەکی ناوچەیی پاشکۆ و وابەستە بە دەوڵەتانی ناوچەکەوە کە تا کۆتایی جەنگی سارد نەیتوانی خۆی لەم فەزا پاشکۆییە سیاسییە ڕزگار بکات.

بۆ کورتکردنەوی ئەم باسە دەڵێین:

١- بزووتنەوی کوردی بۆ خۆی زۆر بە درەنگەوە لەدایك بوو و هەمیشە وەك بزووتنەوەیەکی ناوچەیی و لۆکاڵ بەدیار کەوتووە و هیچ کاتێك نەیتوانیوە بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری بێت.

٢- ناوەندی ئەستەموول لەدوای ئاگر بەسەوە، هەموو قورسایی خۆی خستبووە سەر خەباتی سیاسی، نە خاوەنی هیچ پێگەیەکی جەماوەری-سیاسی بوو و نە یەك پێشمەرگەی چەکداریشی لە کوردستاندا هەبوو.

٣- ناوەندی ورمێ و ناوەندی سلێمانی، تەواو بە پێچەوانەی ناوەندی ئەستەمووڵەوە، ئەوەندەی بایەخیان بە چەك و خەباتی چەکداری دەدا، خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی یان بەلاوە گرینگ نەبوە.

٤- لە هیچ کام لە ناوەندەکانی کورددا هەم خەباتی چەکداری و هەم خەباتی ڕێکخراوەیی پێکەوە بایەخیان پێنەدراوە و هەمیشە یەکیان بە قوربانی ئەوی دیکە کراوە.

٥- ناسیۆنالیزمی کورد زۆر بەدرەنگەوە لەگەڵ دامەزراندنی خۆیبووندا چەکەرەی کرد و دواتر لەگەڵ حیزبی هیوا و ژ.ك دا بەتەواوی لەدایك بوو.

٦- جەنگی سارد و ململانێی نێوان بلۆکی ڕۆژئاوا-ڕۆژهەڵات نووزەی لە ناسیۆنالیزمی کورد بڕیبوو و بزووتنەوەی کوردی تەواو کردبوو بە پاشکۆی بزووتنەوەی نەتەوەکانی سەردەستە.

## پێڕستی
## بابەتی بەڵگەنامەکان

**بەڵگەنامەی ژمارە ١:**

**نامەی (کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد) لە قاهیرە بۆ نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە میسر، ٧ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا** [FO: 608/95] ........................................... ل:٣٧

**بەڵگەنامەی ژمارە ٢:**

**برووسکەی قوماندانی فەیلەقی پانزەهەم بۆ وەزارەتی جەنگی عوسمانی لەبارەی چالاکیەکانی یانەی کوردستانەوە، ٢ی کانوونی دووەمی ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگی فڕانسا** [ N 111520] ................................... ل:٥١

**بەڵگەنامەی ژمارە ٣:**

**بروسکەی قوماندانی فەیلەقی پانزهەم بۆ وەزارەتی جەنگی عوسمانی لە بارەی پێوەندیی یانەی کوردی لەگەڵ ئینگلیزدا، ٦ی کانوونی دووەمی ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگی فڕانسا** [20N 1115] .......................... ل:٥٢

**بەڵگەنامەی ژمارە ٤:**

**نامەی کۆڵۆنێل** Chardgny**، سەرکردەی سەربازیی مسیۆنی فڕانسا لە قەوقاز بۆ وەزیری جەنگ لەبارەی کامیل بەدرخانەوە، ٢٩ی نیسانی ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگی فڕانسا** [ 7N 1649]........................................................................................ ل: ٥٣

**بەڵگەنامەی ژمارە ٥:**

**دەقی نامەی کامیل بەدرخان بۆ** Chardgny **لە بارەی جەمعیەتی تەعالیی کوردستان و سەیید عەبدولقادری شەمزینانییەوە، ٢٨ی نیسانی ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگی فڕانسا** [N 16497] ................................... ل:٥٥

**بەڵگەنامەی ژمارە ٦:**

**هاوپێچی نامەی تۆم هۆهلەر بۆ ژ. تیللی لەبارەی مەسەلەی کورد و**

ئەنجوومەنی وەزیران، کۆنستانتینۆپل، ۲۱ی تەمموزی ۱۹۱۹، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا [WO: 32/5226] .................................... ل:٥٧

**بەڵگەنامەی ژمارە ۷:**

تێلێگرامی شیفرەیی لە قوماندانی فەیلەقی سێزدەهەمەوە بۆ وەزیری جەنگ لەبارەی پێکداهەڵپژانی کوردەکانی دەورووبەری وێرانشەهر و سیوەرەك و خارپووتەوە، ۲۱ی ئەیلوولی ۱۹۱۹، ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگی فڕانسا [20N1248] ....................................................................................... ل:٥٩

**بەڵگەنامەی ژمارە ۸:**

نامەی سەیید عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی کورد بۆ کۆمیسێری بەرزی بریتانیا، کۆنستانتینۆپل، ۲۷ی ئەیلوولی ۱۹۱۹، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا [FO:371/4193] .................................................... ل:٦٠

**بەڵگەنامەی ژمارە ۹:**

زانیاری ڕۆژانە لەبارەی کوردستانەوە، ۱۰ی تشرینی یەکەمی۱۹۱۹، ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگی فڕانسا [20N167] .......................................... ل:٦١٢

**بەڵگەنامەی ژمارە ۱۰:**

تێلێگرامی یانەی کوردی بۆ سەرۆکی کۆنفرەنسی ئاشتی لەبارەی دەستنیشانکردنی شەریف پاشاوە وەکوو نوێنەری کورد، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فڕانسا [ دۆسیەی کوردستان-قەوقاز ۱۱-۱۲] ........... ل:٦٢

**بەڵگەنامەی ژمارە ۱۱:**

چاپەمەنیی عوسمانی لەبارەی کۆمیتەی کوردەوە، ۲۰ی تشرینی یەکەمی ۱۹۱۹، ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگی فڕانسا [20N167] ............................ ل:٦٣

**بەڵگەنامەی ژمارە ۱۲:**

نامەی سکرتاریەتی گشتیی کۆنفرەنسی ئاشتی بۆ بەڕێوەبەری کاروباری سیاسی و بازرگانی، پاریس، ۲۳ی تشرینی یەکەمی ۱۹۱۹، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فڕانسا [دۆسیەی کوردستان-قەوقاز ۱۱-۱۲] ............ ل:٦٤

**بەڵگەنامەی ژمارە ۱۳:**

نامەی شەریف پاشا بۆ جۆرج کلیمۆنسۆ، سەرۆکی کۆنفڕانسی ئاشتی، پاریس، هاوپێچ لەگەڵ دوو نامەی سەیید عەبدولقادردا، ۲۲ی تشرینی یەکەمی ۱۹۱۹،

ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فڕانسا [دۆسیەی کوردستان-قەوقاز ١١- ١٢] ... ل:٦٥
بەڵگەنامەی ژمارە ١٤:
نامەی سەیید عەبدولقادر بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی باڵا لە پاریس، لەبارەی دابەشدانی کوردستان، کۆنستانتینۆپل، ٢ ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فڕانسا [دۆسیەی کوردستان-قەوقاز ١١-١٢] ل:٦٧
بەڵگەنامەی ژمارە ١٥:
نامەی سەیید عەبدولقادر بۆ بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی باڵا لە پاریس، لەبارەی سیاسەتی حکوومەتی تورکیاوە بەرامبەر بە کورد، کۆنستانتینۆپل، ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فڕانسا [دۆسیەی کوردستان-قەوقاز ١١-١٢] ......................................................... ل:٦٨
بەڵگەنامەی ژمارە ١٦:
نامەی پارتی دیموکراتی کورد بۆ کۆمێسێری خاوەند شکۆی بریتانی، ئەستانبووڵ، ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگی فڕانسا [20N 166] ......................................................................... ل:٧٠١
بەڵگەنامەی ژمارە ١٧:
نامەی پارتی دیموکراتی کورد بۆ کۆمێسێری خاوەند شکۆی بریتانی، ئەستانبووڵ، ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگی فڕانسا [20N 166] .................. ل:٧٤
بەڵگەنامەی ژمارە:١٨
تێلێگرامی شیفرەیی لە قوماندانی فەیلەقی سوپای پانزەهەمەوە بۆ وەزیری جەنگ لەبارەی یانەی کوردیی دیاربەکر-ەوە، ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگی فڕانسا [N124820] .................................... ل:٧٧
بەڵگەنامەی ژمارە ١٩:
نامەی حاکم فایەق عەلی بۆ وەزیری ناوخۆی عوسمانی لەبارەی پێکداهەڵپژانی کوردەکانەوە، ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگی فڕانسا [20N 1115] ................................................. ل:٧٨
بەڵگەنامەی ژمارە٢٠:
چاپەمەنی عوسمانی لەبارەی پارتی کوردەوە، هەڵبژاردەی چاپەمەنیی ژمارە ١٨٥ی ١ی تشرینی دووەمی ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگی فڕانسا

[20N197] ........................................................................................ ل:٧٩
**بەڵگەنامەی ژمارە ٢١:**
نامەی کۆمیسێری بەرزی کۆماری فەڕنسا لە ڕۆژهەڵات بۆ بەڕێز جەنابی پیشۆن، وەزیری کاروباری هەندەران لە پاریس لەبارەی نارەزایی کۆمەڵەی کوردەوە، کۆنستانتینۆپل، ٢٩ی کانوونی یەکەمی ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فەڕنسا [دۆسیەی کوردستان- قەوقاز ١١-١٢] ........................ ل:٨٠
**بەڵگەنامەی ژمارە ٢٢:**
نامەی کۆمەڵەی کورد بۆ کۆمیسێری بەرزی فەڕنسا لە کۆنستانتینۆپل دژی تێلێگرامی هاوسۆزیی سەرۆکهۆزە کوردەکان لەگەڵ تورکیادا، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ١٩١٩، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فەڕنسا [دۆسیەی کوردستان- قەوقاز ١١-١٢] ........................................................................ ل:٨١
**بەڵگەنامەی ژمارە ٢٣:**
یاداشتنامەی کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد بۆ جۆرج کلیمۆنسۆ، سەرۆکی کۆنفرەنسی ئاشتی لە پاریس بەناوی (داخوازینامەی ئەرمەنییەکان و ئەو بەڵگەنامانەی کە لەسەریان هەڵنراون)، (بە مەزەندە نیوی دووەمی ١٩١٩)، ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگی فەڕنسا [6N74] ......................................... ل:٨٢
**بەڵگەنامەی ژمارە ٢٤:**
نامەی کۆمیسێریای بەرزی کۆماری فەڕنسا لە ڕۆژهەڵات بۆ جەنابی بەڕێز میللێراند، لەبارەی نارەزایی کۆمەڵەی کوردەوە، کۆنستانتینۆپل، ٣١ی کانوونی دووەمی، ١٩٢٠، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فەڕنسا [دۆسیەی کوردستان-قەوقاز ١١-١٢] .......................................................... ل:١٠٨
**بەڵگەنامەی ژمارە ٢٥:**
نامەی سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی کورد بۆ کۆمیسێری بەرزی حکوومەتی بریتانی لەبارەی نارەزایی دژ بە دابەشکردنی کوردستانەوە، کۆنستانتینۆپل، ٢٨ی کانوونی دووەمی ١٩٢٠، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فەڕنسا [دۆسیەی کوردستان-قەوقاز ١١-١٢] ......................... ل:١٠٩
**بەڵگەنامەی ژمارە ٢٦:**
هەڵبژاردەی چاپەمەنیی عوسمانی لەبارەی (کوردەکان)ەوە، ٢٤ شوباتی

**١٩٢٠، ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگی فڕانسا** [20N 168] ........................ ل:١١٠
**بەڵگەنامەی ژمارە ٢٧:**
**نامەی سەرکردایەتیی فەیلەقی سێزدەهەم بۆ وەزیری جەنگ لەبارەی کۆبوونەوەی چالاکی یانەی کوردییەوە لە ماردین، ٨ ی ئاداری ١٩٢٠، ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگی فڕانسا** [20N 1115] ................................ ل:١١١
**بەڵگەنامەی ژمارە ٢٨:**
**نامەی کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای کۆنفرەنسی ئاشتی، قاهیرە، ١٤ی ئاداری ١٩٢٠، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا** [FO:371/ 5068 ] ........................................................................ ل: ١١٢
**بەڵگەنامەی ژمارە ٢٩:**
**هەڵبژاردەی چاپەمەنیی عوسمانی، ٢٩ی ئاداری ١٩٢٠، بە درۆخستنەوەیێك لە لایەن سەیید عەبدولقادری شەمزینانییەوە سەبارەت بە وازهێنانی لە سەرۆکایەتیی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگی فڕانسا** [20N168] ......................................................................... ل:١٢٠
**بەڵگەنامەی ژمارە ٣٠:**
**نامەی جێگری سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی کورد، ئەمین عالی بەدرخان بۆ کۆمیسێری بەرزی بریتانیای فەخیمە لەبارەی لابردنی شەریف پاشا لە پۆستی سەرۆکایەتیی وەفدی کوردیی لە پاریس، کۆنستانتینۆپل، ١٤ی نیسانی ١٩٢٠، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فڕانسا [دۆسیەی کوردستان-قەوقاز ١١-١٢]** ......................................................... ل:١٢١
**بەڵگەنامەی ژمارە ٣١:**
**نامەی جێگری سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی کورد، ئەمین عالی بەدرخان بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای کۆنفرەنسی ئاشتی لەبارەی سەربەخۆیی و سنوورەکانی کوردستانەوە، کۆنستانتینۆپل ١٨ی ئاداری ١٩٢٠، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا** [ FO: 371/5068] ............ ل:١٢٢
**بەڵگەنامەی ژمارە ٣٢:**
**نامەی سکرتێری گشتی کۆمەڵەی ئیجتیماعیی کورد بە ئیمزای مەمدووح سەلیم بەگ بۆ کۆمیسێری بەرزی بریتانیای فەخیمە لەبارەی دامەزراندنی**

کۆمەڵەی ئیجتیماعی کورد و لیستی ئەندامە سەرەکیەکانیەوە، کۆنستانتینۆپل، ٦ی ئایاری ١٩٢٠، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا [FO: 371/5069] ............................................................................ ل:١٣٢

**بەڵگەنامەی ژمارە ٣٣:**
نامەی سکرتاریەتی گشتیی کۆنفرەنسی ئاشتی بۆ کامیێرێر، پاریس، ١٧ ی ئایاری ١٩٢٠، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا [دۆسیەی کوردستان-قەوقاز ١١-١٢] ............................................................................ ل:١٣٤

**بەڵگەنامەی ژمارە ٣٤:**
تێلێگرامی سەرۆکی کۆمیتەی کورد، عەبدولقادر بۆ کۆنفرەنسی ئاشتی، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا [FO: 371/5068] ......................... ل:١٣٥

**بەڵگەنامەی ژمارە ٣٥:**
نامەی کوڕانی بەدرخان بۆ میللێراند، سەرۆك وەزیرانی حکوومەتی کۆماری فرەنسا لەبارەی داواکردنەوەی موڵکە زەوتکراوەکانیانەوە، قاهیرە، ٢٣ی ئایاری ١٩٢٠، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا [دۆسیەی کوردستان-قەوقاز ١١-١٢] ............................................................................ ل:١٣٦

**بەڵگەنامەی ژمارە ٣٦:**
نامەی کوڕانی بەدرخان بۆ لیۆد جۆرج، سەرۆك وەزیرانی حکوومەتی خاوەند شکۆی بریتانی لەبارەی داواکردنەوەی موڵکە زەوتکراوەکانیانەوە، قاهیرە، ٢٣ ئایاری ١٩٢٠، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا[FO: 371/5069] . ل:١٤٠

**بەڵگەنامەی ژمارە ٣٧:**
هەڵبژاردەی چاپەمەنیی عوسمانی لە بارەی دامەزراندنی کۆمەڵەی ئیجتیماعیی کوردەوە، ١٣ی ئایاری ١٩٢٠، ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگی فرەنسا [20N168] ............................................................................ ل:١٤٣

**بەڵگەنامەی ژمارە ٣٨:**
نامەی سکرتێری گشتی کۆمەڵەی ئیجتیماعیی کورد بە ئیمزای مەمدووح سەلیم بۆ کۆمیسێریای باڵای بریتانیای فەخیمە، کۆنستانتینۆپل، ١٧ی حوزەیرانی ١٩٢٠، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا [FO: 371/5069] ل:١٤٤

**بەڵگەنامەی ژمارە ٣٩:**

**نامەی سکرتێری گشتی کۆمەڵەی ئیجتیماعیی کورد بە ئیمزای مەمدووح سەلیم و ئەمین عالی بەدرخان، سەرۆکی کۆمەڵەی ئیجتیماعییەی کورد بۆ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کۆنستانتینۆپل، ١٧ی حوزەیرانی ١٩٢٠، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا [FO. 371/5069]** ل:١٤٦

**بەڵگەنامەی ژمارە ٤٠:**

**نامەی ڕۆلان، مولازیمی کەشتیەوانی فڕانسی، لەبارەی پرسی کورد و پەیماننامەی ئاشتیی تورکەوە، کۆنستانتینۆپل، ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٢٠، ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگی فڕانسا [ 20N168] ....................................** ل:١٤٩

**بەڵگەنامەی ژمارە ٤١:**

**نامەی دوفڕانس، کۆمیسێری بەرزی کۆماری فڕانسا لە ڕۆژهەڵات بۆ میللێراند، سەرۆکی ئەنجومەن، وەزیری کاروباری هەندەران، لەبارەی میر ئەمین عالی بەدرخان" دوایەمین میری دەوڵەتی جزیرە"وە کۆنستانتینۆپل، ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٢٠، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فڕانسا [دۆسیەی کوردستان-قەوقاز ١١-١٢] ..........................................................** ل:١٥٣

**بەڵگەنامەی ژمارە ٤٢:**

**نامەی ئەمین عالی بەدرخان بۆ کۆمیسێری بەرزی کۆماری فڕانسا، کۆنستانتینۆپل، ١٦ ی حوزەیرانی ١٩٢٠، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فڕانسا [دۆسیەی کوردستان-قەوقاز ١١-١٢] ....................................** ل:١٥٤

**بەڵگەنامەی ژمارە ٤٣:**

**نامەی دوفڕانس، کۆمیسیری بەرزی کۆماری فڕانسا لە ڕۆژهەڵات بۆ میللێراند، سەرۆکی ئەنجومەن، وەزیری کاروباری هەندەران، لەبارەی سەربەخۆیی کوردستان، کۆنستانتینۆپل، ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٢٠، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فڕانسا [دۆسیەی کوردستان-قەوقاز ١١-١٢ ] ...........** ل:١٥٧

**بەڵگەنامەی ژمارە ٤٤:**

**نامەی سەرۆکی کۆمەڵەی کورد و کوردستان بە ئیمزای سەیید عەبدولقادر بۆ کۆمیسێری بەرزی کۆماری فڕانسا لەبارەی سوپاسگوزاری هاوپەیمانەکان و دیاریکردنی سنوورەکانی کوردستانەوە، کۆنستانتینۆپل، ٢٥ی حوزەیرانی**

١٩٢٠، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فڕانسا [دۆسیەی کوردستان-قەوقاز ١١-١٢] .................................................................................... ل:١٥٨
**بەڵگەنامەی ژمارە ٤٥:**
**نامەی ئەمین عالی بەدرخان، سەرۆکی کۆمەڵەی ئیجتیماعی کورد بۆ لیۆد جۆرج، سەرۆك وەزیرانی خاوەن شکۆی بریتانیا لەبارەی ناسینی سنوورەکانی کوردستانەوە، قاهیرە، ٢٨-١٢-١٩٢١، ئەرشـــیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا** [FO: 371/7780] .................................................... ل: ١٦٠
**بەڵگەنامەی ژمارە ٤٦:**
**نامەی سیناتۆر سەیید عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی کوردەکانی کۆنستانتینۆپل بۆ کۆمیسێری بەرزی بریتانیای فەخیمە لەبارەی داخوازینامەکانی کوردەوە، کۆنستانتینۆپل، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٢١، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا** [ FO: 371/5068] ......................... ل:١٦٤
**بەڵگەنامەی ژمارە ٤٧:**
**هاوپێچی نامەی جێنشینی کۆمیسێری باڵا لە بەغدا بۆ سکرتێری کۆلۆنیال لەبارەی کۆمەڵەی کوردەوە، بەغدا،٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٤، ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا** [CO 730/63] ........................................... ل:١٦٦
**بەڵگەنامەی ژمارە ٤٨:**
**زانیارییە شۆفارییەکانی سەرکردایەتیی گشتیی سوپای فڕەنسی-بیرۆی دووەم لەبارەی ئینشیقاقی ناو کۆمیتەی خۆیبوونەوە، ٢ی نیسانی ١٩٣١ ، ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگی فڕانسا** [7N 4172] ..................................... ل:١٧٠
**بەڵگەنامەی ژمارە ٤٩:**
**زانیارییە شۆفارییەکانی سەرکردایەتیی گشتیی سوپای فڕەنسی-بیرۆی دووەم لەبارەی هاوپەیمانییێتی ئەرمەن و کوردەوە، ١٣ی نیسانی١٩٣١، ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگی فڕانسا** [ 7N 4172] ..................................... ل:١٧١
**بەڵگەنامەی ژمارە ٥٠:**
**زانیارییە شۆفارییەکانی سەرکردایەتیی گشتیی سوپای فڕەنسی-بیرۆی دووەم لەبارەی بزووتنەوەی کوردەوە، ٤ی ئایاری ١٩٣١، ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگی فڕانسا** [ 7N 4172] ................................................. ل:١٧٢

**بەڵگەنامەی ژمارە ٥١:**
**زانیارییە شۆفارییەکانی سەرکردایەتیی گشتیی سوپای فڕەنسی-بیرۆی دووەم لەبارەی کۆمیتەی "تاشناق" و کورد، ٢٢ی ئابی ١٩٣١، ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگی فڕانسا** [7N 4172] .................................................. ل:١٧٣
**بەڵگەنامەی ژمارە ٥٢:**
**زانیارییە شۆفارییەکانی سەرکردایەتیی گشتیی سوپای فڕەنسی-بیرۆی دووەم لەبارەی کۆمەڵەی کوردیی "ڕزگاری"یەوە، ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٣٢، ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگی فڕانسا** [ 7N 4172] .................................... ل:١٧٥
**بەڵگەنامەی ژمارە ٥٣:**
**زانیارییە شۆفارییەکانی سەرکردایەتیی گشتیی سوپای فڕەنسی-بیرۆی دووەم لەبارەی کۆمیتەی خۆیبوون، ٢٥ی تەمموزی ١٩٣٢، ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگی فڕانسا** [ 7N 4172] .................................................. ل:١٧٦
**بەڵگەنامەی ژمارە ٥٤:**
**زانیارییە شۆفارییەکانی سەرکردایەتیی گشتیی سوپای فڕەنسی- بیرۆی دووەم لەبارەی چالاکیی کۆمیتەی "خۆیبوون"ـەوە، ٨ی ئابی ١٩٣٢، ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگی فڕانسا** [7N 4172] .................................... ل:١٧٧
**بەڵگەنامەی ژمارە ٥٥:**
**زانیارییە شۆفارییەکانی سەرکردایەتیی گشتیی سوپای فڕەنسی-بیرۆی دووەم لەبارەی کۆمیتەی خۆیبوونەوە، ١٥ی ئەیلوولی١٩٣٢، ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگی فڕانسا** [7N 4172] .................................................. ل:١٧٨
**بەڵگەنامەی ژمارە ٥٦:**
**زانیارییە شۆفارییەکانی سەرکردایەتیی گشتیی سوپای فڕەنسی-بیرۆی دووەم لەبارەی کۆبوونەوەی سەرۆکە کوردەکانەوە لە حەڵەب، ٢٠ی ئووتی ١٩٣٣، ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگی فڕانسا** [N 41727] ........................... ل:١٧٩

**پاشکۆیەکان**


**یەکەم پاشکۆ: کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکان ۱۹۰۸-۱۹۳۰ ................ ل: ۱۸۳**

**دووەم پاشکۆ: دوانزەهەمین خاڵی پرنسیپەکانی ویلسن ..................... ل:۱۸۵**

**سێیەم پاشکۆ: لیستی فرەنسیی ناوی لق و ئەندامەکانی کۆمەڵەی خۆیبوون ل:۱۸٦**


**کورتکراوەکان**

-FO: Foreign Office

-WO: War Office

-CO: Colonial Office

## یەکەم بەش

# دەقی وەرگێڕاوی

# کوردیی بەڵگەنامەکان

**بەڵگەنامەی ژمارە*: ١**
**قاهیرە، ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨**
**ژمارە: ٣٢٩**
**(٨١٦٦/٣)**

**بۆ فەخامەتی پایەبەرز جەنابی ئارتەر جەیمز بەلفۆر****

**گەورەم،**

**شەرەفی ئەوەم هەیە بۆ ئاگاداریی بەڕێزتان، هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیەدا، کۆپی بڵاوکراوەیەکتان بۆ بنێرم کە لەلایەن "کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد"ەوە لە میسر بەدەستم گەیشتووە، ئاڕاستەی نوێنەرانی بێگانە لەم وڵاتە کراوە و ناڕەزایی تێدا دژ بە بانگەشەی ئەرمەنییەکان بۆ سەر کوردستان دەردەبڕێ و داوای سەربەخۆیی کورد دەکات لە کوردستان کە سنوورەکانی لە حەوتەمین پەرەگرافی ئەم بڵاوکراوەیەدا دیاری کراون.**

**من گەیشتنی ئەم دەکۆمێنتە ڕادەگەیەنم.**

**گەورەم،**

**شەرەفی ئەوەم هەیە، لەگەڵ ڕێزلێنانی بەرزم،**
**خزمەتگوزاری ئیرادەتمەند و خزمەتکاری زۆر بچووکتان بم.**



* هەموو ئەم ژمارانەی ئێرە کە دەکەونە سەرووی بەڵگەنامەکانەوە، ئێمە دامانناون و هیچ پێوەندییەکیان بە بەڵگەنامە ئۆریژیناڵەکانەوە نییە، وەرگێر.
** Arthur James Balfour

(کۆپی)

قاهیره، ٧ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨

بۆ جەنابی بەڕێز سیر ڕێگینالد وینگات،

کۆمیسێری بەرزی خاوەند شکۆی بریتانی لە میسر.

جەنابی بەڕێز،

بیست‌وپێنج ساڵ دەبێ ئەورووپا بە خۆداپەرموونەوە گوێ لە سەربردەی خەمناکی قەتڵوعامی ئەرمەنییەکان بەدەستی تورک و کورد و خەباتیان بۆ سەربەخۆیی و ئازادیی ئەرمێنیا دەگرێ. لەم ماوەیەدا هیچ دەنگێک بەرز نەبۆوە بۆ گفتووگۆکردن لەسەر ڕاستی و دروستی ئەم بانگەشەیە.

حکوومەتی تورک کە لە هەموان زیاتر ئیهانە کراوە و ئەم پڕوپاگەندەیە دژی ئەو ئاڕاستە کراوە، لە جیاتی ئەوەی بە تووڕەییەوە بەرپەرچی ئەوە بداتەوە، کەچی متەقی لە خۆی بڕیوە. هەڵبەت دۆستانی ئەرمەنی، بە تایبەتیی کوردەکان بەوە تاوانبار دەکەن کەوا ئەکتەری سەرەکی ئاشووبەکە بوون. ئەم نەتەوەیە [نەتەوەی کورد، وەرگێڕ] نەناسراوە و لە ئەورووپا هەر وەکوو وەحشی دڕندە و وەکوو خۆی قەبووڵ کراوە، بەبێ ئەوەی کەسێك هەبێ ئەزیەتی ئەوە بکێشێ زانیاریی لەسەر وەربگرێ.

لێرەدا ئێمە دەپرسین باشە ئەی بۆچی کوردەکان خۆیان هەوڵیان نەداوە خۆیان پاکانە بۆ خۆیان بکەن. لەم بارەیەوە ئێمە ئەوها وەڵام دەدەینەوە: یەکەم: چونکە کوردەکان بە تەواوی ئاگاداری ئەوە نین کەوا بەم ڕەشەکوژییە تاوانبار کراون و دووەمیشیان چونکە زۆر سەرقاڵی ناشتنی مردووەکانیان و دووبارە دروستکردنەوەی ئاواییەکانیانن، بێ ئەوەی کاتی ئەوەیان ببێ داوا بکەن داخۆ بەرپرسیارەتی ئەم کردەوانە دەکەونە ئەستۆی کێ.

ئەم بێدەنگییە درێژخایان و مایەی تێنەگەیشتنە، بوارەکەی بە ئازادی بۆ ئەرمەنییەکان و دۆستەکانیان و ئەوانە هێشتۆتەوە کە ئەمڕۆ ئاوها بەباشی

بەکاری بهێنن، وەختایەك جیهان لە پەشێویی جەنگێکی درێژخایەن و وێرانکاردا لە ئەورووپا دەلەرزی، ئەمەی دوایی وا بەدیار دەکەوێ نیازی هەڵگیرسانی ئاگرێکی نوێی هەبێ لە ئاسیا کە جەنگێکی دووەمی ئاوها هێندە درێژ و خوێناوی لێ بکەوێتەوە.

ئێمەی کورد ئەمڕۆ خۆمان لە بەرامبەر ئاڵتەرناتیڤێکی تۆقێنەردا دەبینینەوە و بۆ ڕزگاربوون دەتوانین تەنها پشت بە خۆمان ببەستین و هەروەها دواجار لە مەترسی بێدەنگییەکی زۆر دووردرێژ تێدەگەین، بۆیە ئێمە بڕیارمان دا لەبەردەم دادگای ئەورووپادا لەجیاتی ئەوەی چاوەڕێ بین حکوومەتی تورك بەگوێرەی خوو و خدەی خۆمان داکۆکیمان لێ بکات، خۆمان داکۆکی لە پرسی خۆمان بکەین. حکوومەتی تورك لە ڕابووردوودا هێندە ئەرکەکانی خۆی کەم بەجێ هێناوە کە بە ژیریی نازانین لە تەنگژەیەکی مەترسیداری وەك ئەمەدا بڕوای پێبکەین و دوارۆژی پێنج ملیۆن کوردی بخەینە بەردەست.

ئێمە بۆ خۆمان لەم بانگەوازەدا بۆ بەردەم دادپەروەریی جیهانی پێشنیاری ئەوە دەکەین کەوا پرسی ئەرمەن بکرێتە دوو بەش؛ لە بەشی یەکەمدا ئێمە باسی شانشینی ئەرمەن و لە بەشی دووەمیشدا هی ڕووداوەکانی ئەم بیست و پێنج ساڵەی دوایی دەکەین، بەڵام پێش هەموو شتێك بۆ ئەوەی تەواو بە ڕوونی لە داواکاریەکانمان بگەن، حەز دەکەین ئەوە لێك بدەینەوە بۆ ئێمە کوردستان کوێیە.

بۆ ئێمە سنوورەکانی کوردستان، بە مانای وردی وشەکە، لە باکوور لە (زیوین)ی سەر سنووری قەوقازەوە و لە ڕۆژئاوا بە ئەرزەڕۆم، ئەرزەنجان، کامیە، عەرەبگیر، بێهەسنی، دیوەرەك؛ لە باشوورەوە حەڕان، بەرزاییەکانی شەنگار، تەل عەفەر، ئەربیل، کەرکووك، سلێمانی، هەورامان، سنە؛ لە ڕۆژهەڵات ڕەواندوز، باش قەڵا، باژێر قەڵا، واتە سنووری ئێران تا چیای ئارارات دەست پێدەکات.

ئەم هەرێمانە لە ماوەی دەورانی هەرە تاریکی مێژووەوە بە ناوی جیاجیا و ١٣٠٠ ساڵیش دەبێ بەناوی کوردەکانەوە کوردیان تێدا ژیاوە. کوردەکان دابەشی سەر ٤٦ میرنشین بوون، کە تەواو سەربەخۆ بوون تا ئەو ساتەی بە ئارەزووی خۆیان ملکەچبوونیان بۆ سولتان سەلیمی یەکەم ڕاگەیاند و لە

دیاربەکر، دینەوەر، چاری سول، لەر، ئەردەلان، هەکاری، ئامێدی، گۆرکێل، فینك، حەسەن کێف، چەمشگەزەك، میرداسی ئەگیل، ساسۆن، هێزان، کلیس، شێروان*، جزیرە، گردکان، ئیتاخ، تەرگول، سوێدی، سلێمانی، شاران، تەرگەوەر، قەلا داود، پلنگان، بتلیس، شیروان**، غارزان، بوهتان، ... دەژیان.

ئێستە هەولْ دەدەین شوێنی شانشینی کۆنی ئەرمەنیش دیاری بکەین و لە لێکۆڵینەوەکاندا لەبارەی ئەم باسەوە تەنها ئەوە دووبارە دەکەینەوە کە نووسەرە ئەوروپاییەکان گوتوویانە و بەو نەخشەیە دەست پێدەکەین کە ئیسترابۆن ٦٠ سالْ پێش زاین کێشاویە. لەم نەخشەیەدا دەبینین کەوا سنوورەکانی ئەرمینیا بریتین لە لایەك ڕەگەزی ئالانەکان یا ئەلبانی و سێ لاکەی دیکە بریتین لە زەریای خەزەر، زنجیرە چیای تۆرۆس و ئیبێرسەکان یاخود جۆرجییەکان.

مۆمسێن* لە مێژووە ڕۆمانییەکەی خۆیدا ئەرمێنیا و وڵاتی کوردان لە نێو سەرچاوەکانی ڕووباری فورات و دەجلەدا دادەنێ و دەڵێ جۆرجییەکان جیایان دەکاتەوە.

ئەنسیکلۆپیدیای نیوتالسی** ئینگلیزی لە لێکدانەوەکانیدا زۆر ئاشکراترە و وا دەقاودەق ئەم چەند وشانە ڕادەگوێزینەوە: ((ئەرمێنیا وڵاتێکە لە ڕۆژئاوای ئاسیا، لە ڕۆژئاوای زەریای قەزوین، لە باکووری چیایەکانی کوردستان، کە تازە سەربەخۆ بووە؛ ئێستە لە نێوان تورکیا و ڕووسیا و ئێراندا دابەش کراوە و بانێك دەگرێتەوە کە شیوە بەپیت و فەڕەکانی دووکەرتی دەکات کە لەسەر چیای ئارارات دەگاتە ئەوپەڕەکەی)).

ئەمە وا پێدەچێ بە ئاشکرا هەڵکەوتەی شانشینی ئەرمەنی دەستنیشان بکات و ئەوە بسەلمێنێ کە دەبێ داخوازینامەکانیان بە دڵنیاییەوە بەرەو ناو هەرێمە ئاشکرایەکانی خۆیان بێ نەك زەویوزاری کوردەکان. کەچی ئەرمەنییەکان باسی ئەرمەنستانێکی لەوە گەورەتر دەکەن کە لە سەردەمی

* Chérouan
** Chirouan
* Momsen
** Nuttals

تیگران، ٥٠ ساڵ پێش زایین هەبووە، بەڵام ئەوان ئەوەیان لەبیر چووە ئەوە زێدە بکەن کە ئەو زەوی‌وزارانە لە بنەڕەتدا سەر بە ئیمپراتۆریای ڕۆمانی بوون و هەمووی لە لایەن پۆمپی** یەوە هەر لە دەورانی تیگران خۆیدا دووبارە داگیر کراونەتەوە و لە ئەنجامدا ئەمە نابێ هەقی بەردەوامیان پێ ببەخشێ.

ئەرمەنییەکان و داکۆکیکارەکانیان هەوڵ‌دەدەن عەدالەتی داخوازییەکانیان بسەلمێنن لەبەر ئەوەی کە چەند هەزار ئەرمەنییێك لە کوردستاندا دەژین. لە وەڵامی ئەمەدا ئێمە هێشتا تەنها ئەوە دەنووسینەوە کە نیوتالس Nuttals نووسیویە کە *((دەورانی گەلێك کۆنەوە، ئەرمەنەکان هەمیشە پەڕیوەی وڵاتانی هاوسێیان بوون و لەوێدا وەك جوولەکەکان هەر تەنها خەریکی کاروباری بازرگانی بوون و زۆربەشیان صەرافن))*.

چ ئەوەی کە ئەرمەنەکان بە هەزارانیان ئاوارەی کوردستان بوون و لەوێدا مەیلی بازرگانی بوارێکی بەرفراوانی لەبەردەم ئاواڵا بوو و لە ئەنجامی ئەمەدا ئەو کوردە داماوە چەوساوە و کەوڵکراوانە بە دەست ئەوانەوە نیازی ئەوەیان نەبووە بەرپەچیشیان بدەنەوە. هەڵبەت ئەو خاڵەی وا ئێمە دەمانەوێ لێرەدا ئیشارەی پێ‌بدەین ئەوەیە کە سۆنگەی هەر ئەم مەیلە خۆی ئەوە بووە کەوا زۆر کەم لەو ئەرمەنیانەی وا پەڕیوە بووبوون، خۆیان بە کشتوکاڵکارییەوە خەریك کردووە و بەشی زۆریان لەناو شارەکاندا ژیاون. بە هەمان شێوە جووتیارە ئەرمەنەکان، چ لە کوردستان و چ لە تورکیا، هەر کەمینە بوون.

لەم بارەیەوە هاوڕێیانی ئەرمەن ئاوا وەڵام دەدەنەوە کە، ئەگەر ژمارەی ئاواییە ئەرمەنییەکان زۆر کەم بووە، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە ئاواییەکانیان سووتێنراون و زەوی‌وزارەکانیشیان لە لایەن کوردەکانەوە دەستیان بەسەردا گیراوە. ئەورووپا هێندە لەمێژە گوێی لەم زەنگە بووە کە ئێمە جورئەتی ئەوە دەکەین هیوا بخوازین ئەم وەڵامەی ئێمە بەلای کەمییەوە دڵگیرییێکی نوێخوازانەی تێدابێ. کەوایە ئێمە لەوەوە دەست پێ‌دەکەین کە دووپاتی بکەینەوە ئەرمەنییەکان بە بەراورد لەگەڵ عەرەب و کورددا، هەمیشە کەمترین زەوی‌وزاریان لە کوردستان هەبوە.

---

Pompée **

دوای پەیماننامەی بەرلین[11] کۆمسیۆنێك کە پێك هاتبوو لە خوالێخۆشبوو ژێنێرال بەکر پاشا، سەعید پاشا، سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەتی عوسمانی و میناس ئەفەندی، یەکێك لە بەگزادەکانی ئەرمەن، نێردرانە کوردستان بۆ سەرژمێری دانیشتوان. ئێمە تەنها ئەنجامی سەرژمێریی دیاربەکر بە نموونە دەهێنینەوە: دانیشتوانەکەی ٨٤٠٠٠٠ کەسە: موسڵمان ٦٠٠٠٠٠، مەسیحی و جوولەکە ٢٤٠٠٠٠ کەس و هەروا ئەوە زیاد دەکات کە ئەرمەنییەکان لە ناو ئەمانە ٥٪ی دانیشتوان پێك دەهێنن. بەڵگەیەکی دیکە کە شازادە لوبانۆڤی وەزیری کاروباری هەندەرانی ڕووسیا هەر بەم ئاڕاستەیە ساڵی ١٨٩٥ بە دەستیەوە دەدات، ئەوەیە کە بە هیچ شێوەیەکیش ناکرێ وەزیری ناوبراو بە تاوانی کوردخوایی* تاوانبار بکرێ.

لە لاپەڕە ١٦ی کتێبی شین** کە حکوومەتی بریتانی ساڵی ١٨٩٦ لە بارەی پرسی ئەرمەنەکان بڵاوی کردۆتەوە، برووسکەیەکی باڵوێزی ئینگلیز لە پێترۆگراد دەبینین کە بۆ وەزارەتی هەندەرانی ناردووە، بەم شێوەیە تێگەیشتنی خۆی دیاری دەکات: ((شازادە لوبانۆڤ-م بینی بە بێ حەوسەڵەییەوە چاوەڕوانی پێشنیارەکانی باڵوێزەکان دەکات. بەگوێرەی شازادە، ئەرمەنەکان تەنها لە بتلیس، ئەنگۆرە و ئەلکسەندەرییەدا زۆرینەن و ئەم سێ شارەش هێندە لەیەکەوە دوورن کە مەحاڵە لەسایەی یەك ویلایەتدا کۆبکرێنەوە. ئەرمەنەکان بە هەموو لایەکی ئیمپراتۆریادا پەرت و بڵاو بوونەتەوە، یان بۆ ئەوەی وردتر قسە بکرێ

[11] کۆنگرەی بەرلین لە ١٣ی حوزەیرانی ١٨٧٨ دەستیپێکرد و لە ١٣ی تەمموزی هەمان ساڵ کۆتایی هات و بەمەبەستی پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی پەیماننامەی سان ستیفانۆ بەسترا. لەم کۆنگرەیە وێرای ڕاستکردنەوە و چاککردنی پەیماننامەی سان ستیفانۆ، لە هەمووی گرینگتر بۆ ئیمپراتۆریای عوسمانی ئەوەبوو کە سەربەخۆیی ئیمپراتۆریای عوسمانی ناسێنرا. یەك لە ئەنجامەکانی کۆنگرەی بەرلین گۆڕینی جوگرافیای سیاسیی باڵقان بوو بۆ دەوڵەتی بچووك بچووك کە هیچ کامێکیان نەدەبوو لە سنوورێکی بۆدانراو زیاتر بچنە دەرەوە و بە هەزاران داوی دیپلۆماتییەوە بە زلهێزە ئەوروپییەکانەوە شەتەك درابوون، وەرگێڕ.

* Kurdophilie واتە کورددۆستی.

** *Livre Bleu*

لەسەر هەموو گۆی زەوی پەرت و بڵاو بوون. بۆ ئەوەی دادپەروەر بین دەبێ دان بەوەدا بنێین کە هیچ کونجێك نییە بتوانرێ ناوی ئەرمێنیای بەسەردا ببڕێ. بۆیە لە ئەنجامدا دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی* نابێ لەبەر چاو بگیرێ.

لە گفتوگۆیەکی ناو پەرلەمانی فڕانسیدا لەبارەی پرسی ئەرمەنەوە کە لە هەمان دەوراندا بووە، بەڕێز Mentotaux[12] کەموزۆر بە هەمان زمان قسەی کردووە و دانی بەوەدا ناوە کە هیچ هەرێمێك لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا نییە بتوانین پێی بڵێین ئەرمەنییە.

لێرەدا تێبینییەك دەخەینە بەرچاو کە دەمانباتەوە سەر پرسی ڕەشەکوژییەکان. لە یەکەم ڕۆژی زاڵبوونی تورکەوە تاوەکوو ساڵی ١٨٩٢، ئەرمەنییەکان بە ئاشتی لەگەڵ تورك و کورددا ژیاون، هەتا لە ڕەگەزە مەسیحییەکانی دیکە زیاتریش پەسندتر بوون.

ئۆدیس لە کتێبەکەی خۆیدا لە بارەی تورکیای ئەورووپاوە دەنووسێ، تورکەکان کاتێك قسە لەسەر ئەرمەنەکان دەکەن، بە ڕەگەزە بەوەفایەکە یا وەکو ڕەگەزە سەرڕاستەکە ناویان دەبەن. لە لای ئێمەش پێوەندیی نێوان کورد و ئەرمەنییەکان هەتا زۆر دۆستانەتریش بوو، بەو هۆیەوە کە سەرۆکە کوردەکان لە تورکەکان سادەتر بوون و ئەم جیاوازییە کەمە لە ناو چینی مام ناوەنجیی کورددا بە هیچ کلۆجێ بوونی نەبوە، چونکە بۆ [کوردەکان، وەرگێڕ] ئەرمەنییەکان تەنها دۆستی موعانات بوون لەژێر دەسەڵاتی تورکدا. ئەم پێوەندیانە نەك هەر لە ساڵی ١٨٩٢دا، بەڵکوو هەتا پێش ئەوەی هیچ ئەورووپییێك

---

* سورەیا بەدرخان لێرەدا هەڵەیەکی زۆر سەیری کردووە، لە جیاتی ئەوە نووسیویەتی (دروستبوونی دەوڵەتی لوبنان)، کە ئەمە بە هیچ جۆرێك نە لە نزیك و نە لە دوور پێوەندیی بە باسەکەوە نییە، بۆیە وەك چۆن ئێمە لەم هەڵەیە دڵنیا بووین، ئێمە ڕاستەکەیمان نووسیوە کە ئەوەیش دامەزراندنی دەوڵەتی ئەرمەنییە، وەرگێڕ.

[12] سورەیا لێرەدا بە هەڵەدا چووە، ئەم بەڕێزە گابریەل ئانۆتو(١٨٥٣-١٩٤٤)یە کە لە ساڵی ١٨٩٦تا ١٨٩٨ وەزیری هەندەرانی فڕانسا بووە. ناوەکەی بە فڕانسی بەم شێوەیەیە Gabriel Hanotaux.

پیٚ بنێتە ناو خاکی کوردستان و ئەو ساتانەیش کە تورکیا ئاڵایەکانی تا بەر دەرگایەکانی ڤیەننا بردبوو، هەبوون. دەکرا ئەرمەنەکان لە ماوەی ٥٥٠ ساڵدا سەرلەبەریان قڕ بکرێن، بیٚ ئەوەی ئەوروپا بتوانیٚ بێتە ناوەوە، ئەوان ڕەعیەتگەلی پەسندی تورکیا و کوردەکان و دۆستی بەوەفایان بوون.

ئەمە وا پێدەچیٚ سەیر بەدیار بکەویٚ کە تورکەکان سوور نەبووبن لەسەر ریشەکێشکردنی ڕەگەزی ئەرمەنەکانیان تەنها لەو سەردەمە نەبیٚ کە باڵوێزخانە ئەوروپاییەکان لە کۆنستانتینۆپل دانران تا گەواهی بۆ ئەو قەتڵوعامە بدەن، لەگەڵ ئەوەشدا کە بەناو سەربەخۆ بوون، بەڵام لە ڕووی مەعنەوییەوە لەژێر دەسەڵاتی ئەوروپادا بوون. ئەوە هێشتا سەیر و سەمەرەتریشە کە کوردەکانیش هەر هەمان ئەو کاتەیان هەڵبژاردووە بۆ سووتاندنی ئاوایی ئەرمەنەکان و کاری خراپی نەگریسی کردن لەبەر چاوی ئەوروپییەکان و مسیۆنێرە ئامریکاییەکاندا کە بەناو هەموو شار و ئاواییەکانی کوردستاندا پەرت و بڵاو بووبوونەوە. ئێمە دەمانەویٚ پەردە لەسەر ئەم ڕازە هەڵبدەینەوە کە ئەمە سەنگی مەحەکی بەڵگەهێنانەوەکانی ئێمە دەبیٚ.

وەختێك مسیۆنێرەکان بە تاوی جۆش‌وخرۆش و لەخۆبوردنەوە بۆ یەکەمجار دەخزێنە ناو کوردستان، هەوڵدەدەن لەناو کوردەکاندا کار بکەن، بەڵام کاتێك تیٚدەگەن هەر ئەستەمە ئەوانە لە ئایین وەربگێڕن، کۆششی خۆیان بەرەو بوارێکی دیکەی کردارەکانیان دەگۆڕن و هەموو هەوڵێکی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ بەشارستانیکردنی مەسیحییەکانی کوردستان. لەناو ئەمانەدا ئەرمەنییە ئارتۆدۆکسەکان وەکوو مانەوییەکان لە هەموان ئاسانتر بوون کە وەریانبگێڕن و هەر زوو قوتابخانەی مسیۆنێرەکان پڕبوون لە قوتابیی ئەرمەنی. هەڵبەت مسیۆنێرەکان هەر زوو تیٚگەیشتن و ڕایان لەبارەی ئەرمەنییەکان دا و هیواخواز بوون هەستی نیشتمانیی لە هەموان بەرزتریان لە لا ببووژێننەوە، باسی مێژووی کۆنی تیگران و داگیرکردنەکان و شانشینی کۆنی ئەرمەنیان بۆ دەکردن کە لە کۆندا هەیانبووە. کورتت و پەتی، مسیۆنێرەکان هەوڵیان دەدا هەستی سەربەخۆییان لە لا زیندوو بکەنەوە، بیٚ ئەوەی لە ڕاستیدا گویٚ بەوە بدەن

ئەنجامەکەی چی دەبێ. ئەرمەنییەکان کە لە سیفەتی سووخۆریی خۆیانەوە وا ڕاهاتبوون زیاتر لەوە وەربگرن کە هەقیانە، هەروەها ئێستەش ئارەزووی ئەوەیانە زیاتر لەوەی کە دادوەری ڕێگەیان پێنادات بەردەست بخەن. کۆنە شانشینی ئەرمەنی واپێدەچوو زۆر بچووک بێ، بۆیە حەزیان دەکرد کوردستان و ئاسیای بچووکیان ببێ و لەو بیرکردنەوەیەدا داوای لێبوردنیان دەکرد لەوەی کە ئەوەی وا تیگران هەیبووە، هەر تەنها بۆ چەند مانگێك بووە.

ئەمە بە هیچ شێوەیەك نموونەی بالآی سەربەخۆیی نیشتمانی نەبوو کە زەردەخەنەی بۆ دەکردن، بەڵکوو زیاتر لەوە لەو شوێنەدا کە پەنایان بۆ دەبرد سەردار بوون و سەری ئەوانەیان پان دەکردەوە کە ڕایانگرتبوون.

مسیۆنێرەکان پێیان دەوتن دەبێ داوای سەربەخۆیی خۆیان لە ئەورووپا بکەن، ئێمە ئەو شێوازە نیشان دەدەین کە هەڵیانبژارد تا کاری پێبکەن. سبەینێکی ساڵی ١٨٩٢، خەڵکی سیزارێ، تاڤسون، تەلاس، قارس، یازغات، قیرشەهر، ئەنگۆرە، تاوقات، ئەماسیە و سیواس لەکاتێك لە خەو هەڵدەسن، دەبینن بەیانییەکەی لەسەر هەموو دیوارەکانی شارەکان دروشمگەلێگ نووسرابوون کە جنێویان بە موسڵمانان و خەلیفەی موسڵمانان دەدا. ئەم جنێوانە بۆ خۆیان بەس بوون بۆ ئەوەی ڕقی دانیشتوان هەڵبسێنن، کەچی هەر بە هێند نەگیران. ئەم دروشمانە فرمانیان بە ئەرمەنیەکان دەکرد هەموو موسڵمانەکان، لە هەر تەمەن و ڕەگەزێك بن، بکوژن.

سەرسوڕما و لەم سەرپێچییە کە وا پێدەچوو لە لایەن ڕەعیەتی لە هەموان وەفادارتری سوڵتانەوە نووسرابن، خەڵك دەیانپرسی داخۆ ئەمە هەر تەنها شۆخییەکی بێمانا نییە. خەڵکەکە لەبەردەم دروشمەکاندا کۆبووبوونەوە، کاتێك لە لایەن ئەرمەنەکانەوە کە لەناو ماڵەکانیان و کلێسەکاندا خۆیان شاردبۆوە، تەقەیان لێ کرا. تەنها لە سێزارێ ٢٤٠ بنەماڵەی موسڵمان پەلامار دران کە بەشی زۆریان کوژران. سوڵتان دوو لە یاریدەدەرەکانی خۆی، ژێنێرال سەعید و عارف حیکمەت پاشای نارد بۆ ئەنگۆرە لەگەڵ فرمانی ئەوەی کە عابدین پاشای حاکمی هەرێمەکە و دادوەرێکی قەزایی هاوەڵییان بکەن بۆ ئەوەی سەر لە هەموو ئەم

شارانه بدەن و بەدواداچوونێك لەمبارەوە ئامادە بکەن. چوارسەد و بیست و هەشت ئەرمەنی لەم دەورانەدا دەستبەسەر کران، بێگومان بەشی زۆرترینی ئەمانەی دوایی پاش ئەوەی لە نوێوە سوێندیان خوارد کە لەمەودا ڕەعیەتی دڵسۆزی حکوومەت دەبن، ئازاد کران. تەنها شەست و پێنجیان بە تاوانی تالان و برۆ و کوشتن حوکم دران، لەوانە دەیان لەسێدارە دران و بیست و دووشیان بۆ چەند ماوەیەك زیندانی و ئەوانی دیکەش ئازاد کران. هەموو ئەم ئەرمەنیانە و هەموو ئەوانەش کە ئازاد کران و ئەوانەی کە حوکمیش دران، بە تێکرایی دانیان بەوەدا نا کە ئارمانجیان ئەوە بووە تورکەکان دنە بدەن تا تۆڵەیان لێ بسێننەوە بۆ ئەوەی بەمە سەرنجی ئەوروپا بەلای خۆیاندا ڕابکێشن.

هەرچەندە ئەمجارەیان سەر نەکەوتن، بەڵام بە کۆششی بێوچانیان دواجار دەیانتوانی تێیدا سەر بکەون، بەوەی تاو بدەنە سەر چەند حاڵەتێك کە تێیدا قوربانییەکان بەدەستی چەکدارانە داکۆکی بکەن.

لەکاتێکدا هەموو ئەمانە لە تورکیا بەرێوە دەچوون، ئەرمەنییەکان بە هێمنی لە کوردستان دەژیان و ئەوە تەنها ئەو کاتە بوو کە ئەرمەنییەکانی یەریڤان پەلاماری (ساسۆن، تالۆن، زەردیان)یان داو و جاڕی ڕەشەکوژیی گشتیی کوردەکانیان ڕاگەیاند کە گوێمان لێ‌دەبوو باسی نەگریسییەکانی ئەوانە دەکرا. هەڵبەت کوردەکان لە هەموو لایەك ئەوە تەنها بۆ پاراستنی بنەماڵە و ماڵەکانیان بوو لە بەرامبەر پەلاماری ئەرمەنییەکاندا کە چەکیان هەڵگرت.

ساڵی ١٨٩١* ئەرمەنەکان سەرداری ڕەوشەکە بوون و مسیۆنێرەکان و کونسوڵەکان کە کەموزۆر هیچ پێوەندییەکیان بە کوردەکانەوە نەبوو و بەشێوەیەکی سروشتی بە دڕدۆنگییەوە لێکدانەوەکانی حکوومەتیان بۆ دەچوو، لەژێر فەرمانی ئەرمەنییەکاندا بوون.

هەروەها ئەرمەنییەکان بینییان کەوا هەموو قاوێکیان بە هەموو بڕواییێکەوە زیاد لە خۆی بۆ داهێنانی نوێ قەبووڵ دەکرێ. نموونەیەك بەسە بۆ ئەوەی ئەوە

* سورەیا لە دەکۆمێنتەکەدا نووسیوویە (١٨١)، بەڵام ئەمە واپێدەچێ هەڵەی چاپ بێ و ڕاستیەکەی –بە تێگەیشتنی ئێمە– دەبێ مەبەستی ساڵی ١٨٩١ بووبێ، وەرگێڕ.

بسەلمێنین کە لە پێشدا وتمان. ساڵی ١٩٠٥، ڕۆژنامەی تایمس* تێلێگرامێکی هاتوو لە کۆنستانتینۆپلەوە لە کۆنسوڵێکی ئینگلیز بڵاو دەکاتەوە کە تێیدا وتوویە گوایە لە سەرچاوەییێکی تەواو جێگەی متمانە گوێی لێ بووە کەوا ڕەشەکوژییێکی گشتیی ئەرمەنەکان لە چەند گۆشەیەکی وڵاتدا کراوە. سێ ڕۆژ دواتر تایمس دووەمین تێلێگرامی هەمان کۆنسوڵ بڵاو دەکاتەوە کە دان بەوەدا دەنێ لە لایەن ئەرمەنەکانەوە دەسخەڕۆ کراوە و تاکە ڕستەیەکی ڕاست چییە لەناو زانیاریەکانی تێلێگرامی یەکەمیدا نەبوە. بۆ کۆنسوڵێك کە ئەزیەتی ئەوەی کێشاوە بەدواداچوون بکات، ئەی چەندی تر هەر بەوەندە دەستبەردار بوون کە گێڕانەوەی هاوشێوە کە لە سەرچاوەی ئەرمەنیەکان بە دەستیان گەیشتووە، قەبووڵ بکەن.

حکوومەتی تورك تۆقیو بوو، دواجار بەهۆی ئەو ڕووبەرەی کە پرسی ئەرمەن بەخۆیەوەی دەبینی، ڕایگەیاند ئەرمەنەکان ئازادن لە بەجێهێشتنی وڵات. هەزاران ئەرمەنی لەوکاتەدا بەرەو زادگەی شانشینی کۆنیان کۆچیان کرد کە لەوەتای پەیماننامەی بەرلین لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای ڕووسیادا بوون و زۆربەی جووتیارە ئەرمەنەکان لەکاتی ڕۆیشتنیاندا زەوی‌وزارەکانیان بە کوردەکان دەفرۆشت و ئەوانەش کە بەهیچ شێوەیەك بەکاریان نەدەهێنا وازیان لە زەوی و زارەکانیان هێنا. بە گوێرەی یاسای تورکی، هەر زەوییێك بۆ ماوەی سێ ساڵ لە لایەن خاوەنەکەیەوە نەکێڵدرابێ، حکوومەت دەستی بەسەردا دەگرێ و هەقی ئەوەی هەیە بیفرۆشێتە کەسێکی دیکە. بەمشێوەیە ئەو زەوی‌وزارانەی کە لە لایەن خاوەنەکانیانەوە بەجێ هێڵدرابوون، فرۆشرانە کوردەکان و پرسێکی نوێ لەدایك بوو بۆ زێدەکردنی گومان و دوودڵیەکانی ئەورووپا.

ڕووسیا لە تورکیا زیاتر [لە بەرامبەر ئەرمەنەکان، و] ڕەقیی نیشان دا و تاتارەکان بەرامبەر بە ئاژاوەی ئەرمەنییەکان حەوسەڵەیان لە کوردەکان کەمتر بوو و وا دەبوو کە ئەرمەنییەکان هەر تازە گەیشتبوونەوە [ڕووسیا، و] کاتێك دەستیان کرد بە چرپەچرپە لە نێوان خۆیاندا لەسەر هەقیان لەم وڵاتەدا کاتێك بە

---

* Times

کۆمەڵ دەستگیر کران و لە لایەن حکوومەتی ڕووسیاوە ڕەوانەی سێبیریا دەکران و لە هەمان کاتدا بە زیندوویی لەبەر چاوی میهرەبانانەی حکوومەتی باکۆ لەلایەن تاتارەکانەوە دەسووتێنران.

وەختایەك پاشماوەی ئەرمەنییەکان گەڕانەوە بۆ کوردستان، تالاوی شێوازی مامەڵەپێکردنی پرسی ئەرمەنیان لە ڕووسیا چەشتبوو، بابەتێکی دیکەیان دۆزییەوە بۆ سکالاکردن لەوەی کە کوردەکان زەوی‌وزارەکانیان داگیرکروون و بە دەنگێکی ئەوەندە بەرز هاواریان دەکرد کە ئەگەر جەنگی تورکیا و ئەوروپا نەهاتبایە ئاراوە، ئەوا حکوومەتی تورك بە هاوئاهەنگی لەگەڵ کۆمیسێرە ئەوروپییەکاندا بڕیادییێکی دەکرد لێبوردنی نەبێ بەوەی ئەو زەوی‌وزارەی لە کوردەکان دەسەندەوە کە کوردەکان بە پارەی ئارەقی نێوچەوانیان کڕیبوویان، تا بیدەنەوە ئەو ئەرمەنیانەی کە پێیان فرۆشتبوون یان بەجێیان هێشتبوو.

ئێرە شوێنی بەردەست خستنی وردەکاریەکانی ئەو کردەوانە نییە کە ئێمە ئەژمارمان کردوون و هیوادارین لە ڕاپۆرتێکدا بیانخەینە بەردەم کۆنفرەنسی ئاشتی. ئێمە ئەم چەند دێڕە تەنها بۆ ئەوە دەنووسین تا تکا لە ئەوروپا بکەین کە کوردەکان تاقە کەسن ماف ئەوەیان هەبێ کوردستانیان بکەوێتە بندەست و نابێ هیوای ئەوە بخوازین کە زۆرینەیەکی پێنج ملوێن کەسی ڕازی بن بەوەی بکەونە ژێر دەستی کەمینە نەتەوەیەکی ٢٥٠٠٠٠ کەسیی ئەرمەنی.

لەم ڕۆژانەدا وەختایەك، بە دەستپێشخەریی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کۆمەڵەی گەلان دادەمەزرێ و ئاشتی و ویستی چاك لەسەر زەوی واپێدەچێ لەسەر ئەوە بێ ببێتە ڕاستی لە ئەوروپا، تۆ بڵێی نیازی ئەوە هەبێ تۆوی گفتوگۆیەکی نوێ لە ئاسیا بچێنێ، تۆ بڵێی ئەو کاتەی کۆنفرەنسی ئاشتی بەڵێنی دادپەروەری بە هەموو نەتەوە بچووکەکان دەدات کە بۆ ئەوە هەڵدەبژێردرێ تا بڕیادییێکی تۆقێنەر لەسەر نەتەوەیەکی لە هەموان چارەڕەش تر و لە هەموان شەهیدکراوتر لەنێوانیاندا پێشکێش بکات.

ئاشتیی باڵکان و ئەو جەنگەی کە پێوەی دەچێ دەبێ بەس بێ، ئێمە بەلای کەمییەوە، بۆ نیشاندانی مەترسیی ئەوە بە ئەوروپا کە لەگەڵ ناسیۆنالیتەی ولاتێکدا حسێب نەکرێ، بڕوامان پێ هەیە.

کوردستان کوردەکانی لێ نیشتەجێن کە زۆرینەی ڕەهان و ئەرمەنەکان خۆیان ناتوانن حاشای لێ بکەن و ئەمە بێگومان بەم شێوەیە بووە لە ١٣٠٠ ساڵەی دواییدا. ئێمە شێلگیرانە ڕای دەگەیەنین کوردەکان هەرگیز کە بە ویستی خۆیان سەرسامی سەلیمی یەکەم بوون بەهرەیان لێوەرگرت و پێوەندییان پێوە کرد هەتا لە لایەن تورکیاشەوە داگیر نەکراون، هەڵبەتە ئەم بیانووە نەچێتر هەیەو بە کورد بەنیازی لەوە زیاتر لەژێر ئەم حوکمڕانیەدا بژی، چونکە ئەو ڕۆژەی کە تورکیا چواردە خاڵەکەی سەرۆك ویلسنی قەبووڵ کرد ئێمە لامان وایە ئەوە مافی ئەوەمان دەداتێ بە گوێرەی بەندی ١٢ داوای سەربەخۆیی خۆمان بکەین، بەبێ ئەوەی تۆمەتبارمان بکەن بە بێوەفایی بەرامبەر بەو ولاتەی کە ماوەیەکی دوورودرێژ بە وەفابووین بۆی و ئەوەندە تاڵاومان لەژێر دەسەلاتیدا چەشت.

ئێمە دەمانەوێ بۆ ئەوروپا بسەلمێنین کە بەدەر لەوەی لای ئەرمەنیەکان بە وەحشی درندە وەسپ کراوین، قابیلیەتی لەوانەی دوایی زیاترمان هەیە بۆ شارستانی، هەرچەندە ئێمە لە هونەری مەراییکردندا دەستەپاچەین.

ئێمە هیوادارین ئەوروپای ئەو وانانەی وەبیربێتەوە کە لە بوڵگارستان دای و تەواو ئەوەش لەبیر نەکات کە ئەرمەنییەکان هێشتا لە بوڵگارەکان کەمتر شایستەی بڕواپیکردنن و ئێمە دەمانەوێ ئەوروپا یاریدەمان بدات تا بۆ ئەرمەنەکان بسەلمێنین کە وەفاداریی سەرۆکە کوردەکان لە ڕۆژهەلات بە هیچ شێوەیەك زیادەڕۆیی نییە. بە هەرحاڵ نەوەکانی ئەو نەتەوەیە وا سەلاحەددینی کوردی سوارچاکی بەرهەم هێنا کە ئەوروپا بە ناوی سەلاحەددینی گەورەوە دەیناسێ، باوەڕپێدانن لەوانەی کە خۆیان بەو تێگرانە هەڵدەکێشن کە کاتێك بەوەی زانی دۆڕاوە سەری هاوپەیمانەکانی فرۆشت.

بۆ کورتکردنەوەی ئەمە ئێمە داوا دەکەین:

یەکەم: ئێمە شێلگیرانە دژی بانگەشەی ئەرمەنیەکانین لەسەر کوردستان کە دەبێ لە ناو کەوشەنی ئەو سنوورانەی وا ئێمە ئێستە دیاریمان کردوون، لەبن دەستی کوردەکاندا بێ و ئێمە بانگەوازی دادپەروەری و مافی نەتەوەکان دەکەین بۆ داکۆکیکردن لە کێشەکەمان لەبەردەم ئەوروپادا.

دووەم: دواجار ئێمە داوای ئەو سەربەخۆییە دەکەین کە دەبوایە بمانبێ و بەتەنها ڕێگەمان پێ دەدا بە چەکێکی یەکسان لە گێژەنی پێشکەوتن و شارستانیەتدا خەبات بکەین، دەوڵەمەندیی وڵاتەکەمان وەبەربهێنین و بە ئاشتی لەگەڵ هاوسێیەکانماندا بژین.

لە ئەنجامدا ئێمە تکا لە جەنابی کۆمیسێری بەرزی خاوەند شکۆی بریتانی دەکەین، چاکەی ئەوەی ببێ داخوازینامەکانمان بگەیەنێتە حکوومەتەکەی و ڕێزلێنانی زۆر بێپایانم قەبووڵ بفەرمووێ.

کۆمیتەی ئیستیقلالی کورد

سکرتێری گشتی

(ئیمزا)

سورەیا بەدرخان

بەڵگەنامەی ژمارە: ٢

ئەرزەڕۆم، ٢ی کانوونی دووەمی ١٩١٩

## وەزارەتی جەنگ

یانەی کوردستان "سەربەخۆیی" چالاکیەکانی خۆی زیاد دەکات. ئێمە فەرمانمان دەرکردووە زۆر لە نزیکەوە چاودێریی یانەی کوردی بکەن. ئەم یانەیە سیخوڕیان لەناو ئێمەدا هەیە کە لە پرۆژەکانی ئێمەیان ئاگادار دەکاتەوە. ئەندامانی یانە بە ڕەسمی لە دیاربەکر کۆدەبنەوە، بەڵام کۆبوونەوەی نهێنی لە چەند ناوچەی جیاوازدا دەگرن. ئێمە فەرمانمان داوە بە قوماندانی هێزە نیشتمانییەکان بۆ ئەوەی چاودێرییان بکەن و ئەندامانی ئەم یانەیە بدۆزنەوە.

قوماندانی

فەیلەقی پانزەهەم

بەڵگەنامەی ژمارە:٣
ئەرزەڕۆم، ٦ی کانوونی دووەمی ١٩١٩

**وەزارەتی جەنگ**

من تەواو قەناعەتی ئەوەم لا پەیدا بووە کەوا یانەی کوردی پێوەندیی لەگەڵ ئینگلیزەکان هەیە.

یەکێك لە مەفرەزەکانی ئێمە لە نزیك ڕەئسول عەین حەشارگەیەکی گرتووە، ئامێری تەلەفۆن و تێلێگرافی بێتەلی تێدا دوزیوەتەوە. بە فەرمانی سەرکردایەتیی فەیلەقی سێزدەهەم بەدواداچوونێکمان کرد بەو نیازەی بەشوێن جێگەی گەیشتنی ئەم ئامێرانەدا بچین و ئەو پۆستانەی کە پێوەندییان لەگەڵ دەگرێ بدۆزینەوە. دواتر درێژەی دێن.

قوماندانی
فەیلەقی پانزەهەم.

بەڵگەنامەی ژمارە:٤
تفلیس، ٢٩ی نیسانی ١٩١٩
ژمارە: ٣٨

**نامەیەك لە كۆلۆنێل Chardgny، سەرۆكی مسیۆنیی كردەی سەربازیی فڕانسی لە قەوقاز بۆ وەزیری جەنگ، سەركردەی گشتیی سوپا (بیرۆی دووەم)**

بابەت: لەبارەی پرسی كوردەوە

شەرەفی ئەوەم هەیە، هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیەدا، بە مەبەستی ئاگاداری نامەیەكی سەرۆكی كورد "كامیل بێگ"تان بۆ ڕەوانە بكەم كە ماوەی دوو ساڵە پێوەندیم لەگەڵیدا هەیە و وەكوو پیاوێكی ڕووناكبیر و دۆستێكی بێغەل و خەوشی هاوپەیمانەكان حسێبی بۆ دەكەم.

من ئەوە نازانم داخۆ سەركردەی سوپایی ئینگلیز، وەك ئەوەی "كامیل بەگ" پێی وایە، خزمەتەكانی سیناتۆری كورد سەیید عەبدولقادر بەكار دەهێنێ. بەڵام كردەوەكە بۆ خۆی جێگەی سەرسامی نییە، چونكە پێشتر سەرنج دراوە كە ئینگلیزەكان بە چ ئاسانییێك متمانە بە خراپترین دوژمنەكانی دوێنێیان دەكەن بەو هیوایەی بە قازانجی خۆیان بەكاریان بهێنن.

من تەنها دوو حاڵەتی وەكوو ئەمە دەستنیشان دەكەم كە تەواو سەرسامیان كردم و باوەڕم وایە دەبێ سەركردایەتیی سوپای ئینگلیزی لێ ئاگادار بكرێتەوە.
١- ناونانی دوكتۆر سوڵتانۆف*، توركخوازی** ناسراو و چالاك، بە حاكمی گشتیی موسڵمانان بۆ هەرێمی ناكۆكی لەسەر بووی قەرەباغ-زانگوزور.
٢- سەرۆكی ئاسوورییەكان، ئاغا پێترۆس وەكوو نوێنەر و سەرۆكی دونیایی پەناهەندە ئاسوورییەكان كە هەموو ئەفسەرەكانمان ڕۆڵی زیاد لە پێویست بە گومانی ئەو دەناسن لە ڕووداوەكانی هاوینی ڕابوردووی (ورمێ)دا.

---

* Soltanof
** turcophile

هەرچۆنێك بێت و هەرچییەك بێت پێوەندیی نێوان سەرکردەی گشتیی سوپای ئینگلیز لەگەڵ سەیید عەبدولقادردا، من پێم وایە بە هەموو بارێکدا، وا چاکە کامیل بەگ بەلای کەمییەوە وەکوو سەرچاوەی زانیاریی بەکار بهێنین و بۆ ئەم نیازە بانگی کۆنستانتینۆپلی بکەین. ئەمە پیاوێکی تێگەیشتووە و ڕووناکبیرە، زۆر چاك بە زمانی فرەنسی دەخوێنێتەوە و دەنووسێ، بەو هۆیەوە دەشێ لە دوژمنێکی دوێنێ زیاتر جێگەی متمانەپێکردن بێت.

ئیمزا
P. Chardgny

بەڵگەنامەی ژمارە:٥
تفلیس، ٢٨ی نیسانی ١٩١٩

### دەقی نامەی کامیل بەگ بۆ Chardgny

بەڕێز Chardgny،

شەرەفی ئەوەم هەیە ئەمانەی خوارەوەتان پێ ڕابگەیەنم:

چەند ڕۆژێکە تکایان لێ کردووم بچمە ناو ڕێکخراوێکی سیاسیی کوردی کە وەك دەڵێن بۆ پێشکەوتنی کوردستان دامەزراوە و پێشیان ڕاگەیاندووم کە هەڵبەتە لە ئامانجی ئەم ڕێکخراوەم ئاگادار ناکەنەوە تەنها بەو مەرجە نەبێت کە بچمە ناویەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من بۆم دەرکەوت بزانم سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە سیناتۆری کورد سەیید عەبدولقادرە کە بە درێژایی سالانی جەنگ دژایەتیی هاوپەیمانەکانی کردووە. وەکی دیکە، کەسێك نییە ئەوە نەزانێ کە سەیید عەبدولقادر هێزە کوردییەکانی لەژێر سەرکردایەتیی سەیید محەمەدی کوڕیدا کۆدەکردنەوە و لە دەوروبەری باشقەڵا لەسەر سنووری ئێرانەوە دژی بە ڕووسەکان شەڕی دەکرد.

لە لایەکی دیکەوە، ئەوەم بۆ ساغ بووەوە کە عەبدولقادر پێوەندیی لەگەڵ سەرکردایەتیی ئینگلیزدا لە کۆنستانتینۆپل گرتووە. پێم وایە پێویستە ئینگلیزەکان لەوە ئاگادار بکرێنەوە کە لێی دوور بکەونەوە. هەمان ئەم عەبدولقادرە کوڕی خوالێخۆشبوو سەیید تەها* ی سەرۆکی ئاییینیی هەرێمی شەمدینانی سنجاقی هەکارییە. سی ساڵێك بەر لە ئێستە هەردوکیان پەلاماریان بردە سەر ئاواییەکانی ئێران لەسەر سنووری تورکیا. ڕووسیا نارەزایی دژی ئەم دەستدرێژییە دەربڕی، سوڵتان عەبدولحەمید، موهیب و بەحری پاشای جووتە برا گەورەی منی هەنارد بۆ دەستگیرکردنیان و بەزۆر هێنانەوەیان بۆ

---

* ڕاستییەکەی سەیید عەبدولقادر کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بوو و هەرچی سەید تەهایە باپیری بوو، نازانم چۆن کامیل بەدرخان کەوتۆتە ئەم هەڵەیەوە، وەرگێر.

کۆنستانتینۆپل کە لەوێوەوە پەڕیوەی مەککە کران و لەوێدا سەیید تەهای باوکی مرد و کوڕەکەشی عەبدولقادر لە دوای جاڕدانی مەشرووتە گەڕایەوە تورکیا بۆ کۆنستانتینۆپل و دوای ئەوەی پرۆگرامی کۆمیتەی ئیتحاد و تەرەقیی قەبووڵ کرد، کرا بە سیناتۆر.

بەڕێز کۆلۆنێل، ڕێزلێنانی تایبەتیم قەبووڵ بفەرموون.

کامیل بەدرخان

بەڵگەنامەی ژمارە: ٦

کۆنستانتینۆپل، ٢١ی تەمموزی ١٩١٩

## هاوپێچی

## نامەی تۆم هۆهلەر* بۆ ژ. تیللی**

### مەسەلەی کورد و ئەنجومەنی وەزیران***

زۆر بە دڵنیاییەوە ئەوە ڕادەگەیەنرێ کەوا حکوومەتی تورکیا بانگهێشتی وەفدێکی پیاوماقووڵانی کوردی دانیشتووی ئێرەی کردووە بۆ ڕوونکردنەوە لەبارەی چالاکیەکانی کۆمەڵەی کوردەوە. وەفدێك بە سەرکردایەتیی شێخ سەیید عەبدولقادر ئەفەندی و یاوەریی مەولان زادە ڕەفعەت بەگ، ڕۆژنامەنووس، ئەمین عالی بەگ، کۆنە فەرمانکارە لە ئەدریانۆپلی وەزارەتی داد و ئەمین بەگ، پیاوماقووڵی کورد گەیشتنە بابی عالی و لە لایەن عەونی پاشا، وەزیری زەریاوانی، ئەحمەد عەبوق پاشا، کۆنە وەزیری جەنگ و حەیدەر ئەفەندی کۆنە شەیخولئیسلامەوە پێشوازییان لێ کرا.

---

* تۆم هۆهلەر Tom Hohler: ئەفسەری سیاسیی کۆمیسێریای بەرزی بریتانی لە کۆنستانتینۆپل، وەرگێڕ.

** ژ. تیللی J. Tilly : سکرتێری یاریدەدەری وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، وەرگێڕ.

*** ئەم بەڵگەنامەیەی ئێرە لە ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بریتانی وەرگیراوە، نوسخەیەکی نووسراوەی نامەکەی هۆهلەر بۆ ژ.تیللی و هاوپێچی نامەکە کە لێرەدا کراوە بە کوردی لە زنجیرە کتێبی *Document on British Foreign Policy, 1919-1939*, Ed. By E.L. Woodward, Rohan Butler, First Series, Vol. IVI, London, His Majesty's Stationary Office, 1958. بڵاوکراوەتەوە. نامەکە لا: ٦٩٣-٦٩٥ و هاوپێچەکە لا: ٦٩٥-٦٩٦، بەڵام دەبێ ئەوە بگوترێ کە چەند وشەیەك لە کتێبەکەدا نەنووسراونەتەوە و نەخوێندراونەتەوە، بۆیە ئەم بەڵگەنامەیەی ئێرە کە ڕاستەوخۆ لە ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوە وەرگیراوە، زۆر تەواوترە، وەرگێڕ.

ئەم وەزیرانە داوایان لە وەفدەکە کردووە چالاکیەکانیان بۆ باس بکەن و حەز دەکەن بزانن کۆمەڵەی کورد بە چ دەسەڵاتێك وتووێژ لەبارەی پرسەکانی کوردستانەوە لەگەڵ بریتانیەکاندا دەکات لە کۆنستانتینۆپل. ئەم وەزیرانە ئەوەیان ڕوون کردەوە کە ئەمە کێشەیەکی تەواو ناوخۆییە و بڕیاربەدەست بابیعالییە و ئەمەی دواییش لە ڕەوشێکدایە دەتوانێ ئۆتۆنۆمییەکی بەرفراوان بە کوردەکان ببەخشێ.

مەولان زادە ڕەفعەت بەگ، بە ناوی شێخ سەیید عەبدولقادر ئەفەندییەوە قسەی کرد و ئەوەی وەڵام دانەوە کە هەموو نەتەوەیەك بەگوێرەی پرنسیپەکانی ویلسن هەقی ئەوەی هەیە بۆ خێرو خۆشیی خۆی خەبات بکات و کوردەکان قەناعەتیان وایە تاقە هێزێك کە ئازادی و ئاسایشی ئەوان زامن بکات، بریتانیای فەخیمەیە. بۆیە ئەوان وایان بە باش زانیوە کە لە دەسەڵاتکارانی ئینگلیز نزیك بکەونەوە. مەولان زادە ڕەفعەت بەگ پرسیاری کرد چۆن حکوومەتی تورکی گەرەنتی هەر چەشنە ئۆتۆنۆمییەك بە کوردەکان دەدات لەکاتێکدا خۆی لە شوێنی خۆی دڵنیا نییە.

ئەم پرسیارەی دوایی ئەحمەد عەبوق پاشای تووڕە کرد و لەسەر کورسیەکەی خۆی هەڵسایەوە و گوتی حکوومەت ئێستە لە هەموو کاتێك بەهێزترە و بڕیارمان داوە یەك بستەخاك تەسلیم بە هیچ غەوارەیەك نەکەین و فرمانمان بۆ هەموو سەرکردە سوپاییەکانی قەوقاز ناردووە، بەر بە هاتنە پێشەوەی هەموو هێزێکی بێگانە بگرن و نابێ ئەرمەنە پەنابەرەکان لە [تورکیا، وەرگێڕ] جێنشین بن. ئەحمەد عەبوق پاشا بە چاوتێکردنێکی عەونی پاشا بێدەنگ بوو•.

• ئەم بەڵگەنامەیە لە ئینگلیزییەوە کراوە بە کوردی.

بەڵگەنامەی ژمارە: ٧

ئەرزەڕۆم، ٢١ی ئەیلوولی ١٩١٩

**تێلێگرامی شیفرەیی**

**کۆپی**

**(نهێنی)**

## بۆ وەزیری جەنگ

هەفتەی ڕابووردوو چەند پێکداهەڵپرژانێك لە نێوان کوردەکانی دەورووبەری ویران شەهر- سیوەرەكدا ڕوویان داوە.

کوردەکانی دەورووبەری ویران شەهر، سیوەرەك، خارپووت، هەڵوێستێکی تەواو ڕوونیان دژی یانەی کوردی کە پرۆپاگەندەی ئینگلیزخوایی دەکات و هەروەها دژی ئەو خەڵکانە وەرگرتووە کە داوای کوردستانێکی سەربەخۆ دەکەن.

..........................................................

قوماندانی فەیلەقی سێزدەهەم

ئیمزا: کازم قەرەبەکر

بەڵگەنامەی ژمارە: ٨

کۆنستانتینۆپل، ٢٧ی ئەیلوولی ١٩١٩

بۆ جەنابی بەڕێز کۆمیسێری بەرزی بریتانی،

جەنابی بەڕێز،

شەرەفی ئەوەم هەیە لە خوارەوە کۆپیی ئەم نامەیەتان* بگەیەنمە دەست کە هەر ئێستە بۆ بەڕێز سەرۆکی کۆنفرەنسی ئاشتی-م ناردووە بۆ پاریس.

من بێگومانم کەوا جەنابی بەڕێزتان تەواو پاڵپشتیی خۆتان بۆ داواکەی من دەردەبڕن.

من لە جەنابی بەڕێزتان دەپاڕێمەوە، ئەوپەڕی ڕێزلێنانی شایانم قەبووڵ بفەرموون.

سیناتۆر

سەرۆکی کۆمەڵەی کورد

(ئیمزا)

---

* لەبەر ئەوەی ئەم نامەیە هەمان ئەو نامەیە بوو کە شەریف پاشا بۆ کۆنفرەنسی ئاشتیی ناردووە و لە بەڵگەنامەی ژمارە (١٥)ی ناو ئەم کتێبەدا بڵاوکراوەتەوە، هیچ پێویستییێك نابینین لێرە دووبارەی بکەینەوە، تەنها ئەوە نەبێ، دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە نامەکە لێرە مێژووی ٢٧ی ئەیلوولی بەسەرەوەیە، کەچی ئەوەی لە ڕێگەی شەریف پاشاوە پێشکەش کراوە، مێژووی ٢ی تشرینی یەکەمی بەسەرەوەیە، وەرگێڕ.

بەڵگەنامەی ژمارە:٩
کۆنستانتینۆپل، ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩

زانیاریی ڕۆژانە
(لە سەرچاوەییێکی ئاسایی چاك)

**

## کوردستان

کازم قەرە بەکر، سەرکردەی فەیلەقی پانزەهەمی سوپا، ڕۆژی ٢١ی ئەیلوول[*]، لە ئەرزەڕۆمەوە تێلێگرافیێکی بۆ وەزیری جەنگ ناردووە و تییدا هاتووە کە پێکدادانێکی خوێناوی لە دەوروبەری ویرانشەهر لە نێوان کوردە ئینگلیزخوازەکان و لایەنگرەکانی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ و کوردەکانی لایەنگری حکوومەتی سەر بە تورکیادا ڕووی داوە.

یانەی کوردیی دیاربەکر لەوانەیە بانگەوازی بڵاو کردبێتەوە و پڕۆپاگەندەی بە قازانجی کوردستانێکی سەربەخۆ کردبێ. کوردە تورکخوازەکان چوونەتە لای سەرکردەی سەربازی بۆ ئەوەی بەشداری لە هێزەکاندا بکەن، بەو هیوایەی دژی نەیارەکانیان بجەنگن. لەوانەیە چەند مەفرەزەیەك ڕەوانە کرابن.

[*] بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە (٧) ی ناو ئەم کتێبە، وەرگێڕ.

بەڵگەنامەی ژمارە:١٠

**کۆماری فڕانسا**

**تێلێگرام**

**بەپەلە بۆ سەرۆکی کۆنفرەنسی ئاشتی**

**بە پەلە**
**بۆ خوێندنەوە**
**غەڵەتە* بەپەلە** 14536 25 28 11h30

**ئێمە شەرەفی ئەوەمان هەیە ئاگادارتان بکەینەوە کە، شەریف پاشا ئەرکی داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کوردی بۆ ئێمە لە ئەستۆ گرتووە.**

**سەرۆکی یانەی کوردی**
**عەبدول محەمەد****
**غەڵەتە**

---

* غەڵەتە، یەکێك لە کۆنترین گەرەکەکانی ئەستەنبووڵە و لە کۆندا پێی وتراوە پێرا Pera و کەوتۆتە باکووری کەوانەی زێرینی شارەکە، وەرگێڕ.

** ئەم برووسکەنامەیە کە لە ئەستەونبووڵەوە بەپەلە بۆ پاریس نێردراوە، بە ناوی سەرۆکی کلووبی کوردیەوە نووسراوە (عەبدول محەمەد)، لە کاتێکدا سەرۆکی کلووبی کوردی لە هەموو بارێکدا سەیید عەبدولقادر بووە، بەڵام بۆچی نووسراوە "عەبدول محەمەد" ئەمەیان بۆ ئێمە ڕوون نەبوو، وەرگێڕ.

بەڵگەنامەی ژمارە: ١١

سێرڤیسی زانیاریی زەریاوانیی

تورکیا

ژمارە: ١٢٠١

هەڵبژاردەی چاپەمەنیی ژمارە ١٧٤ی ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩

**کۆمیتەی کورد**

زەینەلعابدین ئەفەندی، سەرۆکی کۆمیتەی کورد ڕایگەیاند، ئەگەر ئێمە قەناعەتمان هێنا کە هەڵبژاردەکان بە هەموو ئازادییێکەوە بەڕێوە دەچن، ئەوا کۆمیتەی کورد بەشداری لە هەڵبژاردندا دەکات. لە سەرێکی دیکەوە کاندیدکراوەکان پێشتر دەستنیشان کراون.

ڕۆژنامەی

"تەصویری ئەفکار"

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١٢**
Quai d'Orsay

**کۆنفرەنسی ئاشتی**
**سکرتاریەتی گشتی**

**پاریس، ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩**

**بۆ بەڕێز**
**بەڕێوەبەری کاروباری سیاسی و بازرگانی**

**سکرتاریەتی گشتیی کۆنفرەنسی ئاشتی شەرەفی ئەوەی هەیە، هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیەدا، کۆپیی سێ نامە کە لە لایەن کەسایەتییە کوردەکانەوە سەبارەت بە ستاتووی وڵاتەکەیان ئاڕاستەی بەڕێز سەرۆکی کۆنفرەنسی ئاشتی کراوە، ڕەوانە بکات بۆ بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری سیاسی و بازرگانی.**

بەڵگەنامەی ژمارە:١٣

پاریس، ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩

بۆ جەنابی جۆرج کلیمۆنسۆ*، سەرۆکی کۆنفرانسی ئاشتی،

سەرۆکی بەڕێز،

شەرەفی ئەوەم هەیە، هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیەدا، دوو نامەی مۆرکراوی سەیید عەبدولقادر ئەفەندی، سیناتۆر و کۆنە سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەت بە سیفەتی سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی کوردەکان، بگەیەنمە دەست جەنابتان بۆ ئەوەی بخرێنە بەردەم بڕیاردانی بەرزی ئەنجومەنی باڵای کۆنفرەنسی ئاشتی.

من ڕێگە بەخۆم دەدەم ئەوە زێدە بکەم کە بە گەیشتنی کۆمیتەی ئیتحاد و تەرەقی** بۆ دەسەڵات، هەموو ئەوانەی وا بە هیوای سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆیان بوون لە تورکیا، بە چەوساندنەوەیەکی دڵڕەقانە تاوانبار دەکرێن و ئەوە ئەرکی ئینسانیانەی ئەنجومەنی باڵای ئێوەیە کە ڕێگە لە خوێن ڕشتن بگرێ. ڕێگەیەکی دیکە بۆ سەقامگیرکردنی ئارامی لە کوردستان ئەوەیە کە واز لە پڕۆژەی دابەشکردنی ئەم وڵاتە بۆ دوو بەش و هەروەها خستنە بەردەست دوو منداتی جیاواز بهێنن.

ناکرێ کوردستان، نە لە ڕوانگەی ئیتنیکی و نە لە ڕوانگەی جوگرافییەوە پارچە پارچە بکرێ. بەڵام ئەگەر تەنها یەك وڵاتی لێ دروست بکرێ سەر بە منداتی یەك زلهێز بێ کە خەمی ئەوەی بێ کوردستان دووبارە ڕێك بخاتەوە، ئەوا کوردستان دەبێتە فاکتەرێکی بەهێزی ئاشتی و ئارامی. هەروەها ڕۆڵی وڵاتێکی تامپۆن لە سیستمی نوێی ئاسیای بچووکدا دەبینێ.

---

* George Clemenceau

** Comité Union et Progrès

زۆر جێگەی داخە کەوا کۆمسیۆنی هێزەکانی هاوپەیمانان لە کوردستان بەشێوەیکی سیستماتیك کوردەکان دوور دەخەنەوە، بۆ ئەوەی تەنها گوێ لە دەسەلاتکارانی تورك بگرن کە بە هەڵە لەبارەی خواستەکانی کوردەوە دنەیان داون.

سەرۆکی بەڕێز، ڕێزلێنانی زۆر بێپایانم قەبووڵ بفەرموون.

ئیمزا

شەریف

سەرۆکی وەفدی کوردی

بەڵگەنامەی ژمارە:١٤

کۆنستانتینۆپل، ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩

بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی باڵا لە پاریس.

سەرۆکی بەڕێز،

دەمگۆی ئەوەی کە کوردستان دەکرێتە دوو ناوچەی جیاواز، کوردستانی باشوور و کوردستانی باکوور و دانیان بە دوو هێزی جیاواز هەر بەردەوامە. من ڕێگە بە خۆم دەدەم بەشێوەیێکی نەوازشکارانە سەرنجی جەنابی پایەبەرزتان بۆ ئەوە ڕابکێشم کە ئاوا لەتبوونێکی کوردستان هەرگیزو بە هیچ شێوەیەك ڕەوشی ڕۆژهەلاتی نزیك* سەقامگیر ناکات.

کورد لەو شوێنانەی کە لەژێر دەسەلاتی حکوومەتی ئیتیحادی دا نین ڕەتیان کردەوە لە دژی هێزی هاوپەیمانەکان شەڕ بکەن و لەو هەرێمانەی کە تورکەکان دەسەلاتی خۆیان تێدا نەسەپاندبوون، ئەرمەنییەکانیان پاراست و ئێستە چاوەڕوانی دادپەروەریی کۆنفرەنس [ی ئاشتی، و] دەکەن تا کوردستان وەك دەوڵەتێکی یەکپارچە بناسیٚ.

ڕاستیەکەی کوردستان لەو سنوورانەی کە ئێمە شەرەفی ئەوەمان هەبوو بۆ کۆنفرەنسمان دیاری کرد، یەك ئیتنییێکی یەکپارچەیە و دانی بە چەند مانداتی زلهێزی جیاجیا ئەم دەرو ناوچانە نوقمی ناو پشێوییێکی بیٚکۆتایی دەکات.

سەرۆکی بەڕێز، من زۆر کڕنووشبەرانە ڕێزی دڵسۆزیی خزمەتکارانەم بۆ جەنابی بەڕێزتان هەیە.

(ئیمزا)

سیناتۆر

سەیید عەبدول

سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی کورد

---

Orient proche *

بەڵگەنامەی ژمارە:١٥

کۆنستانتینۆپل، ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩

بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی باڵا لە پاریس.

سەرۆکی بەڕێز،

ڕێگە بە خۆم دەدەم سەرنجی جەنابی پایەبەرزتان بۆ ئەم کردەوانەی خوارەوە ڕابکێشم کە لە تورکیا ڕوو دەدەن.

لە دەستپێکی ئاگربەسدا، حکوومەتی تورک تا ڕادەیێك سینگفراوانیی خۆی نیشان دەدا و دژایەتیی ئەوەی نەدەکرد کوردەکان، بە گوێرەی پرنسیپی نەتەوەکان، ڕێگەی خۆیان بگرنە بەر بۆ ڕزگاربوونیان. لەکاتێکدا تەواو ڕێز لە دامەزراوە سیاسییەکانی ئەرمەن، یۆنانی و جوولەکە دەنێ، بەڵام دواجار حکوومەتی تورکیا یانەکانی ئێمەی داخست، نوێنەر و موفەتیشە نێردراوەکانی ئێمەی دەستگیر کرد. دوای ئەوە ئەو کۆمیسیۆنانەی لێکۆڵینەوە کە بۆ کوردستان دێن، ناتوانن لەم ڕەوشەی ئێستەدا خواستەکانی گەلی کورد لەبەر چاو بگرن.

کوردەکان کە تینووی پڕ جۆش‌وخرۆشی نەتەوەخوازیی گەرم و گوڕن، دەتوانن زۆر چاك چەك بگرنە دەست و فرۆفیشاڵکارەکان لە وڵاتی خۆیان ڕابماڵن. بەڵام بەر لەوەی بەو جێگەیە بگەین، ئێمە هەوڵدەدەین هەموو ڕێگەیەکی ئاشتیخوازانە بگرینە بەر و خۆمان لە ئاژاوە بەدوور بگرین کە مامووره پۆلیسەکانی ئیتحادییەکان دەتوانن لەو ناوەندانە بینێنەوە کە تورکەکانیشی تێدا دەژین.

ئێمە لە جەنابی بەڕێزتان دەپاڕێینەوە کە بە تەواوی نفوزی خۆتان لای حکوومەتی کۆنستانتینۆپل بخەنە گەڕ، تا واز لە ئازاردانی نەتەوەی کورد بهێنێ.

بەو هیوایە و لە چاوەڕوانیی ئەم دەستێوەردانە خۆشبەختانەیەدا، بەندە کڕنووشبەری زۆر بچووك و خزمەتگوزاری ئیرادەتمەندتانم.

(ئیمزا)

سیناتۆر

سەیید عەبدول

سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی کورد

بەڵگەنامەی ژمارە: ١٦
پاشکۆی ژمارە ٤
ئەستانبووڵ، ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩

## پارتی دیموکراتی کورد

بۆ کۆمیسێری خاوەند شکۆی بریتانی،
جەنابی بەڕێز،

ئێمە بەوپەڕی ڕێزەوە داواکارین ڕێگەمان بدەن سوپاسی زۆری جەنابتان بکەین بۆ ئەو یاداشتەی ڕۆژی ٣١ی ئاب کە گەیاندتانە حکوومەتی خاوەنشکۆی بریتانی و ئێمە هەروەها شەرەفی ئەوەمان هەیە ئەم عەرزوحاڵەی ئێستە بخەینە بەر دیدەی پایەبەرزتان.

١- ئێمە گەیشتووینەتە ئەوە باوەڕەی کە دەسەڵاتکارانی بریتانی بە تەواوی ئاگادارن و کاراکتەری تەواوی هێزە ناسیۆنالیستەکان کە بەمزوانە لە ئەنادوڵ خۆیان ڕێکخستووە دەناسن. ئەوە هەر لە پێشدا ئاشکرایە کە کوردەکان بە گشتی و بە تایبەت کوردە ڕووناکبیرەکان بە هەموو هێزێکیانەوە دژایەتیی بچووکترین جموجووڵ دەکەن کە لە کوردستان بەرپا ببێ دژ بە ویست و ئارەزووی ئەنگلستان. هەروەك لە ڕاپۆرتی پێشوومان‌دا ئیشارەتمان بۆ کردبوو، دوژمنانی ناوخۆ و دەرەوە هەموو هەوڵێکیان دەخەنە گەڕ بۆ ئەوەی وای نیشان بدەن کە کوردستان خۆی بۆ شۆڕش ئامادە دەکات، ئەوانە بە هەموو ڕێگەیەك کە بۆیان باش بێ، تەگەرە دەخەنە بەردەم خواست و ئاواتەکانی کورد و بۆ ئەوەی کورد بخەنە ناو هەڵەیەکەوە تا خۆپەرستی و چاوچنۆکیی خۆیان تێر بکەن.

جەنابتان لەوە تێدەگەن کە دوای جەنگێك کە ئەوەندە کارەستبار بوو بۆ کورد، ئەوان [کوردەکان، و] هەرگیز پشتیوانی بزووتنەوەیەکی ئاوها سەرەڕۆ نابن و بەشداریی تێدا ناکەن. بۆیە ئێمە داوا لە جەنابتان دەکەین باوەڕ بەوە بکەن کە باڵی نەتەوەیی کورد بەشداری لە بزووتنەوەکەی ئەنادوڵدا ناکات. خۆ

ئەگەر بەشدارییێکی کوردیش لەو ئاشووبەدا ببێ، جەنابتان هەروەها ئەوە قەبووڵ دەکەن کە ئەم بەشداریکردنە دەشێ سنووردار بێ بۆ چەند حاڵەتی هەڵاویردە و کەسی کەوا کەسەکانی بە هەڵەدا چوون و لە نەزانییەوە کەوتوونەتە داوی هەڵوێست و نیازی ڕاستەقینەی سەرکردەکانی ئەم هێزە بەناو ناسیۆنالیستانە.

ئێمە پێشنیارێکی گەلێك گرینگ و زۆر بە پەلە دەخەینە بەر دیدەی بەرزی حوکمدانی ئێوە. بە گوێرەی بیروڕای متەوازعانەی ئێمە باشترین ڕێگەچارە بۆ ئەوەی هەتا هەتایە ڕادەیەك بۆ ئاژاوەیەکی ئاوها و پشێوییەکانی ئاسیای بچوك دابنرێ، ئەوەیە دەستبەجێ و بەبێ دواکەوتن سەربەخۆیی کوردستانێکی یەکگرتوو بە سنووری سروشتی و نەتەوەیی خۆیەوە ڕابگەیەنرێ. کوردەکان کە بە گشتی تینووی سەربەخۆیی و ئازادین، ناتوانن ببنە فاکتەری ئاشتی لە جیهان تەنها ئەوساتە نەبێ کە بتوانن لەناو سنوورێکی ئاوها و لەژێر ئاڵای کوردستانێکی سەربەخۆدا بژین. ئێمە قەناعەتمان وایە کاتی ئەوە هاتووە کە حکوومەتی بریتانی ئاشنامان بکات بە بڕیاری تایبەتیی خۆی و ئەوەمان بۆ بسەلمێنێ کە وا تائێستا هیوامان لەسەر پاڵپشتی ئینگلیز هەڵچنیوە لەسەر خەون و خەیاڵ ڕۆنەنراوە.

٢- سیاسەتی پەیڕەوکراوی تورکەکان هەمیشە بریتی بووە لەوەی خواست و داوا نەتەوەییەکانی کورد سەرکوت بکات. ئەم سیاسەتە ئەمڕۆ هێشتا بە توندی و زەبرزەنگەوە هەر بەردەوامە. بۆ ئەوەی ڕاستیی ئەوە بسلەمێنین کە وتوومانە، ڕێگە بەخۆمان دەدەین چەند حاڵەتێك وەکوو نموونە بهێنینەوە. حکوومەتی ناوەند والییەکی بۆ دیاربەکر ناردووە کە هەرگیز سڵ لەوە ناکاتەوە دژ بە کورد ڕەقترین سیستمی بەڕێوەبردن جێبەجێ بکات. ئامانجی سەرەکیی کوشتن و لەڕەگەوە هەڵکێشانی خواستە نەتەوەییەکانی ئێمەیە. هەموو ئەو سکاڵانامانەی لە ئێمەوە بێت و ئیمزای کوردەکانیان بەسەرەوە بێت بە هیچ شێوەیەك لەبەرچاو ناگیرێن. ڕاستیەکەی ئێمە ناتوانین خەیاڵی ئەوە بکەین یا یاسایەکی لەوە ملهوڕانەتر وەبیرخۆمان بهێنینەوە کە تورکەکان بەبێ شەرمکردن بەردەوام جێبەجێ دەکەن. دەرگەکانی کۆمیسێریاکانی پۆلیس و دادگەکانیان بەڕووی

هــەموو ســکالآیەکی خــەڵکانی ئێمــەدا داخــراون. ئــەوە بێهوودەیــە کــە لێــرەدا وردەکاریی ئەو ئەشکەنجە و ئازارە بگێڕینەوە کە تورکەکان، چ لە دەرچوون و چ لــە گەیــشتنیان بــەرەو ڕووی ئــەو کوردانــەیان کردۆتــەوە کــە نێــردراون بــۆ کوردستان.

لقەکانی دیاربەکر و سیعرت–ی جەمعیەتی تەعالیی کوردستان بە زەبری هێز لــە لایــەن دەســەڵاتکارانی کۆمیتــەی تورکەکانــەوە هەڵوەشــێندراونەتەوە. وێــرای هەوڵە چەند بارەبووەکانی کۆمیتە– کە بۆ بەرزیی نەتەوەکەمان کار دەکات–، ئەم دوو لقە حاڵی حازر هێشتا داخراون. لە ئورفە ( کۆنە ئێدیسە) * دەسەڵاتکارانی تورك بڕیاریان دا ڕێگە نەدەن لقێکی ئەم کۆمەڵەیەی ناوبراو لەم شارە بکرێتەوە. حیزبەکەی ئێمە پارتی دیمۆکرات تا ئێستە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە دانی پێدانەنراوە. ئەم هەموو توندی و نادادپەروەرییە پێوانەیەکە ،ئەو دڵڕەقییە بەرامبەر بە گەلەکەمان نیشان دەدات. بەو پێیەی کە دەسەڵاتکارانی تورك ئەم خۆنیشاندانە تازانەی دیاربەرکر بە ئامانجی سەربەخۆیی وەك " چەتەگەرییێکی سادە" نیشان دەدەن، جارێکی دیکە ئەوە دەسەلمێنن کە تورکەکان پێ‌دادەگرن لەسەر ئەوەی وا نیازیانە نەتەوەی (کورد) لەناو قەڵەمڕۆی خۆیاندا بهێڵنەوە. لە ئەنجامدا، ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کە حکوومەتی بریتانیای بەهێز، کۆمەگ و هاوپشتیی خــۆی بــۆ گــەلێك ڕەت ناکاتــەوە کــە وا هــەموو هیوایــەکی لەســەر ئینگلستانە.

٣– دەسەڵاتکارانی تورك هەموو جۆرە ئالیکاری و کۆمەگییەك بۆ ئاوارەکانی ویلایەتی ئایدن** دەستەبەر دەکەن، بەڵام بۆ ئەو ئاوارە چارەڕەشانەی کە حکوومەت لەبەر هۆی تایبەتی لە ماوەی ساڵانی جەنگدا لە ناوەوەی ئەنادۆڵ ڕایگوازتــوون، هیــچیان بــۆ نــەکراوە. هــەزاران خێزانــی کلــۆڵی کــورد هــیچ ئاسانکارییێکیان بۆ نەکراوە بۆ گەڕانەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، نەك هەر لە مەترسی لە برسان مردن یا مەترسییەکانی دیکە نەپارێزراون، بەڵکو هێشتا بۆ

---

Edisse *

Aïdin **

چارەنووسی خۆیان وازیان لێ هێنراوە و هەتا لە لایەن تورکەکانەوە بەرەوڕووی هەموو چەشنە نکۆڵی لێکردن و مامەڵەیەکی خراپ بوونەتەوە. بۆیە ئەم هەڵس و کەوتە بەربەرییانەی تورك بەرامبەر بە کورد دەبێ تەنها وەك سیاسەتی بەرنامەڕێژکراوی لەناوبردن و توانەوەی برایانی ئێمە تەماشا بکرێ.

٤- ئێمە لە جەنابتان دەپاڕێینەوە هەوڵبدەن دنەی حکوومەتی پایەبەرزتان بدەن چەند هەنگاوێك لەبارەی ئەم خاڵانەی کە لەسەرەوەدا باسمان کردن هەڵبگرن و لوتف بفەرموون لەم هەنگاوانە ئاگادارمان بکەنەوە، لە کاتێکدا ئەمە ئەو هیوایەی کە ئێمە لەسەر ئینگلستان هەڵمان ناوە پتەوتر دەکات.

ئێمە تکاکارین ڕێز و نەوازشی هەرە قووڵمان قەبووڵ بفەرموون. ئێمە زۆر کڕنووشبەر و خزمەتکاری گوێڕایەڵی جەنابتانین.

سکرتێری پارتی دیموکراتی کورد،
پارێزەر، منەوەر و بازرگان

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١٧**

**پاشکۆی ژمارە ٥[*]**

**پارتی دیموکراتی کورد**

**گەڕەکی بابی عالی**

**ئەستانبووڵ**

**بۆ کۆمێسێری خاوەند شکۆی بریتانی،**

**جەناب،**

**کۆمیتەی پارتی نەتەوەیی دیموکراتی کورد زۆر بەڕێزەوە داوا دەکات ڕێگەی بدەن ئەم یادداشتنامەیە بخاتە بەردەست بایەخ پێدانی بەرزی جەنابتان. هەموو کوردە ڕووناکبیرەکان کە سەر بە پارتەکەی ئێمەن، بە سوپاس لەوەی کە نەتەوەی پایەداری ئینگلیز، سەرتۆپی هاوپەیمانەکان و هاریکارەکانی، خەباتی کردووە و خوێنی ڕۆڵە بەجەرگەکانی خۆی بۆ پرسی پیرۆزی دیموکراسی و پاراستنی ماف و بەرژەوەندییەکانی نەتەوە چەوساوەکان ڕشتووە، بەرز دەنرخێنن. ئێمە زۆر بە توندی لەو باوەڕەداین کەوا گەورە هێزە هاوپەیمانەکان پرنسیپەکانی سەرۆک ویلسن–یش بە قازانجی نەتەوەی کورد بەجێ دەهێنن و ئازادی و مافی پەرەسەندنی بۆ زامن دەکەن. ئەوە نزیکەی چوار سەدەیە نەتەوەی کورد بە کۆششی یەك لە سەرکردەکانی خراوەتە ژێر دەسەڵاتی تورك بە گوێرەی پەیماننامەیەك کە بەداخەوە مەرجەکانی هەرگیز لەکاتی بەڕێوەبردنی کاروباری کورددا لە لایەن تورکەکانەوە جێبەجێ نەکراون. ڕاستییەکەی تورکەکان هەرگیز لەوەدا سەرنەکەوتن لەوەی کە چارەنووسی کوردەکان باش بکەن. ئەوە هەر لە سۆنگەی خراپیی بەڕێوەبردنی تورکەکان و بە چاوی سووك سەیرکردنیانەوە بوو کە کوردەکان سەدان جار ڕاپەڕیون. لەبەر گەلێك هۆ هێشتا هەر لەژێر دەسەڵاتی تورك دان و نەیانتوانیوە سەربەخۆیی خۆیان وەدەست بهێنن.**

---

[*] بەداخەوە بەڵگەنامەکە هیچ مێژوویێکی بەسەرەوە نییە و تەنها نووسراوە پاشکۆی پێنجەم، بۆیە ئێمە پێمان باشبوو هەر دوای یەکەم نامەکە دایبنێین، وەرگێڕ.

دوای شۆڕشی گەورەی عوسمانی ساڵی ١٩٠٨، کوردە ڕوناکبیرەکان بە هێمنی کاریان دەکرد و سوور بوون لەسەر گەیشتن بە ئامانجە نیشتمانییەکانیان و نە لە قوربانیدان و نە لە زیان پێگەیشتن سڵیان نەکردۆتەوە. ئەمڕۆش خەڵکی ڕووناکبیری کورد دڵسۆزانە و بەخۆشییەوە لە سایەی بریتانیای فەخیمە و هاوپەیمانەکانیدا چەپڵە بۆ سەردەمی ئازادی و دیموکراسی لێدەدەن.

مایەی داخە کەوا بیریارە کوردەکان بەر لە هەڵگیرسانی جەنگ لەگەڵ ئینگلستان نەکەوتنە دانوستان بۆ ڕێککەوتنێك. ئەوکاتە ئێمە لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتێکی ستەمکاردا دەژیاین و هیچ دەست لەپشتدانێکمان لە لایەن بریتانیاوە نەبوو، بەجۆرێك دەترساین بەشداری لە جەنگێکدا بکەین کە ببێتە مایەی زیانێکی گەورە لە ژیان و سەروەت و سامانی نەتەوەکەماندا.

ئێمە هیوا لەسەر ئەوە هەڵدەچنین کە نەتەوەی گەورەی ئینگلیز مافی نەتەوەیی ئێمە لە بوون و سەربەخۆییمان لە چوارچێوەی سنوورەکانی خۆماندا ڕەت نەکاتەوە. بە هەمان شێوە ئەو ڕۆژە بە کۆمسیۆنی لێکۆڵینەوەی ئەمریکی*-مان وت کە، کوردە هۆشیارەکان تەنها یارمەتی و ئامۆژگاری لە ئینگلستان دەخوازن. لێرەدا ئەوە دووبارە دەکەینەوە کە ئێمە لە فەخامەتی ئێوە و حکوومەتی پایەبەرزتان دەپاڕێینەوە بۆ ناسینی سەربەخۆییمان، بۆ ڕێبەریکردن و خستنە بەرێخستنی نەتەوەکەمان بۆ سەر ڕێگەی شارستانی و دواجار مسۆگەرکردنی مانەوەی سەربەخۆییمان دژ بە دوژمنانی دەرەوە و ناوەوەمان، هەموو کوردێکی تێگەیشتوو قەناعەتیان بەوە هێناوە کە کوردستانی دواڕۆژ ناتوانێ بەبێ دەستی ئالیکاری و کۆمەگی ئینگلستان بژی و گەشە بکات. ئێمە تەواو ئامادەین وڵاتەکەمان بخەینە بەر ڕێنمایی ئینگلستان و هەر شتێك لە دەسەڵاتی ئێمەدا بێ بیکەین بۆ ڕەزامەندی و خزمەتی ئەم هێزە. ئەگەر ئینگلستان ڕازی بێ وا بکات یارمەتیمان بدات لە گەیشتنە ئامانج و خواستەکانماندا، ئەوا نەك هەر دەمانخاتە ژێر چاکەی درێژخایەنی خۆی، بەڵکو زیاد لەوە خۆی دەگەیەنێتە ناو دڵی سوپاسگوزار و بەوەفای داواکاریەکانی ئێمە.

---

* مەبەست لەو کۆمسیۆنە لێژنەی کینگ -کراین-ە، وەرگێڕ.

جەناب، ئێمە دەتوانین لە ئێستەوە بانگەوازەکانمان بۆ بایەخ پێدانی بەخشندانەتان چەند بارە بکەینەوە و هیوا بخوازین پاڕانەوەکانمان پێشوازییێکی میهرەبانانەیان لێ بکرێ. بۆ ئێستە ئێمە ئازادیی ئەوە بە خۆمان دەدەین سکالایەکی دوولایەنە بخەینە بەردەستی جەنابتان.

١- هەزاران بنەماڵەی کوردی ئاوارەی دوور لە ماڵ و حاڵی خۆیان لە چەند بەشی ئەنادوڵ هەن. ئەم ئاوارە سیاچارانە بوونەتە نێچیری برسێتی و لەناوبردن و تواندنەوە لە لایەن تورکەکانەوە. حکوومەتی عوسمانی، وێڕای داواکاری و بانگەوازی دووبارەمان، هەر گوێی کەڕ کردووە. بەناوی مرۆڤایەتی و "دادپەروەری"ی ئینگلیزەوە تکاتان لێ دەکەین دەسەڵاتی زۆری خۆتان بخەنە گەڕ بە قازانجی ئەم بنەماڵە کوردە هەژارە برسیانە و گەڕاندنەوەیان.

٢- حکوومەتی تورک ئێمەی لە مافە سەرەکیەکانمان بێبەش کردووە، لەوەی کۆمەڵە و پارتی سیاسی دروست بکەین و ئێمەی خستۆتە ژێر سیستمی چەوساندنەوە و سەرکوتکردن. ئێمە هەروەها تکا لە جەنابتان دەکەین بەوەی ڕادەیەك بۆ ئەم نکووڵی لێکردنە بێسوود و بەدەرە لە هەموو مانایەك دابنێن.

شەرەڤ ئەومان هەیە کڕنووشبەری زۆر گوێڕایەڵی جەنابتان بین.

سکرتێری گشتیی
پارتی دیموکراتی کورد

بەڵگەنامەی ژمارە:١٨
ئەرزەڕۆم، ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩

**تێلێگرامی شیفرەیی**
**کۆپی**
**(نهێنی)**

**بۆ وەزیری جەنگ**

ئێمە ئێستەکە تەواو دڵنیاین لەوەی:
١- کـەوا یانـەی کـوردیی دیاربـەکر کـە سـەرقاڵی دامەزرانـدنی کۆمـارێکی کوردسـتانییە، لـە ڕووی دارایـی‌یـەوە لـە لایـەن ئینگلیزەکانـەوە پـشتیوانیی لێدەکرێ.
٢- ئەم یانەیەیە کە بڕێوی باندە کوردەکانی دێرسیم دابین دەکات کە وا ئەرکیان شەڕکردنە لەگەڵ هێزەکانی بزووتنەوەی نیشتمانیدا.

قوماندانی
فەیلەقی سوپای پانزەهەم
ئیمزا: کازم قەرە بەکر

بەڵگەنامەی ژمارە: ١٩
دیاربەکر، ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩

## لە حاکم فایەق عەلییەوە
## بۆ وەزیری ناوخۆ

ناکۆکییەك سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان لە نێو یانەی کوردیدا کە ئینگلیزەکان و سەرۆکهۆزەکانی قەرە کیچی پشتگیریی لێدەکەن، هەیە. سەرۆك هۆز عەبدوڵڵا کوڕی خەلیل بەگ بۆ هێورکردنەوەی ئەم ناکۆکییە سەرۆکێکی دیکە بە ناوی سەیید عەبدولقادر و براکەی "مەحموود" داوەتی لای خۆی دەکات. لایەنگرانی عەبدوڵڵا لەکاتی نانخواردندا ویستوویانە لە ناکاو بیانکوژن، مەحوود کوژراو عەبدولقادر توانیی خۆی ڕزگار بکات. بکوژەکە بە خۆی و چل سوارەیەوە پەنای بردۆتە بەر سەرۆکهۆزێکی دیکە لە ئورفە و پەلاماری کەسە بڕواپێکراوەکانی حکوومەتی داوە و ئاسایشی شارەکەی تێك داوە. عەبدوڵڵا هەر ئێستە گیراوە و لە لایەن ئەو مەفرەزەیەوە بریندار کراوە کە بۆ بەشوێنداچوونی نێردراوە، کۆمەڵێك بەڵگەنامەی زۆریان لە لا دۆزیوەتەوە.

حاکم
فایەق عەلی

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٠**
**سێرڤیسی زانیاریی زەریاوانیی**
**تورکیا**

**هەڵبژاردەی چاپەمەنیی ژمارە ١٨٥ی ١ی تشرینی دووەمی ١٩١٩**

**پارتی کورد: ستاتووی پارتی کورد[*] کە لە کۆتایی تەواوبوونیدا دراوە بە وەزارەتی ناوخۆ، پەسەند نەکراوە. ئەو ئامانجەی کە ئەم پارتە پێشنیاری دەکات بەشوێنیەوە بچیٚ، لەگەڵ پێڕەوی پارتە سیاسییەکاندا ناگونجیٚ.**

**"بۆسفۆر"**

---

[*] پێدەچیٚ مەبەست لەم پارتی کورد-ە، پارتی دیموکراتی کورد بێت کە پێم وایە تا داشخرا، ئەم پارتە هیچ ئیجازەیەکی ڕەسمیی نەبوە، وەرگێڕ.

بەڵگەنامەی ژمارە: ٢١
کۆنستانتینۆپل، ٢٩ی کانوونی یەکەمی ١٩١٩

کۆمیسێریای بەرزی
کۆماری فڕانسا
لە ڕۆژهەڵات

بەشی کاروباری
سیاسی و بازرگانی
ئاسیا- ئۆقیانووس
ژمارە: ٧٦٦

لە بەڕێز کۆمیسێری بەرزی کۆماری فڕانسا لە ڕۆژهەڵات
بۆ بەڕێز جەنابی پیشۆن، وەزیری کاروباری هەندەران
لە پاریس

### ناڕەزایی کۆمەڵەی کورد

عەبدولقادر ئەفەندی، سیناتۆر و سەرۆکی کۆمەڵەی کورد کە بارەگەکەی لە کۆنستانتینۆپلە، نامەیەکی ئاڕاستە کردووم بۆ ناڕەزایی دژ بە چەند تێلێگرامێکی چەند سەرۆکهۆزی کورد کە لە چاپەمەنییەکاندا بڵاو کراونەتەوە و ئەمانە گەواهی پابەندبوونیانی تێدا بۆ حکوومەتی عوسمانی نیشان دەدەن.
من شەرەفی ئەوەم هەیە هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیەدا کۆپییەکی ناڕەزایی "عەبدولقادر ئەفەندی"تان بۆ بنێرم و پێم وایە دەبێ بەم بۆنەوەیەوە ئەوە دیاری بکەم کە، ئەوی ڕاستی بێ ڕۆژنامە حکوومەتییەکان گەلێك جار چەند تێلێگرامێکی چەندین کۆمیتە یا ڕێکخراوی کوردییان بڵاو کردۆتەوە کە ناڕەزایی بەرامبەر بە ویستی بێبەریکردنی گەلی کورد لەوەی وەکوو عوسمانی بمێنێتەوە، دەردەبڕن.

بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٢

کۆنستانتینۆپل، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ١٩١٩

## کۆمەڵەی کورد

جەنابی بەڕێز،

لەم مانگی کانوونی یەکەمی ١٩١٩یەدا، ڕۆژنامە تورکییەکان چەند تێلێگرامێکیان بڵاو کردۆتەوە کە بەناوی چەند سەرۆکهۆزێکی کورد بووە و لەو تێلێگرامانەدا پابەندبوونی خۆیان بۆ حکوومەتی تورک نیشان دەدەن.

ڕۆژنامەی "ژین"ی ئۆرگانی کۆمەڵەکەی ئێمە، ویستوویە بە بەڵگەی ماددی بکەوێتە خستنەڕووی ناڕاستیی ئەم تێلێگرامانەی دەستکردی ئەفسەرە ئیتیحادییەکانی سەر بەو هێزە ناسیۆنالیستە بەناوبانگە کە هەموو بیرۆیەکانی تەلگرافخانەکانی ئاسیای بچووکی خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆی و بە سەرکردایەتیی مستەفا کەمال دەستی بەسەر هەموو وڵاتدا ڕاگەیشتووە. بەڵام سانسۆر چەندین جار ڕێگەی لە بڵاوکردنەوەی ئەم وتارە سەرنجڕاکێشە گرت. کە وایە، ئێمە ناچارین سەرنجی جەنابتان بۆ ئەم کردەوەیە، کە ئێوە لە ئێمە باشتری لێ دەزانن، ڕابکێشین و تکاکارین بە کۆنفرانسی ئاشتیی ڕابگەیەنن.

جەناب، ڕێزلێنانی قووڵمان قەبووڵ بفەرموون.

سەرۆکی کۆمەڵەی کورد

(ئیمزا) حاریس

بەڵگەنامەی ژمارە*: ٢٣
کرد استقلال قومیتەسی
کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد




بۆ بەڕێز جۆرج کلیمۆنسۆ،
سەرۆکی کۆنفرەنسی ئاشتی لە پاریس

## داخوازینامەی ئەرمەنییەکان و
## ئەو بەڵگەنامانەی کە لەسەری ڕۆنراون

بەڕێز سەرۆك،

ئەوە تەنها ئەمڕۆیە کە ئێمە توانیمان کۆپییەکی ئەو یادداشتنامەیە وەدەست بخەین کە ڕۆژی ١٢ی شوباتی ١٩١٩ بەڕێز بۆغۆس نوبار** و ئا. ئاهرۆنیان***

---

* بەداخەوە ئەم بەڵگەنامەیە کە ئێمە لە ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگی فڕانسا وەرمان گرتووە، هیچ مێژوویێکی بەسەرەوە نییە و لەناو ئەو دۆسیەیەی کە لە ئەرشیڤیشدا هەڵگیراوە، تەنها بەگەڵ بەڵگەنامەکانی ١٩١٨-١٩١٩ دراوە و هیچ نووسراویێکیش نییە مێژووی ئەم بەڵگەنامەیەی تۆمار کردبێت. ئەگەر هەڵە نەبم کاتی خۆی کۆپیەکی ئەم یاددشتنامەیەم لە ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا بینیوە، ڕەنگە ئەگەر ئەم یادداشتنامەیە لەوێشدا بدۆزرێتەوە، دەشێ سەرەداوێکی مێژووی ڕاستەقینەی ئەم یادداشتنامەیەمان بەدەستەوە بدات. من بەزۆری بیرم بۆ ئەوە دەچێ کە، ئەم بەڵگەنامەیە هەر دەبێ لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩١٩ نووسرابێت و زۆریش وای بۆ دەچم لە مانگی تشرینی یەکەمدا نووسرابێ. جارێ تا کۆپییەکی دیکەی ئەم بەڵگەنامەیە یان سەرەداوێکی تەواو دڵنیامان دەست دەکەوێ، ئێمە ئەم بەڵگەنامەیەمان خستە کۆتایی ساڵی ١٩١٩-ەوە، وەرگێڕ.

** Boghos Nubar

*** A. Ahronian

به ناوی نەتەوەی ئەرمەنەوە پێشکەش بە کۆنفرەنسی ئاشتی‌یان کردووە. ئێمە بە ڕاشکاوانە دەڵێین سەبرێکی زۆری لێمان ویست تا بتوانین هەموو پروپاگەندەکانیان کە لەسەر بەڵگەی نادروست، لێکدانەوەی نادروست و ئاماری هەڵبەستراو ڕۆنراون، بخوێنینەوە.

ئێمە توانیمان زاڵ بین بەسەر ئەو تووڕەیی و قێزەونییە شەرعییانەی خۆماندا کە کاتی خوێندنەوەی ئەم بروبیانوانە تووشی بووین، ئێمە ئەم چەند دێڕە تاونبارکردنەمان چەند جارێك خوێندەوە.

یادداشتنامەی ئەرمەنییەکان دەنووسێ: ((هەموو ئەرمینیا لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا شەش سەدە دەبێ هەر تەنها کتێبێکی دوورودرێژی ناوی شەهیدانە لەگەڵ ڕەشەکوژیی ناوبەناودا)).

نەدەبوو لەگەڵ ئەم تاونبارکردنەدا بەڵگەیەکی ئاشکرای بهێنابایە، پێویست نەبوو مێژووەکان، شایەتحاڵەکانی ئەم سەرکوتکردنانەی بەدەستەوە بدابایە؟ بەڵام نەخێر، بەڕێزان، ئەرمەنییەکان هەر بەوەندە دەستبەردار دەبن بڵێن شەش سەدەیە ناوە ناوە لە لایەن عوسمانییەکانەوە ڕەشەکوژ دەکرێن و دەزانن بە باشی بڕوایان پێ دەکەن، چونکە سی ساڵ دەبێ پڕوپاگەندەیەکی هێندە گەورەی هەڵبەستراویان لەناو هەموو ئەوروپادا کردووە، بەجۆرێك کە دڵنیان لەوەی کە گوێچکەی میهرەبانانە دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی گوێیان لێ بگرن.

ئێمە مشووری وەڵامدانەوەی ئەم تاوانبارکردنانە بۆ ئینسیکلۆپیدیای بریتانی بەجێ‌دەهێڵین، ڕاستییەکەی لەوێدا نووسراوە: ((دوای داگیرکردنی کۆنستانتینۆپل لە ساڵی ١٤٥٣دا، محەمەدی دووەم ڕەعیەتە مەسیحییەکانی لەناو کۆمیونیتە یان میللەتدا لەژێر سەرکردایەتیی سەرۆکێکی قەشەدا ڕێكخست کە دەسەڵاتی ڕەهای کاروباری مەدەنی و ئایینی لەبن دەستدا بوو. لەسایەی ئەم سیستمەدا مەترانی ئەرمەنیەکانی بۆرسە لە لایەن سوڵتانەوە کرا بە پاتریارشی کۆنستانتینۆپل و بوو بە سەرۆکی مەدەنی و ئایینی کۆمیونیتەکەی و خۆی وەك ئەندامێکی ڕەسمیی حکوومەتی ئیمپراتۆری بە پلەوپایەی وەزیر ناسرا؛ بەشداریی ئەنجومەنێکی دەکرد کە پێك هاتبوو لە ئەسقۆفێك و کاهینێکی دیکە و

لــه هــەر هەرێمێکیــشدا ئەسـقۆفێك نوێنــەری بـوو. ئـەم *ئەمپراتۆریایــە لــە نــاو ئیمپراتۆریـادا** ، لـه ڕووی یاسـایـیـیـەوه شـوێنێکی تـەواو ناسـراوی گرتبـوو))
((...وەختێك عەبدولحەمید چووه سەر تەخت، ڕەوشی ئەرمەنییەکان لە باشترین حاڵدا بوو، هەرگیز لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا وەزعیان وا باش نەبووبوو، بەڵام بە کۆتایی هاتنی جەنگی ١٨٧٧-٧٨، ئیدی پرسی ئەرمەن لەدایك بوو...)).

دوورتر یادداشتەکە دەنووسێ:

((کەمتر لە ساڵێك دوای مەشرووتە[ی عوسمانی،و]، ڕەشەکوژیی (ئەرمەنییەکان) لە ئەدەنە بەڕێوە چوو کە نزیکەی ٢٠٠,٠٠٠ ئەرمەنی تێدا لەناو چوون)). بۆ ئـەوەی نـەوترێ یادداشـتانەمەکەی ئەرمەنییـەکان بێشـەرمانە بـە درۆ مـەرگی ٢٠٠,٠٠٠ی خۆیـان لـە ڕەشـەکوژیی ئەدەنـەدا دەباتـە پـێش. بـەگوێرەی کتـێبی زەردی حکوومەتی کۆماریی فڕانسا، تەواوی دانیشتوانی ویلایەتی ئەدەنە ٥٠٠ ,٤٣٩ کەس بووە، کە لەوانە ٤٠٣,٤٠٩ کەسیان موسڵمان و هـەر تـەنها ٩٧,٠٠٠ هـەزار کەسی ئەرمـەنی بـووه. کـەمێك لـە خوارتر، یادداشتنامەکە ئەم بانگەشـەیە لەبیر دەکات و دەقاودەق دەنووسێ:

((بەر لە جەنگ لە سیلیسیە Cilicie تەنها ٢٠٠٠٠٠ ئاسووری هەبوە، لە کاتێکدا ژمارەی ئەرمەنییەکان بۆ زیاتر لە ٢٠٠٠٠٠ کەس هەڵدەکشێ، وێڕای ئەو کۆچە گەورەیەی کە بەهۆی کوشتاری ساڵی ١٩٠٩وە لە ئەدەنە ڕووی دا)).

ئەگەر ٢٠٠,٠٠٠ ئەرمەنی ڕەشەکوژ کران و ژمارەیەکی زۆریش پەڕیوە بوون، کـە ئەمــە لــەناو دوو کەوانــەدا بــە هــیچ کلــۆجێ ڕاسـت نییــە، چـونکە هــیچ ئــاوارەبوونێکی ئەرمەنــەکان بــە هــیچ شـێوەیەك لــەم مێــژووەدا نــەبوە و بــە پێـچەوانەوە ژمارەیـەکی زۆری ئەرمـەنی پەناهەنـدە پـێش مەشـرووتە هاتنـە نـاو وڵات.- چۆن زیاتر لە ٢٠٠,٠٠٠ ئەرمەنی لەم بەشەی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا ماونەتەوە؟

وەفـدی ئەرمــەنی، بــە ئامــاژە دان بـەو هۆیانــەی کــە بۆچــی دەبـێ ئــەورووپا ئیمپراتۆریایەکیان پێ ببەخشێ، دەنووسێ:-

---

* *Impérium in Impéria*

((... دواجار لە قەوقاز دەبینرێن، کە تێیدا- بەبێ قسەکردن لەسەر ئەوەی کە ١٥٠,٠٠٠یان لە ڕیزەکانی سوپای ڕووسیادا لە هەموو بەرەکانی جەنگدا شەڕیان دەکرد،- سوپایەکی ٥٠,٠٠٠ سەرباز و هەزاران خۆبەخشکار (متطوع) بەبێ وچان لەژێر سەرکردایەتیی بالای ژێنێرال نەزاربێکیان*دا شەڕیان کردووە، هتد...)).

- بەڵام وەفدەکە لە یادی چووە باسی ئەو خیانەتە ترسنۆکانەیەی لێ زیاد بکات کاتێك هێزی ئەرمەنییەکان باکۆیان بە ئینگلیزەکان چۆڵ کرد، ئەوەی کە بە هیچ شێوەیەك سەراسیمەمان ناکات، چونکە ئەوان تەنها ئەوە دووبارە دەکەنەوە کە (شا) گەورەکەیان، تیگران، بە هاوپشتەکان و خەزووریی کرد:

یادداشتنامەکە دەنووسێ:

((ئەرمەنییەکان کە چەندین سەدەیە ژێردەستەی عوسمانییەکانن، بە هەموو لایەکی ئیمپراتۆریادا بڵاو بوونەتەوە. ژمارەیەکی زۆریان پەڕیوەی هەندەران بوون،- لە ڕووسیا،- لە ئەمریکا، بۆ ڕاکردن لەدەست ملهوڕی. بێگومان بەشی زۆرینەی ئەم ئاوارانە دەگەڕێنەوە ناو نیشتمانی ئازادکراویان. لە ئەنجامدا، ئەو ئامارانەی کە دەبێ لەبەرچاو بگیرێن، ئەوانەی پێش جەنگن، ڕەشەکوژیی سوڵتان عەبدولحەمید لە ساڵەکانی ١٨٩٤-٩٦دا، نەك هەر تەنها ٣٠٠,٠٠٠ قوربانیی لێ کەوتەوە، بەڵکوو هانی کۆچ پێکردنی بەشێکی گەورەی دانیشتوانی دا. ئەوە قەبووڵ نەکراوە کە تاوانەکان بتوانن بە قازانجی تاوانگێڕەکان بشکێنەوە و ئەنجامەکەی چارەنووسی بێنرخیان بنوێنێ بە قازانجی گەرەنتیدان بە زۆرینە و باڵادەستیی تورك دەستەبەر بکات. دەبێ دەنگی هەموو ئەرمەنییەکان، زیندوو و مردوو، ببیسرێ. ئەگەر ئەرمەنییەکان زۆرینەی ڕەها لەسەر تەواوی هەموو ڕەگەزەکانی ناو ویلایەتە ئەرمەنییەکان پێك ناهێنن، بەڵام ئەگەر لەگەڵ هەر یەکێك لەوانەدا بەراوردیان بکەین، زۆرینەن. بەر لە جەنگ، وێڕای کۆچکردنی کۆتایی سەدەی دوایی [سەدەی نۆزدەهەم، وەرگێڕ] ژمارەی

* Nazarbekian

ئەرمەنییەکان لەو شەش ویلایەتەی وا پێیان دەڵێن ویلایەتە ئەرمەنییەکان: ویلایەتەکانی تەرابزۆن و سیلیسیە لەوەی کورد و تورك پێکەوە زیاتر بوو. ١,٤٠٣,٠٠٠ ئەرمەنی بەرانبەر بە ٩٤٣,٠٠٠ تورك و ٤٨٢,٠٠٠ کورد بوو)).

بەوەی وا ئەم ژمارانە لەبیر دەکەن کە لە پاشکۆی ژمارە دوودا هاتوون، یادداشتنامەکە ژمارەی تورك و کوردەکان بە ١,٤٢٥,٠٠٠ دەخاتە بەردەست و بەجیا ٢٠٣,٠٠٠ قزڵباش، فەلە و ئێزیدی ڕیز دەکات، کە ئەوانە بەبێ ئەملاوئەولا کوردن، هەروا ٢١٠,٠٠٠ لاز، چەرکەس، عەرەب و فارس کە موسڵمانن. ئەگەر ئەم ژمارانە وەکو ژمارەی تەواو قەبووڵ بکەین، دەبینین لەکاتێکدا بانگەشەی ئەوە دەکەن کەوا زۆرینەن، بەگوێرەی ژمارە بەدەستدراوەکانی خۆیان بریتین لە ١,٤٠٣,٠٠٠ بەرانبەر بە ١,٨٣٨,٠٠٠ کەس، ئەم ژمارانە لە یادداشتنامەی تاییندا بەدەست دراون، بەبێ ئەوەی ئیشارە بە هیچ بەڵگەیەك یا هیچ سەرچاوەیەك کرابێ.

بە قەبووڵکردنی ڕوانینی ئەرمەنییەکان و هەتا بە ڕەچاوکردنی ژمارەی مردووەکانیشیان، ئێمە ئەو سەرژمێرییە بەدەستەوە دەدەین کە لە لایەن ژێنێرال زێلەنژییەوە ئامادە کراوە و ئینسیکلۆپیدیای بریتانی ڕایگوازتۆتەوە، ژمارەی دانیشتوانی نۆ ویلایەتی ناوبراو بەم شێوەیەیە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەرمەنییەکان............ | ٩١٣,٨٧٥ | یا | ١٥٪ |
| مەسیحییەکانی دیکە.... | ٦٣,٨٧٥ | یا | ١١٪ |
| موسڵمان................ | ٤,٤٥٣,٢٥ | یا | ٧٤٪ |

لە پێنج* ویلایەتەکانی ئەرزەڕۆم، وان، بتلیس، خارپووت، سیواس، دیاربەکر، کە ئەرمەنیان زۆرتر تێدایە، ژمارەی دانیشتوانەکەی بەم شێوەیەیە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەرمەنییەکان........... | ٦٣٢,٢٥٠ | یا | ٢٤٪ |
| مەسیحییەکانی دیکە..... | ١٧٩,٨٧٥ | یا | ٧٪ |

* سورەیا بۆ خۆی هەر شەش ویلایەتی نووسیوە، کەچی نازانم بۆچی بە نووسین نووسیویە پێنج ویلایەت، وەرگێڕ.

موسڵمان................. ١,٨٢٨,٨٧٠ یا ٦٩٪

لەو حەوت قەزایەش کە ژمارەی دانیشتوانی زۆرینەی ئەرمەنین، ڕێژەکە بەم شێوەیەیە:

ئەرمەنییەکان............ ١٨٤,٨٧٥ یا ٦٥٪

مەسیحییەکانی دیکە..... ١,٠٠٠ یا ٣٪

موسڵمان................. ٨٨,٦٥٠ یا ٣٢٪

وەفدی ئەرمەن ئەوەندە لە خۆی دڵنیایە کە ناتوانێ بیسەلمێنێ نەتەوەی زۆرینەیە لە کوردستان، یەکسەر دوای ئەوە بەڵگەیەکی دیکە دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە دەڤەرەکانی کوردەواری بە ئەرمینیاوە بلکێنێ. ڕاستیەکەی چەند دێڕێك دوورتر، ئەمە دەخوێنینەوە:

((لەولای دیکەوە، ژمارە تاقە فاکتەر نییە کە دەبێ لە قازانجی دیاریکردنی دانی زەوی‌وزارەکان و سنوورەکانی دەوڵەتی ئێمەدا بێ. دەبێ نەك هەر مردووەکان، بەڵکوو پلەی شارستانیش لەبەرچاو بگیرێ و بەو هۆیەوە کەوا ئەرمەنییەکان ئێستە تاقە توخمن بۆ پێکەوەنانی دەوڵەتێکی شارستان و پێشکەوتوو)).

ئێمە بە هیچ شێوەیەك خۆمان وەڵامی ئەم خۆهەڵکێشانە نادەینەوە، بەڵکوو تەنها بەوەندە دەستبەردار دەبین کە دەقاودەق ئەم چەند دێڕەی خوارەوە ڕابگوێزینەوە کە لە کتێبی "جۆرجیا و جەنگی ئێستا*"دا هاتووە، نامیلکەیەکە ساڵی ١٩١٥ چاپ کراوە:

((ئەوە ڕاستە کە ئەرمەنییەکان لە ناو چەند شار و هەتا لە تفلیس یش گەلێك زۆرن، بەڵام ڕۆڵیان لەوەی جوولەکەکانی پۆڵۆنیا، وارشۆ دەچێ. ئەرمەنییەکان سەرمایەی بازرگانی و سووخۆرییان لەبن دەستە کە بەو هۆیەوە لە هەر کوێیەك بن، چ لە ئاوایی و چ لە شار، بەشێوەیەکی دڵڕەقانە دانیشتوانە قەوقازییەکان دەچەوسێننەوە. ئەرمەنی شارەکانی قەوقاز، جۆری بازرگان یا سووخۆرن، ئەمە واتەی وایە بەڵایەکی خودان، بە تایبەت بۆ جووتیارەکان کە بەشێوەیەکی

* *La Géorgue et la guerre actuelle*

سیستماتیك بەدەستیانەوە چەوساوە و وێران بوون. ئەمە هۆی سەرەکی ڕق لێ بوونەوەی ئەرمەنییەکانە لە قەوقاز. کارەکانیان شوومە و هەر کۆمەڵگەیەك کە پێی تێدەنێن، لەبەریەکی هەڵدەوەشێننەوە. هات و هاواریان لە تەواوی ئەوروپا کە ئەوان توخمی شارستانیخوازی قەوقازن، تەنها داهێنانێکە بۆ خۆی. بازرگان و سووخۆری بێگانە هەرگیز ناتوانن لە ناو هیچ گەلێکدا ڕۆڵی شارستانیخواز بگێڕن.))

لە ترسی ئەوەی نەوەکا ئەوروپا ئەو شێوازەی بیستبێ کە ئەرمەنییەکان ڕەفتاریان پێ دەکرد و بەردەوام لە ساڵی ١٩١٤ وە بەرامبەر بە موسڵمانەکان ڕەفتاری پێ دەکەن، وەفدی ئەرمەن دەیەوێ بەم چەند دێڕەی خوارەوە ئەوروپا دڵنیا بکاتەوە: ((دانیشتوانە غەیرە-ئەرمەنییەکان کە دەکەونە ناو دەوڵەتی ئەرمینیا، ئەو ئازادییەیان دەبێ کە بە گوێرەی پرنسیپە قەبووڵکراوەکانی کۆنفرەنسی ئاشتی گەرەنتی کراون))

ساتەوەختی زۆر بە گومانا ویی بەکارهاتنی ئەم گەرەنتیە لیبراڵانە پێشتر لە سۆنگەی ئەو کرداره بەربەریانەوە کە لە لایەن ئەم ئەرمەنیانەوە لە وان- بتلیس- ئەرزەرۆم... هتد لە دەوران و لە ماوەی داگیرکردنەکانی ڕووسدا کردوویانە، ئەوە بە درۆ دەخاتەوە. سەرکردایەتیی ڕووس، بێزار و ناچار بوو چەندانێکیان لێ بگرێ تا درندایەتییان بوەستێنێ. وەختێك ئەم دەرو ناوچانە لە لایەن هێزەکانی تورکیاوە گیرایەوە، شوێنکاری بێئەژماری ئەم دڕاندایەتییەی ئەرمەنیەکانیان تێدا دۆزییەوە. شایەتحاڵێك کە دوای برینەکانی مرد، سوێند دەخوات و ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ئەوکاتەی لەگەڵ سوپای تورکیاوە چۆتە ناو بتلیس، بینیویە کچانی کورد بە مەمك بە قولاپی دووکانی گۆشتفرۆشەکانەوە هەڵواسرابوون. ئێمە دەتوانین هەروەها پەلامار و کوشتنەکان کە لە لایەن هێزەکانی ئەرمەن دژی موسڵمانەکان کراوە ئیزافە بکەین، دوای ئاگربەس، لە بەیرووت، حەڵەب و لە کاتی مانەوەی فەیلەقی ڕۆژهەڵاتدا لە دوورگەی قوبرس. دەسەڵاتکارانی ئینگلیز و فەرانسی ئەم دەرو ناوچانە دەتوانن چیمان وتووە پشت ڕاستی بکەنەوە.

وەفدی ئەرمەن بە دوو ڕستەی تر بە شوێن ئەم ڕستەیەدا دەچێ:

((یەکەم. لەو خەڵکانە بەشی لە هەموان گرینگتر کوردەکانن کە دابەش بوون بۆ کوردانی نیشتەجێ و کوردانی کۆچەر. زۆربەیان چیایین و هەمیشە وەك ئامرازی ڕەشەکوژی لەبن دەستی حکوومەتی تورکیادان. پەرەسەندنی سیاسییان لە سیستمی خێڵ تێپەری نەکردووە. کوردە نیشتەجێیەکان لە ئەرمەنستان لەژێر سایەی یاسادا دەژین، هەرچی تایبەتیشە بە کوردە کۆچەرەکان یاسای تایبەت هەیە کە ڕەوشی ترانس هیومانس* ڕێكدەخات بۆ پاراستنی ئاسایشی وڵات و ڕێگەگرتن لە کاری وێرانکاری.))

٢. هەڵبەت دەبێ تێبینی ئەوە بکرێ کە کوردەکان ژمارەیەکی بەرچاویان بە بنچینە ئەرمەنین، هەرکات هەژموونی تورك نەما، چەسپاندنی ئالیکاری لەنێوان هەردوو ڕەگەزی ئەرمەن و کورددا ئاسانە. ئەرمەنییەکان داوایان لێدەکرێ بە قازانجی ئاڵوگۆڕەی نێوان هەردوو گەلدا کارێك بکەن کوردەکان سوودمەند بن لە خێر و بێری شارستانی.))

وەفدی ئەرمەن کە کوردەکان بە تالانچی و پیاوکوژ تاوانبار دەکات، بە هیچ شێوەیەك، هۆیەکانی ئەو ڕەوشانە دیاری ناکات کە تێیدا کوردەکان ئەم کارانەیان کردوون. ئێمە لە پێشتردا وتمان و جارێکی دیکەش بۆ هەموو ئەوروپای دووبارە دەکەینەوە کە کورد هەرگیز ئەرمەنیەکانیان نە تالان کردووە و نە کوشتووشیانن. کوردەکان دژ بە پەلاماری ئەرمەنییەکان داکۆکییان لە خۆیان کردووە، بەڵام بڵێی بشیایە بەرامبەر بە خیانەت و پەلاماری ترسنۆکانەی ڕەگەزێکی سپڵە کە ماوەی چەندین سەدە لای خۆی حەواندبێتیەوە و قەبووڵی ئەوەی بووبێ ماڵو زەوی‌وزاری خۆی لەگەڵدا بەش بکات، کارێکی دیکە بکرابایە. بۆیە لە سۆنگەی بەدبەختییانەوە لەبەر لاوازیی ئەرمەنییەکان دڵیان ڕاگرتوون؟ کورد بە هیچ شێوەیەك نە دزییان لە ئەرمەنییەکان کردووە- چونکە ئاینەکەیان بە توندی پێشیان لێدەگرێ- و نە کوشتاریشیان لێکردوون، بەڵکوو دژ بە دەستدرێژیی وەحشیگەرانەی ئەرمەنی داکۆکییان لە خۆیان

* transhumances

کردووە. ئێمە تەحەدای وەفدی ئەرمەنی دەکەین یەك تاقە حاڵەتمان نیشان بدات کە کوردەکانی تێیدا دەستپێشخەر بووبن لە ڕەشەکوژی و تالآن و بڕۆ. بە پێچەوانەوە ئەوە بە دان پیانانی ئەرمەنەکان خۆیان، ماوەی ئەم چوار ساڵەی دوایی، وێڕای هەموو خیانەتێکیان، هۆزە کوردەکان دووبارە پێشوازییان لیٚکردنەوە و سەدان هەزار ئەرمەنیان پاراستووە. ئەرمەنییەکان دەتوانن تاکە حاڵەتێکمان پیٚ بڵێن کە یەك کوردیان تێدا لە تەنگانە دا پاراستبیٚ؟ ئەرمەنییەکان چییان کرد بۆ پاراستنی کوردەکان، وەختێك هێزەکانی تزار بەشێکی کوردستانیان داگیر کرد؟ ئەوە تا ئەو شێوەیە نەبوو کە ئەرمەنییەکان لە هەر شوێنێك داگیرکارەکان بچووبانە ناویەوە، نیشانەی ڕەشەکوژی و تالآن و بڕۆییان لە هەموو لایەك هەڵکرد.

بۆ وەڵامی بانگەشەی ئەرمەنەکان لەبارەی پەرەستاندنی سیاسیی نەتەوەکەیان و ئەوەی کوردەوە، ئێمە تەنها ئەوەمان لەسەرە ئیشارە بەو ئیمپراتۆریا گەورەیە بدەین کە بە هەموو لایەکی سوریا ڕادەگەیشت، میزۆپۆتامیا، میسر و کوردستان بەمانای تەواوی وشەکە، کە لە لایەن سەلآحەددینی گەورەوە دامەزرا- شانشینی نەینەوا- میرنشینەکانی دینەوەر- شاری زوول- دەر [دەرەتەنگ]- ئەردەڵان- ئامێدی- گۆرکێل- فینك- هەکاری- حەسەن کێف،- چەمشگەزەك، - مەرداسی،- ئەگیل،- ساسۆن،- حیەسەن،- کیلس،- شێروان،- جزیرە،- گردکان،- ئیتاخ،- تەرجیل،- سوێدی،- سلێمانی،- سەهران [سۆران]،- تەرگەوەڕ،- کەلی داود، -پڵنگان،- بتلیس،- شیروان، - غارزان،- بوهتانی بەخۆوە گرتووە.

لەبارەی بانگەشەی ئەوەی کە هۆزە کۆچەرەکانیان ڕێك خستووە، ئێمە لەناو ئەم دێڕانەدا بڕیاری قەڵاچۆکردنی ئەم مرۆ شیرپاك و جوامێرە چیاییانە دەخوێنینەوە.

هەرچی ئەو بانگەشەشیانە سەبارەت بە بنچینەی ئەرمەنیی ژمارەیەکی بەرچاوی کورد، ئەوەش وەك باقی شتەکانی دیکە هەڵەیە. ئێمە بە ڕاگوێزانی دەقێکی ئینسیکلۆپیدیای بریتانی وەڵامیان دەدەینەوە:

((کورد پێشتر ئەوەندە بەس بوو کە وەك نەوەی کاردۆخییەکان کە ڕێگەیان لە کشانەوەی سوپا دە هەزارییەکە گرت لە ناو چیایەکاندا وەسپ بکرێن، بەڵام لێکۆڵینەوە نوێیەکان ڕابووردوویان تا دەورانێکی تەواو پێش هاتنی گریکەکان خستۆتە بەرچاو. لە یەکەمین ڕۆژەکانی مێژوودا چیایەکان کە دەیانڕوانییە سووریا گەلێکی تێدا ژیاوە بەناوی گۆتۆوە،- ناونیشانێك کە واتەی (جەنگاوەر) دەگەیاند و لە ئاسووریدا بە واتە و هاوواتای گاردۆ یا کاردۆ تەرجەمە کراوە. بە شێوەیەکی ورد زاراوەی بەکارهاتووی سترابۆن بۆ لێکدانەوەی کارداکەکان بەکار هاتووە. ئەم گۆتۆییانە ڕەگەزێکی ئەوەندە بەهێز بوون، شایستەی ئەوەن لەناو یەکەمین هەڵکۆڵینە بزمارییەکاندا دانرێن بە هەمان پلەی هیتییەکان، سوستان، ئەلەمیت و ئەسدێکیانسی بابل-)).

بە هەمان شێوە لەم بانگەشەکردنەشدا، ئێمە بەو چەشنە وا تێی گەیشتین کە دەوڵەتی لیبراڵی ئەرمەن هەقی ئەوە بە خۆی دەدات ئەو کوردانەی وا بەدبەخت بن بکەونە ناو سنوورەکانیەوە بیانگۆڕێ بۆ،-ئەرمەنیزم-، بە بیانووی ڕاستکردنەوەی ئەو بێدادییەی کە پێش سێزدە سەدە کراوە و دووبارە منداڵەکانیان کە لەناو مێگەلدا ون بوون، بسازێننەوە.

یادداشتنامەی ئەرمەنییەکان داوای ویلایەتەکانی وان، بتلیس، دیاربەکر، خارپووت، ئەرزەڕۆم، دەکات وەك بەشێك لە ئەرمێنیا، بەپێی ئەو بنەمایەی کە لەسەر ئەو هۆیانە ڕۆنراوە و کەمێك پێشتر ئیشارەمان پێدا و شیمان کردەوە. ئێمە، ئەم خاڵە ڕەچاوکراوانەی خوارەوە نەبێ، هیچ شتێکمان نییە بیخەینە سەر ئەم شیکردنەوەیە.

یەکەم: ئەرمەنییەکان هیچ بەڵگەیەکی ڕاست و دروست نادەن بەدەستەوە بۆ پشتگیریکردنی بانگەشەکانیان.

دووەم: سترابۆن لە نەخشەکەی خۆیدا، هیچ هەرێمێك لەم هەرێمانەی نەخستۆتە ناو سنووری ئەرمینیا.

سێیەم: داگیرکاریەکانی تیگران لە کوردستان تەواو کاتی بوون و هەتا لە سەردەمی ژیانی خۆیدا لێی سەندرانەوە.

چوارەم: ئینسیکلۆپیدیای گەورەی فڕانسی، کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشان دەکات:

((کوردستان لە هەرێمی لوڕستانی ئێرانەوە درێژ دەبێتەوە تا خارپووت، جێگەی بەیەك گەیشتنی هەردوو چڵی فورات–ن لەسەر درێژاییێکی ٩٠٠ کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژئاواوە بۆ باشووری ڕۆژئاوا و پانییەکی ١٠٠ تا ٢٠٠ کیلۆمەتر لەسەر هێڵەکانی ٣٤ و ٣٩ پانی و ٣٧ و ٤٦ی درێژی لە ڕۆژهەڵات. شیوە سەرەکییەکانی کوردستان بریتین لە بامانچای ڕووباری بتلیس، هەردوو زێی ئەدهەم و شیروان. زنجیرە بەرزاییەکانی زاگرا و گۆلی وان وەك قەڵای ئەم دانیشتوانە مێژوویی و جەنگاوەرەن)).

پێنجەم: نیوتالس، لە پێناسەکردنی ئەرمینیادا، دەنووسێ: ((وڵاتێکە لە ئاسیای ڕۆژئاوا، لە ڕۆژئاوای ڕووباری خەزەر و لە باکووری چیایەکانی کوردستان.))

شەشەم: یادداشتنامەکە پشتیوانی لەوە دەکات کە دیاربەکر پایتەختی تیگران بوو و ناوی ڕاستەقینەی تیگرانۆسێرت بووە. بەڵام لە کتێبی "*Les Hommes Illustres*"ی پلوتارکدا ئەم چەند دێڕەی خوارەوە هاتووە کە دەتوانێ بە شێوەیەکی ورد پێ لەسەر بەهای ئەم بانگەشەیە دابگرێ.

لوکویو بە هەر شێوەیەك بێ تیگران تووڕە دەکات بۆ شەڕێك، بەڵام هیچ شتێك ناتوانێ دنەی دوژمنێکی دووجار دۆڕاو بدات. ئەودەم لوکوللیو ڕێگەی هەڵکوتانە سەر ئاراتاکسا، پایتەختی دەوڵەتەکانی تیگرانی گرتە بەر کە ژن و منداڵەکانی لێبوو...))

حەوتەم: هەمان نووسەر وەسپێکی ئەو شەڕەمان دەداتێ کە لە نێوان سوپای تیگران و لوکوللیوەکاندا ڕووی داوە؛ کە گەمارۆی تیگرانۆسێرت* دەدرێ، دەنووسێ: ((وەختێك تیگران بە چیای تۆرۆسدا تێپەڕ بوو و کە بە خۆی و سوپاکەیەوە بەدیار دەکەون، دەبینێ ئەوا لاکیولوس بەرامبەر بە تیگرانۆسێرت دایکوتاوە.... سبەینێیەکەی لەگەڵ هەتاو کەوتندا، لاکیولوس سوپاکەی خۆی لە

* Tigranocerte

پێدەشــتەکە دەکاتــە دەرەوە. تیگــران و ســوپاکەی لەســەر کــەناری ڕۆژهــەڵاتی ڕووبارەکـە بـوون، کـە بەرەبـەری ئێـوارەی خـۆر ئـاوابوون لـەم ناوچـەیە پێـچیان کردەوە و بە ئاسانی لە تەنکەی ڕووبارەکە پەڕینەوە.))

کەوابوو دەچڵە، بە هیچ شێوەیەك بەرامبەر بە دیاربەکر پێچ ناکاتەوە و هیچ چیایەکیش نییـە بەناوی چیای تۆرۆسـەوە کـە لـەوێوەوە دیاربـەکر ببینین. ئەمـە بەڵگەیەکی ڕوونە کە دیاربەکر بە هیچ شێوەیەك تیگرانۆسێرت نەبوە. هەرچی پایتەختی تیگرانە، پلوتارك بە ڕوونی پێمان دەڵێ کە ئاراکساتا بووە.

وەفدی ئەرمەنی لە باسکردنی پرسی سنووردا دەنووسێ:

((ئــەوەی تایبەتــە بــە ســنوورەکان، دەبــێ ئێمــە ئــەوە بڵــێین کــە، وەختێــك عەبدولحەمید سنووره ئیدارییەکانی ویلایەتەکانی کێشا، بەشێوەیەك کە بەزۆر ناوچەی غەیرە ئەرمەنی لە هەر ویلایەتێکیان، بەشێوەیەك تاوەکو زۆرینەی تورك بپارێزێ.بەهەمان نیازەوە چەندین کۆڵۆنی چەرکەس و موسڵمانی کۆچکردووی دیکەی ڕووسیا یا باڵکانی خستە ناو ناوەندی ئەو ناوچانەی کە ئەرمەنی تێدا دەژیان. کەوابێ دەبێ پێداچوونەوەیەکی گشتی بۆ سنوورەکان بکرێ، هتد...)).

لــە خوێندنــەوەی ئــەم چــەند دێــڕەدا نــاکرێ بــەر بــە هەســت کــردن بــە سەرسـوڕمانێکی گـەورە بگـرین، ئەگـەر ڕووسـەکان، بوڵگارەکـان، سـێربەکان و یۆنانییــــەکان مامەڵــــەی خراپیــــان لەگــــەڵ موســــڵمانەکاندا کــــردووە و چەوساندوویاننەوە تا ناچاریان کردوون زێدی خۆیان جێبهێڵن.

ئایـا ئـەوە گونـاهی ئیمپراتۆریـای عوسمانییـە؟ ئەگـەر حکوومـەتی ئیمپراتۆریـای عوسمانی ڕاوی ئەم کۆچ پێکراوە سیاچارانەی نەناوە کە لە ڕەوشێکی ئینسانیی نالەباردا بۆی هاتوون، بڵێی بیتوانیبایە ئەوە بکات؟ ئەگەر ئەم کۆچ پێکراوانە، لایان وابـێ بەشـی ئـەوروپیی ئیمپراتۆریـا بـە هـەمان چارەنووسـی خـەمناکی زێدەکـەیان هەڕەشـەلێکراو بـێ و بیانـەوێ لـە ئاسـیا نیشتەجێ، بڵێـی حکوومـەتی عوسمـانی بتوانێ و کارێکی ئاقڵانەبێ ڕێگەیان لێ بگرێ؟ بە دانپیانانی ئەرمەنییەکان خۆیـان، ڕەگـەزی ئـەوان لـە تـەواوی ئاسـیادا پـەرت و بـڵاو بوونەتـەوە، و نـاتوانین هـیچ هەرێمێکی عوسمانی بدۆزینەوە کە چەند ئەرمەنییـەکی تێیدا نـەبێ. بەگوێرەی ئەم

ڕەوشە، هەرکام لە ویلایەتە تورکییەکان کە کۆمیونیتەیەکی ئەرمەنی تێدا بێ، دەکرێ بخرێتە ڕیزی ئەو ناوچانەی کە ئەرمەنیەکانی تێدا دەژین. لە ڕەوشێکی ئاوهادا بڵێی لە ئیمپراتۆریای عوسمانی قەدەغە بووبێ ئەم چارە ڕەشانەی وا لەناو شکۆمەندیی خۆیاندا لە ئەوروپا ون بوون، لەسەر ئەو زەویە کە هێشتا لە ئاسیا بەدەستیەوەیە کۆبکاتەوە ؟ ئێمە لامان وایە بانگەشەیەکی ئاوها هەموو پێوانەیەکی تێپەڕاندووە. لەو لای دیکەوە ئێمە ئەوە دووپات دەکەینەوە کە هەرگیز هیچ کۆچکردنێك نەبوە بۆ کوردستان و ئێمە تەحەدای وەفدی ئەرمەنی دەکەین بەڵگەی پێچەوانەمان بەدەستەوە بدات. ئەگەر وەفدەکە بانگەشەی ئەوە دەکا، دەبێ مێژوو، ژمارەی کۆچکراوەکان، – ئەو وڵاتانەی کە لێیەوە هاتوون، لەکوێ نیشتەجێ بوون، بە بەڵگەوە پشت ڕاست بکاتەوە.

وەفدی ئەرمەنی داوای پێکهێنانی چەند کۆمسیۆنێکی دیاریکردنی سنوور دەکات، کە لە چەند وەفدێکی هێزە گەورەکانی گەرەنتیکار پێك هاتبێ، چەند کۆمیسێرێکی ئەرمەنی بەشداریی تێدا بکەن، کە، ئەرکی ئەوەیان پێ سپێردرابێ سنوورە کۆتاییەکانی ئەرمێنیا لە شوێنەکان دیاری بکەن؛ ئەوانە ئەوپەڕی دەسەڵاتی تەواویان هەبێ هەموو ئەو ئاستەنگانە بەلایەکدا بخەن کە کاتی ڕەنگ ڕشتنی سنوورەکانی سەر نەخشە لەسەر زەوی لەگەڵ وڵاتانی هاوسێی خۆیاندا دێنە پێشەوە و هەروەها مشووری ئەوە بخوات کە ئەندامانی وڵاتە هاوسێیەکان دوور بخاتەوە.

تۆ بڵێی پێویست بکات سەرنج بۆ ئەم داوایە ڕابکێشین کە دەیەوێ ئەوروپا بخاتە ژێرباری ئەوەی بیکات بە جەلادی گەلانی ئەو وڵاتەی کە لە لایەن ئەرمەنیەکانەوە چاوی تێبڕاوە؟ بۆچی وەفدی ئەرمەنی بۆ خۆی دەیەوێ وەفدی وڵاتانی هاوسێ لەم کۆمسیۆنە دوور بخاتەوە، ئەگەر ئەوە بەو نیازە نییە ڕێگەیان لێ بگرێ داکۆکی لە مافی پیرۆزی خۆیان و وڵاتی خۆیان بکەن و بەر بە لە ڕاپەڕاندنی درامایەکی تۆقیو بگرێ کە دەیەوێ بە وڵاتانی هاوپەیمانی بکات.

بڵێی پێویست بێ مشتومڕ لەسەر داوایەکانی وەفدی ئەرمەنی بکەین سەبارەت بەو ئەرکانەی وا دەوڵەتانی هاوپەیمان کە ئەرکی مانداتی پێ

دەسپێردریٚ لە ئەرمێنیا دەیپارێزن ؟ لە پەرەگرافی ٥ دا، ژماردنی پیتەکانی A, B, C, D و E ، ئەمەیان بۆ خۆیان بە تەنیا بەسە بۆ ئەوەی نیازی خراپ و خۆپەرستیی تاوانکاریی وەفدی ئەرمەنی بسەلمێنێن.

وەفدی ئەرمەنی، لە باسکردنی دانیشتوانی ئەو دەرو ناوچانەدا کە چاوی تیٚبڕیوە، دەنووسیٚ:

١) تاوەکوو نیوەی سەدەی هەژدەهەم دانیشتوانی ئەرمەنی زۆرینەی ڕەها بوون لە ئەرمێنیای تورکیا.

٢) ماوەی پەنجا ساڵەی دوایی سەدان ئاوایی ئەرمەنی، کە وەسپیان لە ئەدەبی ئێمەدا هاتووە، بەر لە ٤٠ یا ٥٠ ساڵ ون بوون؟

٣) حکوومەتی تورك، تورك، کورد، چەرکەسی ئاوارەی باڵکان و قەوقازی لەشوێنیان نیشتەجیٚ کردن))،

بۆیە،

١- وەفدی ئەرمەنی کە لە سەرەتای یادداشتنامەکەیدا ئەوە دووپات دەکاتەوە کەوا ئەو ڕەگەزەی وا نوێنەرایەتیی دەکات مێژوویێکی هەیە شەش سەدە دەبیٚ لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا هەر تەنها کتێبێکی دووروودرێژی ناوی شەهیدانە لەگەڵ ڕەشەکوژێیکی ناوبەناودا" بە دانپیانانی دواین جەخت کردنەوە کە، ٥٠ ساڵ پێشتر ئەرمەنییەکان هیچ کوشتاریان لێنەکراوە چونکە ئەرمەنییەکان زۆرینەی خۆیان، واتە ژمارەی پێش دەسەڵاتی عوسمانییان پاراستبوو.

بەوپێیەی ئەم تێبینییەم لا دروست بوو، ئێمە کاتی چوونە سەر ئەم باسە ئامارە هەرە کۆنەکان دەهێنینەوە بۆ ئەوەی موناقەشەی ڕاستی ئەم زۆرینەیە بکەین، هەڵبەت دوای زیادکردنی ئەوەی کە هیچ مێژوویێك ئەوەمان بۆ ناسەلمێنیٚ ئەو ویلایەتانەی وا لە لایەن ئەرمەنیەکانەوە داواکراون، لەماوەی شەش سەدە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی بووە.

دوای پەیماننامەی بەرلین، کۆمسیۆنێك کە پێکهاتبوو لە ژێنێراڵ بەکر سەعید پاشا و میناس ئەفەندی، نێردران بۆ ئەو ویلایەتانەی کە ئەرمەنیەکانی تێدا دەژیان بۆ سەرژمێریی دانیشتوان.

لــە ڕاپۆرتەکــەدا وەك نموونــە، ئیــشارە بــەو بەشــە دەکــەین کــە تایبەتــە بــە ویلایەتی دیاربەکر:

دانیشتوان.......٨٤٠,٠٠٠ کە ٦٠٠,٠٠٠ موسڵمانن:

٢٤٠,٠٠٠ مەسیحین: کە لەمانەی دوایی ٪١٥ی ئەرمەنین.

ساڵی ١٨٩٥، شازادە لوبانۆڤ ئەوە دووپات دەکاتەوە[١٣] کە ئەرمەنییەکان تەنها لە بتلیس، ئەنگۆرە و ئەلکسەندەرییە زۆرینەن.

بەڕێز گابریێل هانۆتوو* هەر لە ساڵی ١٨٩٥، بە سیفەتی وەزیری کاروباری دەرەوەی کۆماری فڕانسا لە ناو پەرلەمانی فڕانسیدا ئەوە دووپات دەکاتەوە کە، هیچ هەرێمێك لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا نییە کە بتوانین پێی بڵێین ئەرمەنییە.

٢- ئێمە داوا لە ئەرمەنییەکان دەکەین پێمان بڵێن کوان (ئەو سەدان ئاواییانە)ی کــە ون بــوون- ناویــان، مێــژوو و شــێوازی ونبوونیــان و بەڵگــەی پێویــست بــۆ پاڵپشتیکردنی قسەکانیان.

٣- لــە باڵکــان، نــەك لــە قــەوقاز، بــە هــیچ شــێوەیەك کــورد نــەبوە کــۆچ بکــەن بــۆ کوردستان، ئێمە ئەوە دووبارە دەکەینەوە کە نە تورك و نە چەرکەس ئەوەیان نەکردووە.

وەفــدی ئەرمــەن بانگەشــەی ئــەوە دەکــات کــە، بــەر لــە جــەنگ تــوخمی هــەرە گرینگــی دانیــشتوان، لــە ڕووی زۆرینــەی نیــسبییەوە لەچــاو هــەموو توخمــەکانی دیکــەدا، تــوخمی ئەرمــەن بــووە: بــەڵام هــیچ بەڵگەیــەك ئــەوە دووپــات ناکاتــەوە کــە وەفدەکە هێندە ئازایانە دەیڵێ.

وەفدی ناوبراو بانگەشەی ئەوە دەکات کە نابێ بە هیچ شێوەیەك پشت بە ئەژمارە تورکییــەکان ببەســترێ بــۆ زانــینی ڕێــژەی نێــوان توخمــە هەمەچەشــنەکانی ویلایەتــە داواکراوەکان. جا کەوابێ تەنها بگەڕێینەوە سەر ئەژمارەکانی پاتریارشی ئەرمەنی و ئــەوەی وەفدەکــە؟ ئــەو پرنــسیپی مافــە چــییە کــە ئــەو ئەژمارانــەی وا لــە لایــەن ســکاڵاکارەوە پێــشکەش دەکرێن، قــەبووڵ بکــات؟ بەشــێوەیەکی سروشــتی، وەفــدی

---

[13] *Livre Bleu Britannique, de 1896*, Page 16.

Gabriel Hanotaux *

ئەرمەنی کە دەزانیٚ و ئاگادارە هەموو گەواهییە بیٚلایەنەکان بەبیٚ جیاوازی بە درۆی دەخەنەوە، دەیەویٚ قۆناغیٚکی نویٚی یاسایی بکاتەوە و وا بکات هەموو ئەوانەی دەیلیٚ، وەك بەڵگەی حاشاهەڵنەگر قەبووڵ بکریٚن.

یادداشتنامەی ئەرمەنی بۆ ئەوەی بیسەلمیٚنیٚ ئامارە تورکییەکان ڕاست و دروست نین، دەنووسیٚ:

((حکوومەتی تورك ژمارەی ٨٠,٠٠٠ بۆ ئەرمەنییەکانی ویلایەتی وان بەرچاو دەخات. کەوابوو بەشیٚوەیەکی حاشاهەڵنەگر ئەوە چەسپاوە کە ژمارەی ئەرمەنییەکانی ئەم ویلایەتەی وا لەکاتی دوایین ڕووداوەکاندا پەناهەندەی ڕووسیا بوون، لە ٢٢٠,٠٠٠ سەرووتر بووە)).

بەر لە هەرچی، یادداشتنامەی ناوبراو لەسەر چ بنەمایەك پیٚمان دەڵیٚ بەشیٚوەیەکی حاشاهەڵنەگر ئەوە چەسپاوە، هتد. سەیر ئەوەیە کە یادداشتنامەکە لە یەکەم پاشکۆی خۆیدا ژمارەی ١٨٥,٠٠٠ بۆ دانیشتوانە ئەرمەنییەکانی ویلایەتی وان بەدەستەوە دەدات، بە ڕاپەرموونە ئەوە دووپات بکاتەوە بلیٚ ئەوە بەشیٚوەیەکی حاشاهەڵنەگر چەسپاوە کە ژمارەی ئاوارەکانی ئەم ویلایەتە لە ٢٢٠,٠٠٠ کەس زیاتر بووە.

دوای ئەم بەڵگەیە کە نیازی خراپ بەدیار دەخا، ئیٚمە داوای لیٚبووردن دەکەین لەوەی ئەگەر دڵنیایی ئەوە بدەین کە ئەوە وەفدی ئەرمەنییە کە ساختەکاری لە ئامارەکاندا دەکات. چەند دیٚریٚك کەمیٚك دوورتر، وەفدی ئەرمەنی هەڵەی کردووە لە نیشاندانی ئەو بوڵتەنەی ساڵی ١٩١٦ کە، لە لایەن American Comitte for Armenians of Syria relief بڵاوکراوەتەوە و تیٚیدا ژمارەی ئەرمەنییە ئاوارەکانی ویلایەتەکانی وان، بتلیس، دیاربەکر، خارپووت، ئەرزەڕۆم، تەرابزۆن، سیواس، ئەدەنە، حەڵەبی تیٚدا بەسەر یەکەوە بە ٢٢٠,٠٠٠ کەس دادەنیٚ.

ئەگەر لە یەك تاکە ویلایەتی وان ٢٢٠,٠٠٠ ئاوارە هەبوویٚ، چۆن دەبیٚ ژمارەی سەرجەمی ئاوارەکانی نۆ ویلایەت ٢٢٠,٠٠٠ کەس بوویٚت؟ کیٚ باوەڕ دەکات؟ وەفدی ئەرمەنی، یان ئەو بوڵتەنەی کە وەفدەکە بۆ پاڵپشتی قسەکانی ئاماژەی بۆ دەکا؟

وەفدی ئەرمەن، بەوەفا لەگەڵ سیستمی خۆیدا، بەبێ هیچ بەڵگەیەکی تر، جگە لە ئامارەکانی پاتریارشی ئەرمەنی، بانگەشەی ئەوە دەکات کە ژمارەی ئەرمەنییەکانی تورکیا ساڵی ١٨٩٢ بە ٢,٦٠٠,٠٠٠ کەس خەملێنراوە لەوانە ١,٦٨٠,٠٠٠ کەسیان لە شەش ویلایەتەکە ژیاون و ساڵی ١٩١٢ ئەم ژمارەیە ٢,١٠٠,٠٠٠ و ١,٠١٨,٠٠٠ بووە–کەوابوو کەمبوونەوەیەکی ٥٠٠,٠٠٠ کەسی هەیە.

ئەگەر ئەم ژمارەیە لەگەڵ ئەو ژمارانەدا بەراورد بکەین کە ئامارەکە ڕەسمییەکانی فرانسی لە ساڵی ١٨٩٢دا بەدەستیەوە داون، کەوا ژمارەی دانیشتوانە ئەرمەنییەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی بە ١,٤٧٥,٠١١ کەس دادەنێ، تێبینیی ئەوە دەکەین کە وەفدی ئەرمەنی ١,١٤٢,٩٨٩ی پێوە ناوە، ژمارەیەکی زۆر گرینگ.

وەفدی ئەرمەنی داوا دەکات، نەك هەر مردووەکانی سەدەی ڕابووردوو لەگەڵ ژمارەی نەتەوەکەیان حسێب بکرێ، زیاد لەوە شتێکی تاڕادەیەك سەیرو سەمەرەی تریشیان داهێناوە بەوەی دەڵێن: ((ڕەگەزێکی منداڵ زۆری وەکوو ئەرمەن دەبوایە بەهۆی لەدایکبوونەوە ژمارەیەکی ئاوای زیاد بکردبایە کە دەبوو بەلای کەمییەوە بە ٥٠٠,٠٠٠ بخەملێندرێ))، – وەفدەکە داوا دەکات ئەو ئەرمەنیانەی– کە لەدایك نەبوون، بەڵام– بەگوێرەی وەفدەکە– دەبوو لەدایك بوونایە... دەبوو بەبێ تورکەکان حسێب بکرانایە، هەروەك ئەوەی لەدایك بووبن و ژیابن.

بەم بەڵگەهێنانەوەیە وەفدی ناوبراو بەم شێوەیەی خوارەوە ژمارەی ئەرمەنییەکانی دەستنیشان دەکات:

– ئەوانەی بەر لە جەنگ ڕەشەکوژ کراون.......... ٥٠٠,٠٠٠
– ئەوانەی لەدایکبوونیان لە لایەن
تورکەکان ڕێی لێ گیراوە................................ ٥٠٠,٠٠٠
– ئەوانەی لەکاتی جەنگدا مردوون............... ١,٠٠٠,٠٠٠
– سەرجەم ........................................... ٢,٠٠٠,٠٠٠

وەفدی ئەرمەن ژمارەی دانیشتوانی ئەرمەنەکانی ئەو ویلایەتانەی –وەك ئەو ناوی دەنێ– بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشان کردووە:

ئەرمەنی تورکیا........................................ ١,٤٠٣,٠٠٠

ئەرمەنی قەوقاز......................... ١,٢٦٩,٠٠٠

لە ناوچەکانی تورکیای ئاسیاویی........... ٤٤٠,٠٠٠

لە ناوچەکانی قەوقاز.......................... ٥٠٨,٠٠٠

لە ئێران........................................... ١٤٠,٠٠٠

لە کۆنستانتینۆپل و تورکیای ئەوروپی.... ١٨٣,٠٠٠

لە ڕووسیا، قەوقاز، سێپتێنتریۆنال......... ٢٥٠,٠٠٠

لە ئەوروپا، میسر و هیندستان............. ١٢٠,٠٠٠

لە ئەمریکا.......................................... ١٣٠,٠٠٠

واتە سەرجەم بەسەریەکەوە................ ٤,٤٧٠,٠٠٠

وەفدەکە دەگاتە ئەوەی بانگاشەی ئەوە بکات کەوا لەسەر گۆی زەوی ٤,٤٧٠,٠٠٠ ئەرمەنی هەیە. ئێمە داوای بەخشین دەکەین لەوەی وا ئەوەندە خۆتێهەڵقورتێنین (فزولی)، دەمانەوێ بەتەواوی بزانین سەرچاوەی ئەم ژمارانە چییە؟

ئێمە زۆر سەراسیمە بووین کە لەم یادداشتنامەیدا ئەوەمان خوێندەوە ((یۆنان، لەکاتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی خۆی، هەر تەنها ٣٠٠,٠٠٠ تا ٤٠٠,٠٠٠ یۆنانی لێبووە)) و بە هیچ شێوەیەك ئەم ڕستە پشتی بە هیچ سەرچاوەیەك نەبەستووە، لەکاتێکدا ئامارە زۆر ناسراوە ئەوروپییەکان، ژمارەی ئەمانەی دوایی بە ١,٢٠٠,٠٠٠ کەس دادەنێن.

وەفدی ئەرمەنی بۆ خۆیان هەست بە بێداروباریی ئەو ژمارانە دەکەن کە دروستیان کردوون بۆ ئەوەی دەری بخەن زۆرینەن، دەڵێ: ((تەنها یەك تاقە ڕێسای ڕاست و دروست هەیە کە دەکرێ لەبەرچاو بگیرێ: ئەویش مافی مێژوویە لە ناو هەموو ئەو توخمانەدا)) — بەڵام وەفدەکە پێمان ناڵێ ئەو مافە مێژووییانە چین کە ڕەگەزی ئەرمەن لەسەر کوردستان هەیانە و وەفدەکە بە چ مانایەك ((مافی مێژوویی هەموو ئەو توخمانە)) دەداتە ئەم تێرمە بەر بڵاوە.

بەڵێ ئەرمەنستانێك هەیە و هیچ قسەیەکمان لەسەر بوونی نییە و ئێمە هەتا ئامادەشین هاریکاری دۆستانەی بکەین، بەڵام سنوورەکانی ئەم ئەرمەنستانە

هەرگیز لە زەریای خەزەر، چیایەکانی کوردستان، ئەلبانیا، یا ئالانی * و تەمیز** تێپەڕی نەکردووە[14]. گەرچی ئێمە بڕوامان بە ئامارەکانی پاتریارشی ئەرمەنەکان هەیە، –ئەگەر بوونی مردوو و لەدایك نەبووەکانیش قەبووڵ بکەین، ئەنجامەکەی هەرچۆنێك بێت لەگەڵ ئەنجامی ئیمپریالیزمی ئەرمەنییەکاندا یەکانگیر.

با ئێستە لە نامیلکەکەی بەڕێز م. لێیار*** بکۆڵینەوە، کە بەم وشانە دەست پێدەکات:–

((ئەم لێکۆڵینەوەیە بە قازانجی ئەرمەنەکان نووسراوە و ئەو ئامارە دووبارە دەکاتەوە کە بە مشوورخواردنی پاتریارشی ئەرمەنی نووسراوە، کە وایە ئێمە پێ لەسەر چی دابگرین؟

ڕاستییەکەی ئەم چەند دێڕانەی تێدا دەخوێنینەوە:

((ئێمە وای دەبینین کە ئەرمەنییەکان لە پێنج ویلایەتەکانی عوسمانی: ئەرزەڕۆم، بتلیس، خارپووت، دیاربەکر، سیواس، کەمینەن، تەنها لە شاری وان، زۆرینەیەکی لاواز ١٨٥,٠٠٠ ئەرمەنی بەرامبەر بە سەرجەمی ٣٥٠,٠٠٠ی دانیشتوان پێك دەهێنن. لە تەواوی شەش ویلایەتەکە بە ڕێژەیەکی مام ناوەندی تەنها ٣٨,٩٪ی دانیشتوان پێك دەهێنن. لە سیلیس* ٤٠٧,٠٠٠ کەسن، لەکاتێکدا تەنها ویلایەتی ئەدەنە ٤٢٠,٠٠٠ کەسی لێیە)).

وەفدی ئەرمەن دان بەو دڵڕەقییەدا نانێ کە ناسیۆنالیستە [ئەرمەنەکان، وەرگێڕ] بەرامبەر بە موسڵمانەکان هەیانە و دەڵێ: هەرچی سەبارەت بە موسڵمانەکانە، ژمارەی ئەوانیش لە ئەرمەنستان کەم بۆوە، بە ڕێژەیەکی زۆر گەورە کە عادەتەن وا دانانرێ. ئەو ویلایەتانەی کە کەوتبوونە ناو شەڕی سوپای ڕووس و داگیرکردنەکانی وەك ئەرزەڕۆم، تەرابزۆن، وان، بتلیس، ئەمڕۆ بەشی

---

* Allani

** Tamiz

[14] نەخشە جوگرافییەکەی سترابۆن.

*** M. Léart

* Cilicis

زۆریان بوونەتە بیابانێکی ڕاستەقینە. بەشی زۆرینەی خەڵکی تورک، ئەوانەی کە لە دەست جەنگ ناڵاندوویانە، خۆیان هەڵاتن یا یەخەگیری پەتا و دەرد و بەڵا بوونەوە. کۆتایی ساڵی ١٩١٧، ویلایەتەکانی وان، بتلیس و ئەرزەڕۆم بە هەمووی نزیکەی ٤٦,٠٠٠ تورك و ٥٠,٠٠٠ کوردی لیٚ مابۆوە)).

بە گوێرەی ئامارێکی لە هەموان بێلایەنانەتر، دانیشتوانە موسڵمانەکانی ئەم سیٚ ویلایەتە- تورك و کورد- ١,٤٦٣,٦٤٧ کەس بووە[15]. جا ئەگەر وەك ئەرمەنییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، تەنها ٩٦,٠٠٠ کەسیان لیٚ مابێتەوە- ئەوانی دیکە واتە ١,٣٦٤,٦٤٧ کەسیان لە لایەن ئەرمەنەکان و ڕووسەکانەوە ڕەشەکوژ کراون. ئەرمەنییەکان کە زیانی نەتەوەیی خۆیان لە ماوەی ئەم جەنگەدا بە ١,٠٠٠,٠٠٠ کەس دەخەمڵێنن، دەکریٚ پیرۆزبایی لە خۆیان بکەن بۆ ئەو ئەنجامەی بەدەستیان هێناوە.

وەفدی ئەرمەن ڕزگاربووەکانی جەنگی شاری دیاربەکر بە ٦٠,٠٠٠ دەخەملێنیٚ، کەوایە ئەوانی دیکە دواتر بە برسێتی و پەتای کولێرا و تایفۆید لەناوچوون)). کە وابوو ئەوە بە هیچ شێوەیەك تەنها ئەرمەنەکان نین کە بە هیلاك چوون، بەڵکوو هەموو دانیشتوانی ئەو ناوچەیەن و ئەمەش لە سۆنگەی کەمی خۆراك و کەرەسەی داو و دەرمانەوە: کە ئەنجامی ڕاستەوخۆی جەنگن.

وەفدی ناوبراو بانگەشەی ئەوە دەکات کە ٢٢,٠٠٠ ڕاگوێزراوی ئەرمەنی لە دیاربەکر بە ٣٠,٠٠٠ ئاوارەی تورکی ناوچەی بتلیس جێگەیان گیراوەتەوە. ئێمە بەداخەوە ناچار دەبین ئەوە بەدرۆ بخەینەوە، چونکە لە هیچ ئامارێکی جیهانیدا هەرگیز نەبینراوە هەموو ویلایەتی بتلیس هەتا ٣٠٠ تورکیشی تێدا بووبێت، هەموو خەڵکە تورکەکانی ئەم ویلایەتە هەر تەنها فەرمانکارەکانن.

یادداشتەکەی ئەرمەنەکان دەڵیٚ:

((زۆرینەی ئەو تورکانەی کە تێیدا ماونەتەوە، نایانەویٚ چیتر لە لای ئێمە ئەوان بەجیٚی دەهێڵن... و دەکریٚ ئاڵوگۆڕێکی دانیشتوان بکریٚ... چونکە ئەنجامەکەی بە خێر و چاکە دەشکێتەوە بۆ ئاشتیی جیهان))

---

[15] Livre Jaune Français.

وەختێك چاو بەم چەند دێڕەدا دەخشێنین و دووبارە بە وردی دەیخوێنینەوە و تەواو خۆپەرستی، ڕق و ئیمپریالیزمیی ئەرمەنییەکان لەبەرچاو دەگرین کە لە ئێستەوە پێشنیاری ئەوە دەکەن هەموو توانایان بخەنە گەڕ تا لە وڵاتدا هیچ توخمێکی موسڵمانی تورك و کورد نەهێڵن.

یادداشتنامەی ناوبراو بەدەستدراوەکانی ئەم ژمارانە، بەم تێوردبوونەوە کۆتایی پێدەهێنێ:

((بە کورتی، لە سنووری ئەرمینیا بە حاستەم نیوەی دانیشتوانە تورکەکانی کە بەر لە جەنگ هەبوون، ماون؛ واتە لە ملوێنێك کەمتر، بەلای زۆرییەوە پێك هاتووە لە ٥٠٠٠٠٠ تورك، چەرکەس، و توخمە هاوچەشنەکانی، ٣٠٠٠٠٠ تەتەر، ٢٠٠٠٠٠ کورد)). بەڵام ئەمجارەش بە هیچ شێوەیەك ئەو سەرچاوەیە دەستنیشان ناکات کە ئەم ژمارانەی لێ وەرگرتوون. ئێمە بە هیچ شێوەیەك ناتوانین بە ڕاست و دروستی بمێنینەوە ئەگەر داوا لە وەفدی ئەرمەن بکەین، گەواهیی حسی بۆ ژمارەکانی بەدەستەوە نەدات. دوای ئەم هەموو ساختەکارییە کە ڕێگەی بەخۆی داوە بیخاتە ناو یاددشتنامەکەی.

وەفدی ناوبراو بانگاشەی ئەوە دەکات کە ڕەگەزەکەی ((پێشەنگی شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتە)). وەڵامی ئەمە لەناو ئەو نامیلکەیە جۆرجییەدایە کە لە پێشەوە ئیشارەتمان پێکرد. بۆ پاڵپشتی ئەمە وەفدی تایین چەند ژمارەیەکمان سەبارەت بە بازرگان و پیشەسازی و کارخانە دەداتێ کە بۆ پێداویستی کاتین، بێ ئەوەی ڕاستی و دروستیەکەی پشتڕاست بکاتەوە، بەو جۆرەی بۆ خۆی پێی خۆشە.

ئەم وەفدە زۆر بەوەفایە لەگەڵ سیستمی بەرگریی خۆیدا، پاشماوەی ئیمپراتۆرەکانی ڕۆمان و بێزەنتین دەکاتە هی خۆی و دەڵێ: ((لە ئەدەنەوە تا سیس، تا وان و یەریڤان، تەواوی بانە بەرزاییەکانی ئەرمەنی بڵاون، بوون بە کەلاوەی شار، قەڵا، کڵێسە، دێر، پرد، پاشماوە، هتد )).

دواین بەشی یادداشتنامەکە بە ڕاستی شایانی ئەوەیە کە ماوەتەوە. ڕاستیەکەی ئەمەی تێدا دەخوێنینەوە:

((ئەو گەلەی کە ٣٠ سەدەیە، زۆر پێش ئەوەی ئێگزێنفۆن باسی بکات، تا ڕۆژی ئەمرۆ لە بانەکانی خۆیدا ژیاوە. ئەو گەلەی کە ڕۆڵێکی وای مێژوو و جوگرافیا

لــەنا و میــژووی شــکۆی خۆیــدا بۆیــان دیــاری کــردووە دەســتی بەســەر زەوی‌وزارەکانیــدا بــڕوات دووپــات ببێتــەوە و دوای هــەر وێرانبوونێــك دووبــارە دروســتی کردوتــەوە و دووبــارە دروســتی بکاتــەوەو بەرهــەمی بهێنێتــەوە، ئــەوە هەمیشە هەر نەتەوەی ئەرمەن بووە. هەموو ئەو توخمانەی تر کە، لەڕووی ژمارە و بایەخیانەوە تەواو لاوەکی یان سەر بە ڕەگەزگەلێکی نیمچە بەربەری بوون، نە هونەر، نە ئەدەب، و نە مێژوویان نەبوە و لە درێژەی بوونیاندا هیچیان پێشکەش بە شارستانیەتی نەکردووە)).

ئەمە وەك ئەوە وانییە باوەڕ بکەین مێژووی ئێران یا میسرییەکان یا گریك و ڕۆمانەکان دەخوێنینەوە؟ بەڵام لەناو ئەمانەدا، ئەی کوردەکان، هیتییەکان و زۆر ڕەگەزی دیکە کە لە مێژوودا ناوێکی ناسراوتریان لەوەی ئەرمەنییەکان هەبوە چییان بەسەر هات ؟ ئایا وەفدەکە مەبەستی ئەوانە بەم تێرمە هێندە شەرمهێنانە باسیان دەکات ؟

ئێمە زۆر پەشیمانین لەوەی کە وەفدی ئەرمەنییەکان هیچ سەرچاوەیەکی نیشان نەداوین بتوانین زانیاریی تێیدا لەسەر ئەم شارستانیەتیە بەرزەی ئەرمەنەکان وەربگرین، خەباتی پاڵەوانانەیان بەرامبەر بە بەربەرەکان و ناوی شاکارە ئەدەبیەکانیان بزانین.

لە تاووتوێکردنی پێنج پاشکۆیەکەی وەفدی ئەرمەنیدا ئەم ساختەکاریانەی خوارەوە تێبینی دەکەین:

<u>یەکەم پاشکۆ:</u>

وەفدی ئەرمەن لەناو دانیشتوانی ویلایەتی ئەرزەڕۆمدا ئەم ژمارانە بەدەستەوە دەدات:

| | |
|---|---|
| چەرکەس........................ | ٧,٠٠٠ |
| فارس.......................... .. | ١٣,٠٠٠ |
| لاز................................ | <u>١٠,٠٠٠</u> |
| | ٣٠,٠٠٠ |

لە ناو ویلایەتی بتلیس.

چەرکەس........................ ١٠,٠٠٠

ئەمە هەر بەو ئامانجەیە تا کاریگەریی باڵادەستیی ڕەگەزەکان دەستەبەر بکات. هەڵبەت، لەم دوو ویلایەتە نە چەرکەس و نە فارس و نە لازی لێ نین. هەر بۆ هەمان مەبەست، وەفدەکە ئەم ژمارانە بەردەست دەخات:

قزلباش........................ ١٤٠,٠٠٠
چەرکەس و لاز.................. ٧٧,٠٠٠
ئێزیدی........................ ٣٧,٠٠٠
٢٥٤,٠٠٠

و لەژێر ستوونی (ئایینەکانی دیکە) دانراون، لەکاتێکدا هەموو ئەم دانیشتوانانە کوردی پاکژ و موسڵمانی دڵگەرمن. جیاوازی لە نێوان ئەوان و باقی کوردەکانی دیکەدا بریتییە لە دابەشبوونی مەزهەبی و بە هیچ شێوەیەك ئایینی و ڕەگەزی نییە.

دووەم پاشکۆ:

وەفدی ئەرمەن هەمان هەڵەی بە ئەنقەستکراو کە لە یەکەم پاشکۆدا هاتووە، دووبارە دەکاتەوە و ٣٠٣,٠٠٠ قزڵباش، فەلە و ئێزیدی لەژێر ستوونی ئایینی هەمەچەشنە داناوە لەجیاتی ئەوەی لەگەڵ کوردەکانیاندا دابنێ.

چوارەم پاشکۆ*:

هەمان وەفد کە هەڵبەت بە هیچ شێوەیەك نابێ چاوپۆشی بکات، درێژە بە هەمان هەڵە دەدات و ٣٤١,٠٠٠ قزڵباش، زازا، و ئێزیدی لە کوردەکان جیا دەکاتەوە.

پێنجەم پاشکۆ:

وەفدی ئەرمەن ڕەوشی دانیشتوانی بولگاریا لەکاتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆییاندا بەراورد دەکات لەگەڵ ئەوەی ئەرمەنەکاندا و ژمارەی

* لە بەڵگەنامەکەدا ژمارەی پاشکۆیەکان لە دووەم پاشکۆوە ڕاستەوخۆ هاتۆتە سەر چوارەم پاشکۆ، وەرگێڕ.

۱,۱۳۰,۰۰۰ بولگار لەناو دانیشتوانێکی ۲,۳۵۲,۵۰۰ کەسی بەدەستەوە دەدات، کە لەوانە ۱,۲۳۳,۵۰۰۰ یان مەسیحی و ۱,۱۱۹,۰۰۰ یان موسڵمانن. تەنها بە گەڕانەوە بۆ سەر هەر ئامارێکی بێلایەن، دەتوانین قەناعەت بە ناڕاستیی ئەم ژمارانە بکەین.

بەڵام دیسان بۆچی وەفدی ئەرمەن بە هیچ شێوەیەك سەرچاوەی ئامارێکی و کردەکان بەدەستەوە نادات و لەسەر ئەو بنەمایە داوای هەرێمە عوسمانییەکان دەکات کە کوردستان پێك دەهێنن؟ دەبێ- باوەڕ بەو قسەیەیان بکەین کاتێك بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لە ماوەی نیو سەدەی دواییدا تالآویان چەشتووە؟

ئێمە پێمان وایە کە دەبێ ئەرمەنییەکان وەك هەموو سکاڵاکارێکی تر، بانگاشە و بیانوەکانی خۆیان بە بەڵگە و نوختە و خاڵی سادە بسەلمێنن.

ئەرمەنییەکان داوای ئیمپراتۆریایەك دەکەن کە بە هیچ شێوەیەك لەسەر بنەمای ژمارەی ئەو ئەرمەنیانە نییە کە وا لەناو سنووری ئەم ئیمپراتۆریایەدا دەژین، بەڵکو لەسەر بنەمای ژمارەی ڕەگەزی ئەرمەنییەکانە کە لەسەر گۆی زەوی دەژین. ئەگەر ئێمەش بمانەوێ بەمشێوەیە پێدا بچین، دەتوانین ئەم ئامارێکی خوارەوە دیاری بکەین:

| ویلایەت | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|
| کوردستان بە مانای تەواوی وشەکە .... | ۵,۰۰۰,۰۰۰ |
| ئەنگۆرە .................................. | ۳۵۰,۰۰۰ |
| قۆنیە ................. ................ | ۳۰۰,۰۰۰ |
| سیواس .................................. | ۱۵۰,۰۰۰ |
| ئەدەنە .................................. | ۱۰۰,۰۰۰ |
| بەغداد .................................. | ۵۰,۰۰۰ |
| کۆنستانتینۆپل ......................... | ٦۰,۰۰۰ |
| ئێران .................................. | ۳,۰۰۰,۰۰۰ |
| ئیمپراتۆریای ڕووسیا ................. | ٤۰۰,۰۰۰ |

| | |
|---|---|
| ئەوانەی وا بەدەستی ڕووس و ئەرمەنییەکان لە | ٢٥٠,٠٠٠ |
| کاتی جەنگی ئەم دواییەدا قەتڵوعام کراون ... | ٤٥٠,٠٠٠ |
| سەرجەم ............ | ١٠,١١٠,٠٠٠ |

و بگەینە ژمارەیەکی گشتیی ١٠,١١٠,٠٠٠ کورد کە، مافی ئەوەیان هەیە کەموزۆر تەقریبی داوای تەواوی ئاسیای عوسمانی، بەشێکی مەملەکەتی ئێران، بەشێکی میزۆپۆتامیا و بەشێکی میراتی تزارەکان بکەن، چونکە لەناو هەموو ئەو دەرو ناوچانەی کە ئیشارەیان پێکراوە نزیکەی ئەو هێندە کوردی تێدایە، ئەگەر زیاتریش نەبن لەو ئەرمەنیانەی ئەو ناوچانە کە ئەرمەنیەکانەوە داوایان دەکەن. ئەگەر ئێمەش وەکوو ئەرمەنەکان پێ لەسەر ئەوە دابگرین و بگەڕێینەوە سەر داگیرکردنە کاتییەکان، ئەوا دەتوانین داوای گێڕانەوەی سووریا، فەلەستین و میسریش بکەین، چونکە کوردەکان کاتی خۆی ئەو ناوچانەیان داگیر کردووە و لە دەورانی شکۆمەندی خۆیان ئەو ناوچانەیان بەدەستەوە بووە و داگیرکردنەکانی [کوردەکان، وەرگێر] زۆر ڕاستتر و زۆر مەکوومتریش بووە لەوەی تیگرانەکان*، کاگیگەکان** و لیۆنەکان***.

هەڵبەت وەك چۆن هیچ تێڕوانینێکی ئیمپریالیستانەمان نییە، ئێمە تەنها ئەو دەرو ناوچانە داوا دەکەین کە لانکی نەتەوەی کوردن و، ئێمە پشت ئەستوور بە مافی خۆمان، بەهێزین و ئەوەی ئێمە داوای دەکەین تەنها ئەوەیە، پێش ئەوەی بڕیار لەسەر چارەنووسی وڵاتەکەمان بدەن، ئێمە بە ئاشکرا و بە ڕەسمی ڕای دەگەیەنین کە چۆك دانادەین بۆ بڕیارێك قوربانی بە ئێمە بدات بۆ مەبەست و مەرامی خۆپەرست و ئەمپریالیستانەی ئەرمەنەکان.

سەرۆکی بەڕێز لەگەڵ ڕێزلێنانی زۆرمدا، تکایە ڕێزی زۆر شایانم قەبووڵ بفەرموون.

---

* des Tigrans
** des Kagig
*** des Léon




**سکرتێری گشتی**

**کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد**



**سورەیا بەدرخان**

**سکرتێری گشتیی کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد**

**سندووقی پۆستە ژمارە. ٥٨٠**

**قاهیرە، میسر**

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٤**

کۆنستانتینۆپل، ۳۱ی کانوونی دووەمی ۱۹۲۰

کۆمیسێریای بەرزی
کۆماری فڕانسا
لە ڕۆژهەڵات

بەشی کاروباری
سیاسی و بازرگانی
ئاسیا- ئۆقیانووس
ژمارە: ٦٢

لە بەڕێز دوفرانس، کۆمیسێری بەرزی کۆماری فرانسا لە ڕۆژهەڵات
بۆ بەڕێز جەنابی بەڕێز میللێراند، سەرۆکی ئەنجومەن، وەزیری کاروباری هەندەران
لە پاریس

**بابەت: ناڕەزایی کۆمەڵەی کورد**

شەرەفی ئەوەم هەیە هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیەدا کۆپیی نامەیەکتان بۆ بنێرم، کە لە هەموو بارێکدا بەکەڵکە و تێیدا کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی کورد ناڕەزایی دژی پرسی مێزۆپۆتامیا دەردەبڕێ، کە بەگوێرەی ئەو، کوردستان دەکات بە دوو بەشەوە.

ه. دوفرانس

بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٥

(کۆپی)

کۆنستانتینۆپل، ٢٨ی کانوونی دووەمی ١٩٢٠

بۆ جەنابی کۆمیسێری بەرزی حکوومەتی بریتانی.

جەنابی بەڕێز،

ڕۆژنامە ئەوروپاییەکانی لە هەموان دەستڕۆتر کە لە دوایین پۆستەدا بەدەستمان گەیشتوون هەموویان لەسەر ئەوە یەك دەنگن کە پرسی میزۆپۆتامیا، بەشێوەیێکی یەکجاری چارەسەر کراوە. بۆیە لە یادداشتنامەیەکی پێشوودا کە شەرەڤ ئەوەمان هەبوو پێشکەشی بە کۆنفرەنسی (ئاشتی)ی بکەین، شێلگیرانە دژی ئەو بیرە بووین کە کوردستان دابەش بکرێ بۆ دوو بەش و چارەنووسەی هەریەکەی بە جیا لەوەی تر چارەسەر بکرێ و ئێمە پێمان لەسەر ئەوە داگرتبوو کەوا پرسی کوردستان وەك یەکەیەکی ئیتنیکی و جوگرافیی لەیەك جیانەکراوە حسێب بکرێ.

بۆیە ئێمە تکا لە جەنابتان دەکەین ئەم ناڕەزاییە بگەیەننە حکوومەتەکەی خۆتان و سەرنجی بۆ ئەو ئەنجامە ئابوورییە ترسناکە ڕابکێشن کە دەشێ لەم سیاسەتە بکەوێتەوە بۆ کوردستان.

لەگەڵ سوپاسگوزاریی پێشدەسیانەمدا بۆ جەنابتان، تکاکارم ڕێزلێنانی زۆر حورمەتدارانەم قەبووڵ بفەرموون.

(ئیمزا)

سەرۆکی

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی کورد

ئەستەنبووڵ جغال ئۆغلوو، شەقامی مەکتەب ٣١

بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٦
سێرڤیسی زانیاریی زەریاوانیی
تورکیا
هەڵبژاردەی چاپەمەنیی ژمارە ٢٧٨ی ٢٤ی شوباتی ١٩٢٠

## کوردەکان

جەمعییەتی تەعالیی کوردان بەمزوانە بەیاننامەیەکی چاپ کردووە، کە دەبێ لە کوردستان بڵاوبێتەوە و ناوی شەریف پاشای تێدا بە ((وەفدی شەرەفمەندی ئێمە)) هاتووە. وێڕای ئەوەی کە ئامانجی سەرەکیی کۆمیتە بریتییە لە داکۆکیکردن لە چالاکیی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەندامانی ئەم کۆمیتەیە لە دەستپێشخەریی تایبەتیی خۆیان، ئەم چالاکیانەیان بردۆتە ناو کایەی سیاسییەوە. شەریف پاشا تەنها نوێنەری ئەمانەی دواییە. لە سەرێکی دیکەوە کۆمیتەی ناوبراو بە هیچ شێوەیەك لە کوردستان ناسراو نییە، چونکە تەنها ئەم بەیاننامەیەیان ناردۆتەوە بۆ کوردستان, نە شەریف پاشا و نە کۆمیتەی ناوبراو هیچ شەرعییەتێکیان نییە بە ناوی گەلی کوردەوە قسە بکەن. کوردەکان بە خۆشییەوە بەشدارییان لە دوا هەڵبژاردندا کرد، ئەو ئەندامانەی کە هەڵیان بژاردوون، دەتوانن لە کاتی پێویستدا بۆیان بگەڕێنەوە بۆ زانینی تێڕوانینیان.

ڕۆژنامەی
"ئیقدام"

بەڵگەنامەی ژمارە:٢٧
دیاربەکر، ٨ی ئاداری ١٩٢٠

## بۆ وەزیری جەنگ

دوای کۆبوونەوەیەکی نهێنی کە لە ماردین بەڕێوە چووە، سەرۆکەکانی یانەی کوردی بڕیاریان داوە پارە و نامە بۆ سەرۆك هۆزەکانی دەوروبەری نوسەیبین و جەزیرە بنێرن، بۆ ئەوەی دنەیان بدەن تا پێوەندی بەوانەوە بکەن. من چەند نامەیەکتان لەوانە کە توانیم بەردەستیان بخەم، بۆ دەنێرم.
دەزگای T.S.F کە ئێمە لە دەوروبەری رەئسول عەین دەستمان بەسەرداگرت، ئەندامانی ئەم یانەیە لەگەڵ مامووری ئینگلیز لەناو ئەم شارەدا پێوەندییان دەگرت. ئەم مەئمووری هەمان ئەو کەسەیە کە لە ماردین دەرکرا و لەوشارە پارەی بەسەر دانیشتواندا دەبەشییەوە.
سەرۆکەکانی بزووتنەوەی نیشتمانی فەرمانی زۆر توندیان دەرکردووە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە چاودێری ئەم مەئموورە بکەن.

قوماندانی فەیلەقی سێزدەهەم.
کۆڵۆنێل
جەودەت

بەڵگەنامەی ژمارە:٢٨

**کرد استقلال قومیتەسی**

**کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد**

قاهیرە، ١٤ی ئاداری ١٩٢٠




بەڕێز سەرۆك،

کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد،بەناوی نەتەوەی کوردەوە، شەرەفی ئەوەی هەیە ئەم یادداشتنامەیە بخاتە بەردەستی جەنابتان.

کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد، لەو یادداشتنامە و نامیلکانەدا کە پێشتر دراونەتە حکوومەتەکان و پەرلەمانی هاوپەیمانەکان، داوای پێکەوەنانی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆی لە تورکیا کردووە کە سنووری لە باکوور زیوین لەسەر سنووری قەوقاز، لە ڕۆژئاوا ئەرزەڕۆم، ئەرزەنجان، کامیە، دیوەرەك.، لە باشوور حەران، بەرزاییەکانی شەنگار، هەولێر، کەرکووك، سلێمانی، سنە، لە ڕۆژئاوا سنووری تورکی–ئێرانی ١٩١٤ تا چیایەکانی ئارارات دەگرێتەوە.

بەوەی کە پێشتر وتوومە و وتوومەتەوە، هەمووی ئەوەی وا پێویستە سەدان جار بوترێ بۆ ئەوەی ئەم دەڤەرەی کەوتۆتە ناو ئەم سنوورانە میراتی نیشتمانی کورد پێك دەهێنێ وتوومەتەوە لە دەورانی هەرە کۆنەوە تا ڕۆژی ئەمڕۆمان ، بۆیە لەم چەند لاپەڕەیەدا ناچنەوە سەر ئەم باسە.

لەسەرێکی دیکەوە ئەمە هەر ناشایستەیش دەبێ، چونکە لەم یادداشتەدا تەنها باسی پرۆپاگەندەی ناسیۆنالیستی تورك دەکەین– کە بەداخەوە واپێدەچێ کەمێك کاری کردبێتە سەر بڕیارەکانتان – لە کوردستان کە لە لایەن مستەفا کەمال و هاوکارەکانیەوە بەڕێوە دەبرێ.

ڕۆژنامە ناسیۆنالیستەکانی کۆنستانتینۆپل و هەرێمەکان، هەروەها بیرۆیەکانی بابی عالی، چەند هەفتەیەك دەبێ لێوان لێون لە برووسکەی وەفاداری کە لە شارەکانی کوردستانەوە کە وا هێشتا لە لایەن تورکەکان و ئەو سەرۆکهۆزانەی کە لە لایەن هێزە ناسیۆنالیستەکان دەورە دراون، دەنێردرێن. ئەگەر کەسێك لە تورکیا نەژیابێ و لە نزیکەوە کاری بەڕێوەبەرایەتیی تورکی نەبینیبێ، دەشێ و هەقیەتی باوەڕ بە ڕاستی و دڵسۆزی ئەم برووسکانە بکات و لەوەوە حوکم لەسەر ئەوە بدات کە کوردەکان وەك خەڵکانێکی موسڵمان دەیانەوێ پابەند بە خەلیفەکەیان بمێننەوە و لەگەڵ برا تورکەکانیان بژین. بەڵام ئەوانەی وا لە تورکیا ژیاون، ئەوانەی لە کاتی کارکردندا تورکەکانیان بینیوە– چ گەنج و چ پیرەکان– دەتوانن بە ئاسانی لەوە تێبگەن کە ئەم هەموو نیشاندانی وەفادارییە تەنها بەڵگەیەکی زێتری هەڵخەڵەتێنەری تورکە.

ئەگەر ئێمە لەناو زنجیرەی ڕۆژنامە ئیتحادییەکان و ناسیۆنالیستەکانی تورکدا بگەڕێین، سەدان برووسکەمان بەرچاو دەکەوێ کە لە هەر چوار گۆشەی تورکیاوە لە لایەن پیاوانی ئایینی و بەگزادەکانی گرێك، ئەرمەنی، بولگار هتد هتد نووسراون، وەفاداریی خۆیانی تێدا بۆ عەرشی سوڵتان دەردەبڕن و سوێند دەخۆن کە تا دوا دڵۆپ خوێنی خۆیان بۆ بەرگری لە نیشتمانی عوسمانی بڕێژن.

بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین چۆن دەکرێ برووسکە گەلێکی ئاوها ئیمزا بکرێن ئەگەر کەسەکانی بەهیچ شێوەیەك ئەم هەستەیان لەلا نەبێ. پێم وایە ئەوەندە بەسە بۆ ئێمە ئەم نموونەیەی خوارەوە بهێنینەوە. ساڵی ١٩١٣ کاتی شۆڕشی بەتلیس، والیی ئەم هەرێمە، "تەحسین بەگ"، ڕۆژێکیان هەموو بەگزادەکانی هەرێمەکە بانگهێشتی لای خۆی و پێشنیاریان بۆ دەکات برووسکەیەك ئیمزا بکەن کە شۆڕشی ناوبراوی تێدا ڕیسوا بکەن و وەفاداریی خۆیان بۆ عەرشی خەلیفە بەدیار بخەن. یەکێك لە میوانەکان بە ناوی شێخ سەیید عەبدوڵلاوە، ڕەوتی شەڕخوازی سیستمی حکوومەتی و ئەو تاوانانەی کە لە لایەن تورکەکانەوە بەرامبەر بە کوردەکان دەکرێ، دووپات دەکاتەوە و ڕازی نابێ ئیمزا بکات و هۆڵەکە بەجێدەهێڵێ. بۆ سبەینێ بەیانییەکەی، شێخ سەیید عەبدوڵلا

لەبەردەم دەرگەی ماڵەکەی خۆی بە سێ خەنجەر دەکوژرێ، کوشتنەکەشی هەرگیز لە لایەن حکوومەتەوە بەدواداچوونی بۆ نەکرا.

زۆر جاران بەگزادەکان داوەتی کۆنیاك دەکرێن و کاغەزێکیان دەدەنێ ئیمزای بکەن بێ ئەوەی کاتی ئەوەیان بدەنێ و لێ بگەڕێن ئەوەی ئیمزای دەکەن بیخوێننەوە. وەك لە ڕۆژهەڵات زۆربەی جار مۆر وەکوو ئیمزا بەکار دەهێنرێ، زۆربەی کات والی، موتەسەڕیف یان قایمقام، داوای پەنجەمۆریان لێ دەکرێ و ئیمزای برووسکەنامە، بێ ئەوەی هەست بەوە بکرێ پێویستی بە پەنجەمۆری خاوەنی ئیمزاکە هەبێ، بەسەر ناوەڕۆکی ئەو کاغەزەی وا مۆرکراوە دەبینرێ. لە وڵاتێکدا کەوا شتەکان بەوشێوەیە بەڕێوە بچن و ئەورووپییەکان ئەوانەی کە لەم وڵاتەدا ژیاون، دەتوانن گەواهی ئەوە بدەن چۆن دەکرێ چەندین بڕوانامە بە چەند برووسکەیەکی وەفاداریی شەهیدانێکە وە بنرێ کە لە سۆنگەی ملهوڕی ئەوان شەهید بووبن.

لە لایەکی دیکەوە، هیچ ڕایەڵێك نییە بتوانێ کورد لەگەڵ چەوسێنەرانی تورکدا پێکەوە ببەستێتەوە، تەنها ئایین نەبێ و ئەم پێوەندییەش تەنها بۆ ئەوانەیە کە موسڵمانن، لەکاتێکدا کوردی ئێزیدی هیچ پێوەندییەکیان لەگەڵیاندا نییە.

لەسەر ئەم خاڵەش پێوەندییەکە بە هیچ شێوەیەك هێندە بنەڕەتی نییە، لەبەر ئەوەی زۆرینەی کورد شافیعین، لە کاتێکدا هەموو تورکەکان سوونین. لە نوختەخاڵی نەتەوایەتییەوە هیچ شتێکی هاوبەش لەنێوان تورك و کورددا نییە، یەکەمیان لە ڕەگەزی تۆرانییە، لەکاتێکدا ئەوەی دووەم سەر بە ڕەگەزی ئارییە. تورك بە زمانێك قسە دەکەن کە لە چەغەتایی، عەرەبی و فارسی پێکهاتووە، کەچی کورد بە زمانی تایبەتی خۆی قسە دەکات کە بنچینەکانی پەهلەوییە. تورك لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەنووسێ و پیتی عەرەبی بەکار دەهێنێ، لەکاتێکدا کورد لە چەپەوە بۆ ڕاست دەنووسێ و پیتی نیشتمانیی خۆی بەکار دەهێنێ*.

---

* ئەمە بە هیچ شێوەیەك بۆ ئەو دەورانە ڕاست نییە و کورد (کوردستانی باکوور) ئەو کاتە هەر لە ڕاستەوە بۆ چەپی نووسیوە، وەرگێڕ.

خۆ ئەگەر داب و نەریتیش لەبەرچاو بگرین، لێرەش جیاوازییەکی گەورە بەدی دەکەین. تورک بە هیچ شێوەیەك پایەیەکی کۆمەڵایەتی بە ژنەکانیان نابەخشن- جگە لە چەند حاڵەتێکی هەڵاوارده کەوا دەست پێدەکات لە کۆنستانتینۆپل ببینرێ بە هیچ شێوەیەك ناکرێ کاریگەری لەسەر ڕەوشی زۆرینەی ئەنادۆڵ دابنرێ، لەکاتێکدا ژنی کورد خاوەنی ڕەهای ماڵەکەی خۆیەتی و هاوشانی هاوسەرەکەیەتی** و پیاو ناچارە ڕێز لە ژنەکەی بگرێ. فرەژنی بەگوێرەی قورئان ڕێگەی پێدراوە و ئەوە بڵاوە لە ناو تورك، کەچی لەناو کورد زۆر دەگمەنە، بەجۆرێك کە ٩٥٪ ی دانیشتوانی کورددا تاکژنن.

بەدەر لەو جیاوازییە ماددی و مەعنەویانە، ستەمی تورك چوار سەدەو دەبێ بەبێ وەستان لەسەر ملی کوردە و هێندە وەحشیگەرانەیە کە دابڕانێکی گەورە تاهەتایە لە یەکتریان جیا دەکاتەوە. ئێمە بە هیچ جۆرێك نامانەوێ بگەڕێینەوە سەر تەواوی مێژووی ئەم چوار سەدەیە، بەڵکوو لێرەدا تەنها ئەوەندە بەسە ژمارەی ئەو کوردانە بەدەستەوە بدەین کە لە ماوەی دوایەمین جەنگدا ڕەشەکوژ کراون و کوژراون و لەبەر کەمیی خۆراك و داو دەرمان مردوون، دوای ئەوەی بۆ هەرێمە تورکیەکانیان ڕاگوێزاونەتەوە. ئەم ژمارەیە بریتییە لە ٦٤٠,٠٠٠ گیان، بەڵێ ٦٤٠,٠٠٠ کەس دوور لە ماڵ و حاڵی خۆیان، دوور لە زێدی خۆیان، لەسەر ڕێگەی مەنفا، بەدەستی تورکەکان لەناو چوون، ئەو برایانەی هاوئایینی هێندە چاك، هێندە نەرم و نیان و هێندە شەرافەتمەند چونکە هەر بە تەنها و بە هیچ کلۆجێك نەیاندەویست ببنە تورك و خۆیان قوربانی پرسی تورك بکەن. بۆ پاڵپشتی ئەمە چەند نموونەیەك دەهێنمەوە کە هەر ئاوها وەرگیراون.

---

** ئەمە ڕەنگە لە دیوی دەرەوە و کاروباری ناو ماڵ بەڕێوەبردندا برێك ڕاستیی تێدا بێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەك لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ژنی کورد یەکسان نەبووە لەگەڵ پیاو و ڕەنگە هەمان ئەرکی پیاوی هەبووبێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەك هەمان مافی پیاوی نەبوە، وەرگێڕ.

| ناوی هۆز | دانیشتوانی پێش جەنگ (ماڵ) | دانیشتوانی ئێستای (ماڵ) |
|---|---|---|
| باتویا | ٩٠٠ | ٣٠٠ |
| ئێرخ | ٣٠٠ | ٨٠ |
| حاجی عالیا | ١٠٠٠ | ٤٠٠ |
| شوڤا | ٦٠ | ٣٠ |
| کیچیا | ٧٠٠ | ٣٠٠ هتد |

دەتوانین ئەم لیستەیە کە هەرگیز کۆتایی نایەت، درێژ بکەینەوە. بەڵام لێرە دەوەستین و بۆ کۆتایی پێهێنانی ئەوە زێدە دەکەین کە ئەفسەرانی تورک لە ناوچە چیاییەکانی دێرسیم، دەستدرێژییان کردۆتە سەر کیژۆڵەی چوار پێنج ساڵە و کوشتوویانن و ١٥٠٠٠ کوردیان قەتلوعام کردووە، چونکە ئەرمەنییان داڵدە دابوو.

دەتوانرێ بابەتی بین بەوەی کە لە ناو ڕیزەکانی هێزە ناسیۆنالیستەکانی مستەفا کەمال کوردیشی تێدایە. بەڵام ئێمە لە وەڵامدا ئاوا وەڵام دەدەینەوە کە ئەمە هیچ جێگەی سەرسامی نییە و کورد کە شوومیی حوکمڕانیی تورکی بینیوە و چوار سەدەیە ملکەچی کوشتارگەی بێڕەحمانە و دڵڕەقانە بووە.، گەرچی ئەو کەسە بۆ خۆی زۆر ئازاش بێ، بە هیچ شێوەیەك جورئەتی ئەوەی نییە بۆ ئەوەی بە دەستەجەمعی لەبەرامبەر ملهوڕەکەی بوەستێ و وای پێ باشترە بچێ بمرێ، چونکە مردن لە گۆڕەپانی جەنگدا باشترە لەوەی ژیانی کولەمەرگی لەسەر پەتی سێدارە یا لەژێر ڕەحمەتی چەقۆی تورك درێژە پێبدات.

لە سەرێکی دیکەوە، ئەوەتی شەڕی گشتییە ئەوە هۆکاری سەرەکییە کە بووە بە مایەی شکستهێنانی هەوڵدانەکانی نیشتمانپەروەرانی کورد بۆ ئەوەی بەتەك هاوپەیمانەکانەوە بوەستن، دوای گۆشەگیرییەکی تەواو کە خۆیان لە ئەورووپا دەبیننەوە.

لە ئاگربەسەوە، نیشتمانپەروەرانی کورد بڕواکردوو بە هەستی ئازادیخوازی و مرۆڤایەتیی هاوپەیمانەکان، بەتەك هاوپەیمانەکانەوە وەستاون و داوای سەربەخۆیی دەکەن بەگوێرەی ئەو پرنسیپانەی کە هێندەجار و هێندە بەئاشکرا لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە جاڕ دراون. ئەو ڕۆژە زۆر شانازیکارانە و هەرگیز لەیادنەچوو بوو، ئەو ڕۆژەی کە بەڕێز سەرۆك کۆماری فرانسا لە ١٩١٩/١/١٩دا کۆنفرەنسی ئاشتی کردەوە، موچرکی شادیی بەلەشدا هێنا و خۆشنوودی کەوتە ناو دڵی نەتەوەی کورد. ئەو ڕۆژە بوو کە بەڕێز ڕایمۆند پوانکاریێ*، کاتێ ڕووی دەمی کردە وەفدی نەتەوەکانی هاوپەیمانەکان و هاوکارەکانیی و پێی وتن:

((هەموو گەلانی چەوساوە، هەموو قوربانییەکان کە ماوەیێکی زۆر بێتوانا یا ملکەچ بوون بەدەست بێدادییێکی گەورەی مێژووییەوە، هەموو شەهیدانی ڕابوردوو، هەموو ویژدانە زۆرلێکراوەکان، هەموو ئازادییە خەفەکراوەکان، لەگەڵ دەنگە دەنگی چەکەکانماندا زیندوو بوونەوە و وەك چۆن ڕوو بەلای پارێزەرانی سروشتی خۆیاندا وەربگێڕن، ئاوا ڕوویان بەرەو ڕووی ئێمە وەرگێڕا. وێڕای ئەوەی کە کەمە کەمە جەنگ پڕبووە بە مانا سەرەتاییەکەی و بە هەموو هێزێکی تێرمەکە بووەتە جەنگی ئایینیی مرۆڤایەتی بۆ ڕاستی، ئەگەر چەند شتێکیش هەبێ پەشیمانمان بکاتەوە، بەشی ئەو پرسانەیە کە کاری تێکردین، ئەوە بە هەقیقەت ئەو بیرکردنەوەیەیە کە سەرکەوتنی ئێوە سەرکەوتنی ڕاستییە)). ئێوە تەنها بەدوای دادپەروەریدا دەگەڕێن، دادپەروەرییێك کە بە هیچ شێوەیەك مافێکی تایبەتی نەبێ. ئەوانەی وا دادپەروەری هەیدێیان لێدەکات بریتین لە خەونەکانی داگیرکردن و ئیمپریالیزم، بەچاوی سووك سەیرکردنی ویستە نەتەوەییەکان، گۆڕینەوەی بە زۆرەملێی هەرێمەکان لە نێو وڵاتەکاندا، هەروەك ئەوەی گەلان تەنها تاخم یا داشی یاریکردن بن. سەردەم چیتر ئەو دەورانە نییە کە دیپلۆماتەکان بتوانن کۆببنەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتێك لەسەر گۆشەیەکی نزیك دروست بکەنەوە وەك کارتی ئیمپراتۆریایەکان.

---

* Raymond Poincaré

ئەگەر ئێوە نەخشەی جیهان دادەڕێژنەوە، ئەوە بە ناوی گەلانەوەیە و بەو مەرجەیە کە وەفادارانە بیرکردنەوەیان تەرجەمە بکەن، ڕێز لە ماف نەتەوەکان بگرن، بچووك و گەورە، بەوەی خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن)).

بەڕێز سەرۆك کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە خۆی و چواردە خاڵەکەیەوە کە لە لایەن هەموو هێزە هاوپەیمانەکان و هاریکارەکانیەوە قەبووڵ کرا، دواجار دڵنیایی ئەوەی داینێ کەوا نەخشەی نوێی سیاسیی جیهان، بەوەی وا لەژێر دەستی ئەو وەزیرە هەڵبژێردراوانەی کە لە ڤێرسای کۆبوونەتەوە، لەناویاندا کوردستان بە سنووورە مێژووییەکانی و سەربەخۆیی خۆیەوە بەخۆوە دەگرێ.

ویژدانی نەتەوەیی کورد وای دەبینی زۆر دڵرەقانەیە ئەگەر بەلای ئەوەدا بشکێتەوە گومان لە ڕاستگۆیی پرنسیپەکانی هاوپەیمانەکان بکات. کەوایە لەم ڕۆژانە کە کۆبوونەوەکان بەردەوامن لە لایەن جەنابتانەوە و سەرقاڵی چارەسەرکردنی پرسی ئاڵۆزی تورك دەبن، ئێمە هاتووین لە ئێوە دەپاڕێینەوە هەموو ئەم مانۆڕانەی تورکەکان بە هیچ شێوەیەك کە بەو مەبەستە گیراونەبەر تا حوکمدانی ئێوە بە لارێ دا بەرن بە ڕاست وەرنەگرن و ئەو برووسکە و نامە وەفاداریانەی کە لە لایەن کوردەکانەوە ئاڕاستەی چەوسێنەرە تورکەکان کراون، تەنها نرخی خۆیان بدەنێ.

ئەوە لە نادادپەروەریش زیاترە کە ٥,٠٠٠,٠٠٠ کەس بە مەبەستی سیاسی و بەرژەوەندی تایبەتی بێبەش بکرێن. ئەوەش ڕاستە کە بەشێکی ئەو زەوی و زارانەی کە ئێمە پێیان دەڵێین کوردستان، لە لایەن وەفدی ئەرمەنیەکانیشەوە داوا کراوە. مێژوو و ڕووداوەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ئەرمەن و کوردەکان هیچ هۆیەك نییە بۆ ئەوەی دوژمن بن و گشت داناییێکیش هەیە بۆ ئەوەی دۆست بن.

ئێمە چارەسەرکردنی کێشەکان ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەرمەنییەکاندا دەخەینە سەر شانی خۆمان و بەشێوەیەکی هێندە دادوەرانە کە هەمان چارەسەری پێشەکی ئەوەندە پتەو لە نێوان ئەم دوو برایە ستەمکێشە، ئەم دوو هاوسێیە لەیەك جیانەبووە لەدایك ببێ. ڕەوا و پێویستە، کۆنفرانس کە هەموو ڕەوشە

بەسوێیەکانی ئەوروپا و ڕۆژهەڵات زیندوو دەکاتەوە دواجار هەقی کوردەکانیش لە خۆرەتاو بناسێنێ.

سەرۆکی بەڕێز، ڕێزی زۆر شایستە و پێزانینی بەرزم قەبووڵ بفەرموون.



**سورەیا بەدرخان**

**سکرتێری گشتیی**

**کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد**

بەڵگەنامەی ژمارە:٢٩
سێرڤیسی زانیاریی زەریاوانیی
تورکیا
ژمارە: ١٩٠٩
هەڵبژاردەی چاپەمەنیی ژمارە ٣٠٧، ٢٩ ی ئاداری ١٩٢٠

## بە درۆخستنەوەیێك

برێك لە ڕۆژنامەكانی پایتەخت كە بە زمانی توركی و فڕانسەوی بڵاو دەبنەوە، هەواڵێكیان كە لە ڕۆژنامەی "ژین" وەرگیرابوو، دووبارە بڵاوكردۆتەوە لە بارەی بانگاشەی وازهێنانی منەوە، بەو بۆنەیەوە وەك دەڵێن ناكۆكییێك لەنێوان ڕاگەیاندنەكەی من كە لە ڕۆژنامەی "ئیقدام"دا بڵاوكراوەتەوە و تایبەتە بە پرسی كوردستان و ئەو ڕاگەیاندنەی مندا كە لە سێنا دوامە، هەیە. ڕەوشەكە بەمشێوەیەیە كە ئەو بەدرۆخستنەوەیەی كە لە ڕاگەیاندنەكەی سێنادا داومە، ئاڕاستەی چاپەمەنیەكانی ڕۆژنامەی Orient كرابوو، و نەك بۆ ئەو ڕاگەیاندنە ڕاستەقینەی من كە لە ڕۆژنامەی ئیقدام بڵاو كرایەوە. تكاتان لێدەكەم ئەم بەدرۆ خستنەوەیەم بۆ بڵاوبكەنەوە كە من بە هیچ شێوەیەك وازم لە سەرۆكایەتیی جەمعییەتی تەعالیی كورد نەهێناوە.

سەیید عەبدولقادر
سیناتۆر

<u>تێبینی دەستەی نووسەران:</u>

ئێمە لە ڕووی پەرۆشییەوە بۆ بێلایەنیی ڕەهامان ئەم ڕاستكردنەوەیە لەبارەی ئیستقالەی سیناتۆرەوە بڵاو دەكەینەوە كە دووپاتی دەكاتەوە -وەك دەبینین- واز لە سەرۆكایەتیی جەمعییەتی تەعالیی كوردستان ناهێنێ.
L'"Entente"

بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٠

(کۆپی)

کۆنستانتینۆپل، *١٢ ١٤ی نیسانی ١٩٢٠

بۆ جەنابی کۆمیسێریای بەرزی بریتانیای فەخیمە، هتد. هتد. هتد

جەنابی بەڕێز،

شەرەفی ئەوەم هەیە جەنابتان لەو بڕیارەی خوارەوە ئاگادار بکەمەوە کە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی کورد-ەوە دراوە:

شەریف پاشا وەفدی پێشووی کۆمەڵەی ئێمە بۆ کۆنفرەنسی ئاشتی وەك چۆن خۆنیشاندان و کردەوەی سیاسیی ئاوای نیشاداوە کە لای ئێمە پێچەوانەی بەرژەوەندییە زیندووەکانی کوردستانە، بۆیە لە پۆستەکەی لابردراوە. ئەو وەفدەی کە شوێنی دەگرێتەوە بۆ ئەم کۆششە تایبەتییە، دەستبەجێ دیاری دەکرێ. داوا لە جەنابتان دەکەین، بە تەواوی ئەم بڕیارە لەبەرچاو بگرن، تکاکارم ڕێزلێنانی زۆر شایانم قەبووڵ بفەرموون.

جێگری سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی کورد

(ئیمزا) ئەمین عالی بەدرخان

سکرتێری گشتی

حەمدی

---

* مێژووی نامەکە هەر بەمشێوە نووسراوە و نازانرێ داخۆ ١٢ -ە یان ١٤-یە، وەرگێڕ.

بەڵگەنامەی ژمارە: ٣١
کۆمیسێریای بەرزی بریتانی
کۆنستانتینۆپل
٢٠ی نیسانی ١٩٢٠
ژمارە: 559/M. 2570

لۆردەکەم،

شەرەفی ئەوەم هەیە بۆ ئاگاداریی بەڕێزتان هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیەدا کۆپیی یادداشتنامەیێکتان، بە ڕۆژی ٢٠ی ئادار بۆ بنێرم کە لە یانەی ناوەندیی کوردستانەوە بەدەستم گەیشتووە، داوای سەربەخۆیی کوردستان تێدا دەکا و ناڕەزایی دژ بە پێشنیاری فراوانکردنی سنووری پێشنیارکراوی ئەرمەنییەکان دەردەبڕێ.

٢- من کۆپییەکی ئەم برووسکەیەم بۆ کۆمیسێری مەدەنیی خاوەن شکۆ لە میزۆپۆتامیا ڕەوانە کردووە.

شەرەفی ئەوم هەیە لۆردەکەم، کڕنووشبەری گوێڕایەڵی بەڕێزتان بم
ئیمزا

بۆ پایەبەرز ئایرەل کیرزونی کۆدلیستۆن

**بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای کۆنفرەنسی ئاشتی**

بەڕێز سەرۆك،

کێشەکانی ئەرمەن کە خراونەتە بەردەم کۆنفرەنسی ئاشتی، نابێ لەو کێشانە جیا بکرێنەوە کە تایبەتن بە کورد. ڕاستییەکەی کوردەکان نەك هەر زۆرینەی هەرە زۆرن لەو بەشانەی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا کە ئەرمەنەکانی لێیە، بەڵکو زیاد لەوەش گرۆیەکی پێکەوەبەستراو و هاوڕەگەزن.

وڵاتی کوردەکان بریتییە لە ویلایەتە عوسمانییەکانی دیاربەکر، خارپووت، بتلیس، وان، مووسڵ و سنجاقی ئورفە. ئێلیزێ ڕیکلیوس* هەتاوەکوو ویلایەتی ئەرزەڕۆم-یش دەخاتە ناو سنوورەکانی کوردستان.

دەرهاویشتە مێژوویی و ئیتنیکییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ئەم ویلایەتانە ناکرێ لە ئیمپراتۆریای عوسمانی دابماڵرێن، بۆ ئەوەی جگە لە دەسەڵاتی کوردەکان خۆیان بکەونە ژێر هیچ دەسەڵاتێکی دیکە.

مێژووناسانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەسەر ئەوە کۆکن کە کورد لە گەلانی کۆنی ئێرانین، لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕووبارەکانی سەیحوون و جەیحوون و لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕووبارەکانی سەیحان و جیهان و لەوێشەوە تا زەریای ناوەڕاست، لە باکوورەوە تا زەریای قەزوین و قەوقاز و لە باشووریشەوە تا کەنداوی فارس درێژ دەبێتەوە.

بەگوێرەی مێژوونووسە ئەوروپی و موسڵمانەکان، کورد سەرەتا زوو لە داوێنی چیای جوودی* نیشتەجێبوون و لەوێشەوە گەیشتوونەتە زەریای ڕەش، زەریای ناوەڕاست و عوممان. ٤٠٠ ساڵ پێش زایین، گەزنەفۆن چاوی بە کاردۆخەکان (کوردەکان) کەوتووە لە دیاربەکر، خارپووت و وان. هەروەها بە هەمان شێوە شوێنکاری کوردەکان لەکاتی لێکۆڵینەوەی شانشینەکانی بابل، ئاشووری و مێدیادا دەبینرێ.

---

Elisée Reclus *
Djoudi *

ئـەلبێر مـاللیٚ* هـەتا گوتوویـە ((کوردەکـان ئاشـوورییەکانی سـەردەمانی ئێستەن)).

کورد لـە دوای جـەنگی قادسییە، ئایینی ئیسلام قـەبووڵ دەکات. کوردەکان وێڕای هاوسۆزییان لەگەڵ داگیرکارە عەرەبەکاندا، لەهەمان کاتدا لـەولای دیکـەوە هەمیشە ناسیۆنالیتەی خۆیان پاراستووە. ساڵی ٩٥٠ لـە دیاربـەکر حکوومـەتێکی سـەربەخۆی کـوردی بـە سـەرۆکایەتیی عـەلی مـەروان دادەمـەزرێنن. دوای ئـەوەی سـەدەی یانزەهـەم لـە لایـەن سـەلجوقییەکانەوە داگیر دەکرێن، پاشـان کوردسـتان سەرلەنویٚ سەربەخۆیی خۆی وەچنگ دەخاتەوە. بەڵام وەك چۆن کەوتبوونە نێو بەرداشی ئێرانییەکان و تورکەکان، کوردەکان لە خەباتێکی بێوچاندا ناچار بوون تاوێك بەولایاندا و تاوێکی دیکە بەو لای دیکـەدا بچن. شکستی (شـا)ی ئێران، (شـا) سمـایلی سـەفەوی و هـەروەها ناسـنامەی هاوئـایینی لەگـەڵ تـورك، بـەوە کۆتایی هات کە کوردەکان بەلای تورکەکاندا شکانەوە. سەرۆکی کورد، ئیدریس بەدلیسی لەگەڵ "سوڵتان سەلیم"دا کەوتە وتوویٚژ و کوردستان بەو مەرجە بە ئیمپراتۆریـای عوسمانییـەوە لکێنـرا کـە کوردەکـان ئـازادیی خۆبـەڕێوەبردنیان بپارێزن و تەنها لەشکرێکی ئالیکار بۆ سوپای سوڵتان بنێرن.

وڵاتی کوردان خاکەکەی دەوڵەمەندیی خۆی هەیە، کانەکانی، دارستانەکانی، ڕێگەوبان و زمانی نەتەوەیی خۆی هەیە. نەخشەی کوردستانی عوسمانی؛ لە بـاکوور لـە بەشـی باشـووری چیای ئاراراتـەوە، لـەو شـوێنەی کـە سـنوورەکانی تـورکی، ڕووسـی و ئێرانـی پێك دەگـەن دەست پێدەکات، پاشان بـەرەو باشـوور لەگەڵ سنووری تورکی– ئێرانییدا شۆڕدەبێتەوە. دوایی لـە لایـەك تـا هەرێمـەکانی بایەزیـد، وان، هـەکاری، ڕەوانـدوز، مووسـڵ، کـەرکووك، خانـەقین و لـەولای دیکەشـەوە تـا ئـەرزەڕۆم، ئـەرزەنجان، بتلـیس، مـووش، خـارپووت، دیاربـەکر، ماردین، جزیرە، سیوەرەك، ئورفە، ڕەئسو ل عەین و سنجار درێژ دەبێتەوە.

کوردەکان بەبیٚ ئەوەی کۆچەر بن، کەچی دابەشی سەر هۆزەکان بوون و هەتا بە ویستی خۆیان ملکەچی سوڵتان سەلیم بوون، ٤٦ میرنشینی بەرچاویان پێك

---

Albert Mallet *

هێناوە کە شارەکانی دیاربەکر، دینەوەر، چاری سوول*، لوڕ، ئەردەڵان، هەکاری، ئامێدی، گۆرکێل، فینك، حەسەن کێف، چەمشگەزەك، میرداسی، ئەگیل، ساسۆن، حەڕان، کلیس، شێروان، دێرسیم، ئەردەگان، ئیتاخ، بەرکل، سوێدی، سلێمانی، شەهروون بەرگۆن، قەڵای داود، پڵنگان، بتلیس، غارزان، بۆلان ... هتد دەگرێتەوە. بە جۆرێك کە مۆمسێن* لە مێژووە ڕۆمانییەکەی خۆیدا ئەرمینیا و وڵاتی کوردان لە نێو سەرچاوەکانی ڕووباری فورات و دەچڵەدا دادەنێ. ئەنسیکلۆپیدیای نیوتالسی** ئینگلیزی زۆر ئاشکراترە و وا دەقاودەق ئەم چەند وشانە ڕادەگوێزینەوە: ((*ئەرمێنیا وڵاتێکە لە ڕۆژئاوای ئاسیا، لە ڕۆژئاوای زەریای قەزوین، لە باکووری چیایەکانی کوردستان، لە نێوان ڕووسیا، تورکیا و ئێران دابەش کراوە و بانێك دەگرێتەوە کە شیوە بەپیت و فەڕەکانی کە لەسەر چیای ئارارات دەگاتە ئەوپەڕەکەی دووکەرتی دەکات*)). ئەمەیان ئەو دەستاوێژە مێژووییانەیە لەسەر سنوورە تایبەتییەکانی کوردستان و ئەرمینیا. جا ئەگەر لەو ئەرمینیایەی وا خەریکە دروست ببێ، ئەو ناوەندانە بگرێتەوە کە کوردەکان تێیدا زۆرینەن، ئەوا نەك هەر پێشێلکاریی هەموو پرنسیپێکی ناسیۆنالیستی و مافی چارەی خۆنووسینی گەلان بە دەستی خۆیان دەکرێ، بەڵکوو ئەو خەڵکە [خەڵکی کورد ،و] بەوپێیە جەنگاوەرن و پابەندن بە سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆیان، هیچ گومانی تێدا نییە کە پشێوی و ئاژاوە لەم ئەرمینیایەی دواڕۆژدا، ئەم دەوڵەتە ئیستیتانییە دەگرێتەوە، مەگەر هاوپەیمانەکان بە بەردەوامی هێزێکی گەورەی تێدا بهێڵنەوە کە دەشێ ئەو هێزەش خۆی بەرەوڕووی پەلاماری جەنگی پارتیزانی ببێتەوە.

ئەرمەنەکان بۆ بەڵگەهێنانەوە لەسەر ئەوەی وا هەقی پێکەوەنانی ئەرمەنستانی گەورەیان هەیە، ئەوە دەوروژێنن کە شانشینێکی ئەرمەنی لە دەورانی تیگران*دا ٥٠ ساڵ پێش زایین هەبوە، بەڵام ئەوان ئەوەیان لەبیر چووە

Charrysoul *
Momsen *
Nuttals **
Tigran *

ئەوە زێدە بکەن کە  خاکەکەیان کە لە بنەڕەتدا سەر بە ئیمپراتۆریای ڕۆمان بووە و سەرلەبەری لە لایەن پۆمپییەوە** هەر لە دەورانی تیگران خۆیدا داگیر کرایەوە. ئەم (ئەرمەنستانی گەورەیە) نابێ لانکەی ئیتنیکی ڕەگەزی ئەرمەن بێت. ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە چەند هەزار ئەرمەنییەك بەناو ولاتی کورداندا پەرت و بلاو بووبنەوە، بەمشێوەیەی کە ئەنسیکلۆپیدیای Nuttals نوسیویە کە ((لە دەورانی گەلێك کۆنەوە، ئەرمەنەکان هەمیشە پەڕیوەی ولاتانی هاوسێیان بوون و لەوێدا وەك جوولەکەکان هەر تەنها خەریکی کاروباری بازرگانی بوون و زۆربەشیان صەڕافن)). لەکاتێکدا کوردەکان وەك گرۆیێکی هاوڕەگەز لە ئەرزەڕۆم، بتلیس، مووش، وان، دیاربەکر، مەعموورەت ئەلعەزیز، مەلاتییە، ئورفە، مووسڵ، سلێمانی و بەشێکی بەغدادا دەژین. ئەرمەنەکان خۆیان لە هیچ شوێنێکدا زۆرینە نین و هەر تەنها سەرقاڵی بازرگانین و لە شارەکان یان لە ناوچە هاوسێیە نزیکەکانی کوردەکان نیشتەجێن. موڵکداری و موڵکدارێتیی گوندیی هەموویان سەرلەبەریان لەژێر دەستی کوردەکاندان. بواری چالاکی ئەرمەنەکان لە شارەکان و دەوروبەری ڕێگەوبانە گەورەکان قەتیس بووە.

لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە، ئەرمەنەکان بە هیچ کلۆجێ لە ڕێژەی ٢٥% تێپەڕ ناکەن. ژێنێرالی ڕووس باسیلۆڤ* لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا لەبارەی ئەم بەشەی ئاسیای بچووکەوە ئەوەی دەرخستووە کە ڕێژەی ئەرمەن هەر یەك ئەرمەنی بەرامبەر بە شەش کوردە. لەو لێکۆڵینەوانەی وا لەماوەی دروستکردنی سوارەی کوردیی ناسراو بە "حەمیدییە" کراون، ئەوە بەئەنجام دەهێنرێ کە بەر لە ٢٥ ساڵ، ژمارەی دنیشتوانی کورد بە ٤ تا ٥ ملیۆن کەس خەملێنراوە. سەرژمێرییەکە لە دوای پەیماننامەی بەرلین، بە چاودێریی کۆمسیۆنێك کراوە کە خوالێخۆشبوو ژێنێرالی ئینگلیز بەکر پاشا و خوالێخۆشبوو سەعید پاشا، سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەتی عوسمانی و هەروەها میناس ئەفەندی بەگزادەی

---

** Pompée

* Basiloff

ئەرمەنەکان کراوە، بە نموونە بۆ هەرێمی دیاربەکر ژمارەی ٦٠٠٠٠٠ موسڵمان بەرامبەر بە ٢٤٠٠٠٠ مەسیحی بەدەستەوە دەدات.

لەولای دیکەوە، نامیلکەیەکی نهێنیی سەرکردەی گشتیی ڕووس، کە مەیلی ئەرمەنخوازیشی هەیە، بۆ شاری وان ڕێژەی ٤٥٪ کورد بەرامبەر بە ٢٥٪ ئەرمەنی و بۆ بتلیس ٥٥٪ کورد بەرامبەر بە ٣٩٪ ئەرمەنی بەدەستەوە دەدات، بە بێ ئەوەی ژمارەی تورکەکانیش حسێب بکرێن.

تەنها لە هەرێمی وان و مووش، کورد و ئەرمەن کەموزۆر لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە وەك یەکن. لە هەرێمی بتلیس ٥٠٪ ی کورد و ٤٠ ٪ ی ئەرمەن بوون. کوردەکان لە هەکاری ٥٦٪، لە سێرت ٦٠٪ ، لە گەنج ٧٩٪ی دانیشتوان بوون. لەم هەرێمانەی دواییدا، ئەرمەنەکان بە زمانی کوردی قسە دەکەن.

هەرچی سەبارەت بە دابەشبوونی ئایینییە، هەر بەگوێرەی هەمان نامیلکە، لە هەرێمی وان ٥٤٪ موسڵمان، ٤٣٪ ی مەسیحی و ١٪ ی ئاینەکانی دیکە بووە. لە مووش ٥١٪ ی موسڵمان، ٤٨٪ ی مەسیحی و ١٪ ی ئاینەکانی دیکە بووە. لە سیرت ٦٥٪ ی موسڵمان و ٣٤٪ مەسیحی و ١٪ ی ئاینەکانی دیکە بووە. لە گەنج ٧٩٪ ی موسڵمان، ٢٠٪ ی مەسیحی و ١٪ ی ئاینەکانی دیکە بووە.

لەو ٣٢ قەزایەی کە ویلایەتەکانی وان و بتلیس پێك دەهێنن، تەنها هەشتان لەوانە زۆرینەی مەسیحین. لە قەزایەکانی دیکە، بەگوێرەی ئامارە ڕەسمییەکانی ڕووس خۆیان، موسڵمانەکان زۆرینەن. بێجگە لەوە ئەو ناوچانەی کە ئەرمەنەکان داوایان دەکەن، وەك بایەزید، ئەلاشگەرد، قەرە-کیلیستی، مەلازگەرد، بولانق، خنس، تەکمان، ئەخلات و مووش لە هەموان دەوڵەمەند تر و بەپیت و فەڕترن، دەتوانین بڵێین عەماری دانەوێڵەی کوردستانن. لەدەستدانی ئەم ناوچانە، باقی وڵاتەکە تووشی ماڵوێرانی دەکات و لە ڕووی ئابوورییەوە دەیانخاتە ژێر دەستی ئەرمێنیا. هەتا لە باکووریش، سنجاقی گەنجە، قەزایەکانی سامسۆن و مۆتکی دارستانی چڕوپڕ، هەروەها کانی ئاسن و هی دیکەیان لێیە. کانە ئاسنەکانی ساسۆن بە کانزا و ئاسانی دەرهێنان بەناوبانگن، هەر لە هەمان ناوچەدا، لە قەزای بولانك چیایەکانی بێلیدجانی لێیە کە بە خەڵووز دەوڵەمەندە.

ئەستەمە کوردەکان دەستبەرداری ئەم ناوچە دەوڵەمەندانە ببن، بە تایبەت ئەگەر لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە لێی وردببینەوە، دەبینین سنجاقی مووش، لە چەند بەشێکی قەزایەکانی بولانق و ئەخلات، کە هاوسێی گۆلی وان-ن، ژمارەی ئەرمەنەکانی تێدا پێش جەنگ یەکسان بوو لەگەڵ ژمارەی کوردەکان. لە باقی ناوچەکانی دیکەی ئەم هەرێمانەدا ١٥% ئەرمەن بەرامبەر بە ٨٥% کوردن. بایەزید، ئەلاشگەرد، تەکمان و دەوروبەری، هەر تەنها کوردی هەن و زۆر کەم ئەرمەنی لێیە. لە باشووری گۆلی وان، هەروەها لە قەزایەکانی موکس، خیزان، ڕەوشەکە بە هەمان شێوەیە.

بەم شێوەیە بە ئاشکرا دەردەکەوێ هاندەری داخوازینامەکانی ئەرمەنەکان لەسەر ئەم دەرو ناوچانە دەوڵەمەندیی خاکەکەیەتی و بەهۆی زۆرینەی وەهمیی ژمارەی دانیشتوانەکەیەوە نییە.

بەڵام نابێ دابەشکردنی دەوڵەمەندیی خاك لە ناوچە کوردییەکاندا بە هیچ شێوەیەك نە ببێتە بیانووی جیاکردنەوەی کوردستان بۆ چەند ناوچەیەکی نفووز و نە بۆ دابەشبوونی. کوردستان بەسەریەکەوە یەکەیەکە و لە کاتی داپچڕانیدا لە ئیمپراتۆریای عوسمانی، ناشێ لە ڕووی ئابوورییەوە پێش بکەوێ، تەنها بە پشت بەستن نەبێ بە کۆمەگی تاکە دەوڵەتێکی مانداتێر کە بە ڕەزامەندیی کورد و لە لایەن کۆمەڵەی گەلانەوە دەستنیشان بکرێ.

هەتاوەکوو وەفدی ئەرمەن لە کۆنفرەنسی ئاشتیدا دانی بە بوونی کوردستاندا نا، وەك لەو ڕاگەیاندنە هاوبەشەشماندا هاتووە کە لە ٢٠ ی١١ ی ١٩١٩دا ئاڕاستەی سەرۆکی ئەم کۆنفراسەمان کردووە، بەجۆرێك کە کوردستان داخوازینامەکانی پشت ئەستوور بوون بەو پرنسیپە جێگیرانەی کە پێشکەش بە کۆنفراسەکە کرا لە پێناوی سەقامگیرکردنی ئاشتییێکی ڕاستەقینەی جیهانیدا، بەگوێرەی: ١- ماف نەتەوەکان لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆیاندا،

٢- ماف زۆرینە،

٣- ماف پێشکەوتنی ئازاد بۆ گەلانی جیاواز بەگوێرەی ویستی نەتەوایەتییان.

بۆ کورتکردنەوەی ئەم داخوازینامانە کە لە جاڕنامەکانی پێشوومانەوە سەرچاوە دەگرن، ئێمە شێلگیرانە دژی هەموو بڕوبیانوو هێناوەیەکین لەسەر کوردستان کە هێڵەکانی سنوور بەم شێوەیە نەبن کە وا ئێمە لەو نەخشەیەی وا کراوەتە هاوپێچ دیاریمان کردوون، کە دەبێ ئەم ناوچانە هەر بۆ کوردەکان بمێننەوە.

بەرووبوومی نەتەوەیی لای کورد ئەمڕۆ بە ڕوویێکی سەرەکی ئاژەڵدارییە مەڕو ماڵاتە کە بە هۆی هەلومەرجی ئاووهەواوە پێویستی بە لەوەڕگای هاوینانە و زستانانە هەیە، جا بۆ ئەوەی ئەم گەلە لە کلۆڵی ئابووری بپارێزرێ، ئێمە داوا دەکەین دەمودەست ئەم لەوەڕگایانە نەکەونە ئەودیوی ئەو هێڵانەی سنوور کە بۆ کوردستان دیاری دەکرێن.

ئێمە بە پشت بەستن بە پێشینەی یۆگسلاڤیا، پۆڵۆنیا و ئەرمینیا داوای دەستنیشانکردنی دەروویێکی زەریایی دەکەین لە کوردستان کە لەسەر زەریای ناوەڕاست بکرێتەوە، هەروەها بە ئاڕاستەی زەریای قەزوین بۆ ڕۆیشتنی نەوت و بەروبوومە کانزایی و دارستانییەکانی دیکە.

دواجار ئێمە لە کۆنفرەنسی ئاشتی دەپاڕێینەوە کەوا کۆمسیۆنێکی نێودەوڵەتیی دابنێ، ئەرکی دیاریکردنی هێلکێشانی سنوورەکان بەگوێرەی پرنسیپی ناسیۆنالیتی بگرێتە ئەستۆی خۆی بەجۆرێك کە کوردستان هەموو ئەو دەر و ناوچانەی وا کوردیان تێدا زۆرینەن، بگرێتەوە. بێگومان ئەگەر لە حاڵێکدا گرۆیێکی بەرچاوی نەتەوەیی دیکەی لەوناوچانەی کە سەر بە کوردستان دەبن، هەبوون، ئەوا بە گوێرەی ترادسیۆنی نەتەوایەتییان حاڵوباری تایبەتیان پێ دەبەخشرێ.

جگە لەوە، ئێمە بڕوای تەواومان بە ڕۆح و حیکمەتی ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای کۆنفرەنسی ئاشتی هەیە کە نایانەوێ قوربانی بە پرنسیپەکانی یەکسانی و دادپەروەری و ئاسایش بدەن لە بەشێکی گەورەی ئاسیای بچووکدا لەسەر بنەمای ئەو ئەفسانانەی کە دواتر هەر بۆ بەرژەوەندی خۆشیان شووم دەبێ.

دەبێ بوون و هەقی وڵاتی موسڵمانی کورد لەبیر نەکرێ تا بەشێوەیەکی کاتی ڕێگە بگرێ لەو گەرەنتییە شیاوانە کە دەیانەوێ چەشنێکی شەرعی ببەخشرێن بەو ئەرمەنانەی وا دەمێننەوە.

بەڕێز سەرۆك، تکاتان لێدەکەم دەربڕینی زۆر گەرموگوڕی ڕێزلێنانم قەبووڵ بفەرموون.

١٨ی ئاداری ١٩٢٠

جێگری سەرۆکی کلووبی ناوەندیی کورد

ئەمین عالی بەدرخان[١٦]

کۆنستانتینۆپل

[16] ئەم بەڵگەنامەیە کە بەناوی ئەمین عالی بەدرخان، جێگری سەرۆکی کلووبی ناوەندیی کوردەوە پێشکەش بە بەڕێز ئایرەل کیرزۆن کراوە، پێشتر لە لایەن شەریف پاشاوە وەکوو یادداشتنامەی دووەمی شەریف پاشا لە ١ی ئاداری ١٩٢٠دا پێشکەش بە کۆنفرانسی ئاشتی کراوە و ئێستە دەقە فرانسییەکەی لە ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا پارێزراوە. ئێمە دەقی یادداشتەکەی شەریف پاشا-مان وەکوو خۆی لە فرانسییەوە کردووە بە کوردی و لەگەڵ ئۆریژیناڵە فرانسییەکە بەسەر یەکەوە لە گۆواری "کوردناسی"دا بڵاومان کردۆتەوە، بڕوانە: کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی فرانسادا، گۆواری کوردناسی، ژ (٢)، بەرلین، ٢٠٠٧، لا: ٨٣-٨٩. نازانین داخۆ ئەم یادداشتنامەیە یەکەمجار ئەمین عالی بەدرخان نووسیوویەتی و بۆ شەریف پاشای ناردووە، تا ئەویش بە ناوی وەفدی کوردییەوە پێشکەشی کۆنفراسی ئاشتیی بکات؟ یاخۆ ئەم یادداشتنامەیە شەریف پاشا نووسیویەتی و ئەمین عالی بەدرخان، بێ ئەوەی ناوی شەریف پاشا ببات دووبارە پێشکەش بە ئایرەل کیرزۆن کردۆتەوە؟ دەشێ و هیچ دوور نییە لە بنەواندا کاتی خۆی ئەمین عالی بەدرخان ئەم یادداشتانەمەیەی نووسیبێ و بۆ شەریف پاشای ناردبێ و شەریف پاشا-ش وەکوو سەرۆکی وەفدی کوردی بەناوی خۆیەوە پێشکەشی کردبێ. بەڵام ئەم یادداشتنامەیە بە شێواز و شێوەی نووسینی زیاتر لە نووسینی سورەیا بەدرخان دەچێ، بەڵام جارێ تا دەگەینە ڕاستیی مەسەلەکە دەرگەی ئەم باسە هەر بە کراوەیی جێدەهێڵین، وەرگێڕ.


KURDISTAN
PERSAN
KERMANCHAH
SENNE
MENDELI
SULEIMANIE
KIZILROBAT
KIFRI
KERKOUK
ERBIL
AKRA
TIGRE
MOUSSUL
DJOULMERK
VAN
BITLIS
MOUCH
GERNIK
ERZERUM
BAIAZET
ZIVIN
ERZINDJAN
KHOZAT
DERSIM
KHARPUT
DIARBEKIR
MARDIN
RAS EL AIN
SINDJAR
DJEDILE
MALATIA
EUPHRATE
URFA
BIREDJIK
BESNI
DIVRIK
GOLF D'ALEXANDRETTE
1:2000000
FRONTIÈRE TURCO_PERSAN.
FRONTIÈRE DU KURDISTAN.

بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٢

کۆپی

کۆنستانتینۆپل، ٦ ی ئایاری ١٩٢٠

بۆ بەڕێز جەنابی کۆمیسێری بەرزی بریتانیای فەخیمە، هتد، هتد.

جەنابی بەڕێز،

شەرەفی ئەوەم هەیە جەنابتان لەوە ئاگادار بکەمەوە کە ئەو کەسانەی وا ناویان لەناو ئەم لیستەیەی خوارەوەدا هاتووە، هەر تازە کۆمەڵەیەکی نوێی کوردییان بە ناوی (کۆمەڵەی ئیجتیماعیی کورد) [جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتیماعییەی کورد] ەوە دامەزراندووە. بێگومان جەنابی بەڕێزتان لەوە بێ ئاگانین کەوا ماوەیەکە چەند سەرگەردانییەك لە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵەی پێشووی کورددا لە نێوان لایەنگیرانی سەربەخۆیخواز و ئەوانەی کە بە چارەسەری نیوەچڵ ڕازین، دەبینرێ. ڕووناکبیرانی ژمارە زۆر بەوەی نەیاتوانی بەرگەی ئەم دوودڵییەی کە لەناو ئەوە سیاسەتەی ئەمڕۆدا خۆی دەسەپێنێ، بگرن، بەو پێیەی کە بێهوودە هەموو ڕێگەیەکی ئاشتبوونەوەیان تاقیکردەوە، بڕیاریان دا خۆیان لە کۆمەڵەی کۆن جیا بکەنەوە و دەستبەرداری ڕابووردووی بن. ئەوانە هەر ئێستە هاتوون ئەم کۆمەڵە نوێیەیان دامەزراندووە.

ئێمە هیوادارین ئەم کۆمەڵەیە بەختی ئەوەی هەبێ ببێ بە جێگەی باوەڕی ئێوە و هیوادارین پشت قایم بەم پاڵپشتییە بتوانین، وێڕای هەموو چەشنە تەگەرەکان ئیدیالی نەتەوەییمان بەجێ بهێنین. بەوپێیە پێشەکی سوپاسی جەنابی بەڕێزتان دەکەین بۆ کۆمەگی گرانبەهاتان و ئەو بەخششانەی بە ئێمەتان دان، من تکاکارم ڕێزلێنانی لە هەموان شایانترم قەبووڵ بفەرموون.

سکرتێری گشتیی

کۆمەڵەی ئیجتیماعیی کورد

(ئیمزا) مەمدووح سەلیم بەگ

**
*

ئەوەیان لیستی ئەندامەکانی بیرۆی کۆمەڵەی ئیجتیماعیی کورد-ە:

عەبدوڵڵا جەودەت بەگ (خارپووت)، پزیشك و ڕۆژنامەنووس

شوکری بەگی بەبە (سلێمانی)، سەرنووسەری ڕۆژنامەی "تەرجومان"

شوکری محەمەد بەگ (دیاربەکر)، پزیشك

جەلادەت بەگ بەدرخان (دیاربەکر)، نووسەر

ئەکرەم جەمیل بەگ (دیاربەکر)، دیپلۆمی قوتابخانەی بەرزی شاهانە

ئەمین عالی بەگ (دیاربەکر)، موفەتیشی پێشووی گشتیی داد

حوسێن حامی بەگ (ئۆرفە)، پارێزەر

مەمدووح سەلیم بەگ (وان) نووسەری ڕۆژنامەی "ژین"

نەجمەددین حوسێن بەگ (کەرکووك) کۆنە مامۆستای ئایینی

بارەگای کاتی: نووسینگەی ڕۆژنامەی "ژین"،

شەقامی ئەبول سعوود*، نزیکی بابی عالی

* Rue Aboussound

بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٣
Quai d'Orsay

**کۆنفرەنسی ئاشتی**

**سکرتاریەتی گشتی**

پاریس، ١٧ی ئایاری ١٩٢٠

سکرتاریەتی گشتیی کۆنفرەنسی ئاشتی شەرەفی ئەوەی هەیە لەگەڵ ئەم نامەیەی خوارەوەدا کۆپیی تێلێگرامێکی کۆمیتەی کوردیی کۆنستانتینۆپل بگەیەنێتە دەست بەڕێز کامێرێر* کە دژی هەموو بڕیارێکی تایبەتیی گەلی کوردە، لە لایەن کۆنفرانسی ئاشتییەوە دژ بە پرنسیپی نەتەوەکان دەربچێ.

بەڕێز کامێرێر

* Kammerer

بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٤

## تێلێگرام

کۆنستانتینۆپل ٨٩٧-٧٣-١٠١٣-٣٠ مالت

کۆمیتەی کورد شەرەفی ئەوەی هەیە بۆ زانیاری کۆنفرەنسی ئاشتی ئەوەتان پێڕابگەیەنێ کە نەتەوەی کورد وەك ئەوەی نوێنەرایەتی لە کۆنفڕانسی ئاشتی دا ناکات، کەوایە هەقی ئەوە بە خۆی دەدات نارەزایی دژ بە هەموو بڕیارێك دەربڕێ کە بە پێچەوانەی بنەماکانی نەتەوەکانەوە بە سوودوەرگرتن لە ڕێساکانی دادوەری و یەکسانی بێ.

(ئیمزا)
سەرۆکی کۆمیتە
عەبدولقادر

**بەڵگەنامەی ژمارە*: ٣٥**

**قاهیرە، ٢٣ ی ئایاری ١٩٢٠**

**زۆر بەڕێز جەنابی میللێراند،**

**سەرۆك وەزیرانی حکوومەتی کۆماریی فڕانسا —**

**پاریس**

**جەناب،**

**وەك درێـژەی ئـەو نامـە دەوریيـەی کـە لـە مـانگی ئـازاری ١٩١٩دا ئاڕاسـتەی جەنابتان کرابوو، ئێمە ئیمزاکارانی ئەم نامەیە، وەچەی خوالێخۆشبوو بەدرخان پاشـا—یـن، هـاتووین کێـشەیێکی خێزانیمـان وەبـیر دیـدەی بـەرزی جـەنابتان بهێنینەوە.**

**لـە نامـەی پێـشوومانـدا ئێمـە وتمـان باپیرە گـەورەمان، بـەدرخان پاشا سـاڵی ١٨٤٧ لە لایەن تورکەکانەوە زیندانی کرا و لە دیمەشق لە دیلیدا کۆچی دوایی کرد و هەموو سەروەت و سامانەکەی کە کەوتبووە نێوان دیاربەکر، وان، بتلیس، ئورفە و مووسڵ لە لایەن حکوومەتی تورکەوە دەستی بەسەردا گیرا و حکوومـەت بڕێوییەکی کەمی ٤٠٠٠ فرەنکیی بەناوی قەرەبووکردنـەوەی سـەروەت و سامانە دەستبەسەرداگیراوەکانەوە پێدەداین.**

---

* کوڕەکانی بەدرخان ئەم نامەیەیان بە دوو شێوەی کەمێك جیاواز لە یەك کات و یەك ڕۆژدا پێشکەش بە هەر یەك لە مسیۆ مێللراند—ی سەرۆك وەزیرانی حکوومەتی فڕانسا و لیود جۆرج —ی سەرۆك وەزیرانی بریتانیا کردووە. نامەی یەکەم کە پێشکەش بە بەڕێز جەنابی میللێراند، سەرۆك وەزیرانی حکوومەتی کۆماریی فڕانسا — پاریس کراوە، ئێمە لە ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فڕانسا—مان وەرگرتووە. هەمان ئەو نامەی دواتر کە بۆ زۆر بەڕێز جەنابی لیۆد جۆرج، سەرۆك وەزیرانی حکوومەتی خاوەند شکۆی بریتانی — لەندەن نووسراوە و لە کۆتاییەکەیدا چەند دێرێکی تایبەت بە حکوومەتی بریتانیای تێدایە لە ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانی—مان وەرگرتووە. ئێمە بۆ مێژوو و بۆ دەوڵەمەندکردنی کاری بەڵگەنامەسازی کوردی هەردوو نامەکەمان وەکوو خۆی وەك چۆن لە ئەرشیڤی لەندەن و پاریس وەرگیراون، کردووە بە کوردی و بە هەمان شێوە لە بەشی دووەمی کتێبەکە خوێنەر دەتوانێ بگەڕێتەوە سەر ئۆریژینالی هەردوو بەڵگەنامەکە کە وەك خۆیان بڵاو کراونەتەوە، وەرگێڕ.

ئێمــە، لەبــەر نزیکبوونــەوەی یەکلاییکردنــەوەی پرســی تــورك و واتــە یەکلاییکردنەوەی پرسی کورد، دەمانەوێ ئێستە چەند زانیاری زۆر ورد لـەبارەی سـەروەت و سـامانەکانی "بـەدرخان پاشـا"وە کـە ئێمـە داوای دەکـەین، بدەینـە جەنابتان.

سـەروەت و سـامانە دەستبەسـەرداگیراوەکانی بـەدرخان پاشـا ئـەمڕۆ بەسـەر سێ جۆردا دابەش دەکرێن:

یەکەمیان ئەوانەی وا فرۆشراونەتە کەسەکان لە لایەن حکوومەتی تورکەوە لـە بەدیلگرتنی پاشاوە، دووەمیان ئەوانەی وا خراونەتە سەر موڵکەکانی دەوڵـەت و دەربار، سێیەمیشیان ئەوانەی وا بە بێسوود وەرگرتن ماونەتەوە.

سەرباری ئەوە بۆ خۆ وەدوورگرتن لە کۆسپی یاسایی و پشێویی سیاسـی و لەبـەر کولکەمـەرگیی جووتیـارانی کـورد، ئێمـە بـە هـیچ شـێوەیەك سـەروەت و سـامانەکانی جـۆردا یەکـەم داوا ناکـەین و ئێـستە بـەخێرایی باسـێکی دوو جۆرەکەی دیکە دەخەینە بەردەستی جەنابتان.

ئـەو سـەروەت و سـامانانەی کـە هـی خوالێخـشبوو بـەدرخان پاشـا- ن و کەوتوونەتـە کایـەی جزیـرە و ژمارەیـان ٢٠ ئـاوایی، ١٦ کێڵگـە، ٥ لەوەڕگەیـە کـە هەریەکەیان ڕووبەرەکەی چەندین هەزار هێکتارە. ئەو سەروەت و سامانانەی کـە کەوتوونەتـە کایـای (.....)* ژمارەیـان ١٦ ئـاوایی، ١ لـەوەڕگایـە کـە ڕووبەڕەکـەی ٢٥٠٠٠٠ هێکتارە و کۆشکێکی گەورە و گران لەگەڵ دەوربەرەکەیدا. ئەوانەی کە کەوتوونەتــە ســنجاقی ســعرد Seard ژمارەیــان ٧٨ ئــاوایی، ١٤٥ کێڵگــە، ٣ دارسـتانی گـەورە و دەوڵەمەنـدە، ١٢ کـانی خوێیـە، کـە تـەنها سـێیان لـە لایـەن حکوومەتی تورکیاوە وەبەرهێنراون.

---

* بەداخەوە هەم لەو نامەیەی کە لە ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فەرانسا و هەم لەو نامەیەی کە لە ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا پارێزراوە، ئەم شوێنە سپییە و هیچی لەسەر نەنووسراوە، بەڵام بەگوێرەی ئەوەی باسی کۆشکێکی گەورە و گران دەکات، هەر دەبێ مەبەست لەوە (جزیرە) ی پایتەختی بەدرخان بوو بێ، وەرگێر.

ئێمە لەو بیر و باوەڕەوە ئیلهام وەردەگرین کە هەمیشە باڵادەست بووە و هەمیشەش یەکبینە باڵادەست دەبێ لە کۆنفرەنسی ئاشتیدا و لە ڕۆحی دادپەروەری و عەدالەتی هێزە هاوپەیمانەکان و هاریکارەکانیەوە هەڵقوڵاوە. ئێمە شێلگیرانە باوەڕمان بە وەگێرخستنەوەی زەوی‌وزارەکانمان هەیە کە هێندە نادادپەروەرانە لە لایەن حکوومەتی تورکیاوە دەستیان بەسەرداگیرا.

بەڕێز سەرۆکی کۆنفرەنسی ئاشتی لە گوتاری نێردراوی خۆیدا لە وەڵامێکی پێوەندیدار لەگەڵ دژە-پێشنیاری هەنگاریا بە ناوی هاوپەیمانەکانەوە بە وردی گوتوویە: ڕەوشێك ئەگەر هەزار ساڵەش دامەزراو بێ ناکرێ وەختێك وەك دژە دادپەروەری بناسرێ، بەردەوام بێ

بشێ بتوانین بە هەر شێوەیەك بێ بەلای ئەوەدا بشکێینەوە گومان لەوە بکەین کە دابەزینی بنەماڵەیەکی پادشایی لە ماڵێکی ۱۳۰۰ ساڵەوە، بۆ هەژارییێکی تەواو- بەرامبەر بەو پایەمەی وا هەیەتی-بەوەی ئەو هەموو سەروەت و سامانەی ئەو خێزانە کە لە باو و باپیرانەوە بۆیان ماوەتەوە، دەستی بەسەردا بگیرێ، تۆ بڵێی ئەوە خاڵێکی هەرە پێچەوانەی دادپەروەری سەرەکیی نەبێ.

ئەوە بێهوودەیە کە ئێمە هەقی خاوەندارێتی دەورووژێنین، بەو پێیەی کە کوڕەکانی بەدرخان پاشا لەوەتای ١٨٦٣-ەوە هەرگیز لە داواکردنەوەی سەروەت و سامانەکانیان نەکەوتوون و پێنج لە وەچەکانی بە غەدر لە لایەن حکوومەتی تورکەوە کوژراون بۆ ئەوەی ئەوانی دیکە بێدەنگ بکەن، ئەوەی کە هەرگیز لەوەدا سەرکەوتوو نەبوە.

ئەرشیڤی کۆشك، وەزارەتی گەورە، ئەنجومەنی دەوڵەت، دادگەی تەمیز، دادگەی تاوانکاریی ئیمپراتۆریای تورك هەمیشە بەڵگەی بێوچانیی وەچەکانی پاشا-یان لایە کە داوای زەوی‌وزارەکانی خۆیان دەکەن و گەواهی تاوانی شەرمهێنی سوڵتانەکانی تورك و حکوومەتی تورك دەدەن بەوەی وا ویستوویانە بە ئاگر و ئاسن ئەو دەنگانە بخنکێنن کە داوای دادوەری دەکەن.

پشت ئەستوور بە هەقی خۆمان و دادپەروەری حکوومەتی جەنابتان، دەتوانین جورئەتی ئەوە بکەین هیوا بخوازین یەکێك لە بەندەکانی بەشی گێڕانەوە و

قەرەبووکردنەوەی پەیماننامەی ئاشتیی تورک بۆ ئەوانەی دوایی سەروەت و سامانە دەست بەسەرداگیراوەکانی خوالێخۆشبوو بەدرخان پاشا بۆ کورەکان و وەچەکانی دەستەبەر بکات.

ئێمە لە خزمەتی جەنابتاندایں، لەگەڵ ڕێزگرتنی قووڵ، کڕنووشبەری زۆر بچووک و خزمەتگوزاری دڵسۆزتان.



دکتۆر خالید بەدرخان

دوکتۆری پزیشکی



خەلیل بەدرخان

ئەندازیاری کشتوکاڵی



سورەیا بەدرخان

بەڕێوەبەری موڵکداریتی

بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٦

قاهیرە، ٢٣ ی ئایاری ١٩٢٠

بۆ زۆر بەڕێز جەنابی لیود جۆرج،

سەرۆك وەزیرانی حکوومەتی خاوەند شکۆی بریتانی —

لەندەن

بەڕێز،

وەك درێــژەی ئــەو نامــە دەورییــەی کــە لــە مــانگی ئــازاری ١٩١٩دا ئاڕاســتەی جــەنابتان کرابــوو، ئێمــە ئیمزاکارانی ئــەم نامەیــە، وەچــەی خوالێخۆشــبوو بــەدرخان پاشا–ین، هاتووین کێشەیێکی خێزانیمان وەبیر دیدەی بەرزی جەنابتان بهێنینەوە.

ئێمــە لــە نامــەی پێشووماندا وتمــان باپیرە گــەورەمان، بــەدرخان پاشا ساڵی ١٨٤٧ لە لایەن تورکەکانەوە زیندانی کرا و لــە دیمەشق لــە دیلیدا کۆچی دوایی کرد و هەموو سەروەت و سامانەکەی کە کەوتبووە نێوان دیاربەکر، وان، بتلیس، ئورفە و مووسڵ لە لایەن حکوومەتی تورکەوە دەستی بەسەردا گیرا و حکوومەت بژێویەکی کەمی ٤٠٠٠ فرەنکی بەناوی قەرەبووکردنەوەی سەروەت و سامانە دەستبەسەرداگیراوەکانەوەی پێدەداین.

لەبەر نزیکبوونەوەی یەکلاییکردنەوەی پرسی تورك و واتە یەکلاییکردنەوەی پرسی کورد، ئێمە دەمانەوێ ئێستە چەند زانیارییەکی زۆر ورد لەبارەی سەروەت و سامانەکانی "بەدرخان پاشا"وە کە ئێمە داوای دەکەین، بدەینە جەنابتان.

سەروەت و سامانە دەست بەسەرداگیراوەکانی بەدرخان پاشا ئەمڕۆ بەسەر سێ جۆردا دابەش دەکرێن: یەکەمیان ئەوانەی فرۆشراونەتە کەسەکان لە لایەن حکوومەتی تورکەوە بەدیلگرتنی پاشاوە، دووەمیان ئەوانەی خراونەتە سەر موڵکەکانی دەوڵەت و دەربار، سێیەمیشیان ئەوانەی بە بێسوود وەرگرتن ماونەتەوە.

سەرباری ئەوە بۆ خۆ وەدوورگرتن لە کۆسپی یاسایی و پشێویی سیاسی و لەبــەر کولەمــەرگیی جوتیــارانی کــورد، ئێمــە بــە هــیچ شــێوەیەك ســەروەت و ســامانەکانی جــۆری یەکــەم داوا ناکــەین و ئێــستە بــەخێرایی باســێکی دوو جۆرەکەی دیکە دەخەینە بەردەستی جەنابتان.

ئـەو سـەروەت و سـامانانەی کـە هـی خوالێخـشبوو بـەدرخان پاشـا- ن و کەوتوونەتـە کایـای جزیـرە و ژمارەیـان ٢٠ ئـاوایی، ١٦ کێڵگـە، ٥ لەوەڕگەیـە کـە هەریەکەیان ڕووبەرەکەی چەندین هەزار هێکتارە. ئەو سـەروەت و سـامانانەی کـە کەوتوونەتـە کایـای (...... ) ژمارەیـان ١٦ ئـاوایی، ١ لەوەڕگایـە کـە ڕووبەرەکـەی ٢٥٠٠٠٠ هێکتارە و کۆشکێکی گەورە و گران لەگەڵ دەوربەرەکەیدا. ئەوانەی کە کەوتوونەتــە ســنجاقی ســعرد Seard ژمارەیــان ٧٨ ئــاوایی، ١٤٥ کێڵگــە، ٣ دارسـتانی گـەورە و دەوڵەمەنـد، ١٢ کـانی خوێیـە کـە تـەنها سـێیان لـە لایـەن حکوومەتی تورکیاوە وەبەرهێنراون.

ئێمـە لـەو بیر و باوەڕەوە ئیلهام وەردەگرین کـە هەمیشە باڵادەسـت بـووە و هەمیـشەش یەکبینـە باڵادەسـت دەبـێ لـە کۆنفرەنـسی ئاشـتیدا و لـە ڕۆحـی دادپـەروەری و عەدالـەتی هێـزە هاوپەیمانـەکان و هاریکارەکانیـەوە هـەڵقوڵاوە. ئێمـە شێلگیرانە باوەڕمان بە وەگێرخستنەوەی زەویوزارەکانمان هەیە کە ئەو هێندە نادادپەروەرانە لە لایەن حکوومەتی تورکیاوە دەستیان بەسەردا گیرا.

بەڕێز سەرۆکی کۆنفرەنسی ئاشتی لە گوتاری نێردراوی خۆیدا لـە وەڵامێکی بـە پێوەندیـداردا لەگـەڵ دژە-پێـشنیاری هـەنگاریادا بـە نـاوی هاوپەیمانەکانـەوە بەوردی: ڕەوشێك ئەگەر هەزار ساڵەش دامەزراو بێ ناکرێ لـەوەی بـەردەوام بـێ وەختێك وەك دژە دادپەروەری بناسرێ.

بشێ بتوانین بە هەر شێوەیەك بێ بەلای ئەوەدا بشکێینەوە گومان لەوە بکەین کـە دابـەزینی بنەماڵەیـەکی پادشـایی لـە ماڵێکی ١٣٠٠ سـاڵەوە، بـۆ هـەژارییێکی تـەواو- بەرامبـەر بـەو پایەیـەی کـە هەیـەتی-بـەوەی ئـەو هـەموو سـەروەت و سامانەی ئەو خێزانە کە لـە باو و باپیرانەوە بۆیان ماوەتەوە دەستی بەسـەردا بگیرێ، تۆ بڵێی ئەوە خاڵێکی هەرە سەرەکیی پێچەوانەی دادپەرەوەری نەبێ.

ئـەوە بێهوودەیـە کـە ئێمـە هـەقی خاوەنـدارێتی دەوروژێـنین، بەوپێیـەی کـە کوڕەکـانی بـەدرخان پاشـا لـە ١٨٦٣-ەوە هـەرگیز لـە داواکردنـەوەی سـەروەت و سامانەکانیان و پێنج لە وەچەکانی بە غەدر لە لایەن حکوومەتی تورك کوژراون بۆ ئەوەی ئەوانی دیکە بێدەنگ بکەن، ئەوەی کە هەرگیز لەوەدا سەرکەوتوو نەبوە.

ئەرشیڤی كۆشك، وەزارەتی گەورە، ئەنجومەنی دەوڵەت، دادگەی تەمیز، دادگەی تاوانكاریی ئیمپراتۆریای تورك هەمیشە بەڵگەی بێوچانیی وەچەكانی پاشا-یان لایە كە داوای زەویوزارەكانی خۆیان دەكەن و گەواهی تاوانی شەرمهێنی سوڵتانەكانی تورك و حكوومەتی تورك دەدەن، بەوەی وا ویستوویانە بە ئاگر و ئاسن ئەو دەنگانە بخنكێنن كە داوای دادوەری دەكەن.

پشت ئەستوور بە هەقی خۆمان و ئەو وەڵامەی جەنابتان كە ئەوپەڕی بەخشندەییتان هەبوو لەڕێگەی زۆر بەڕێز جەنابی ماریشاڵ ڤیكۆمت ئەللێنبی*یە، بە مێژووی ٢٨ ی نیسانی ١٩١٩، ژمارە ٨١٦٦ وەڵامت دابووینەوە، ئێمە هیوا دەخوازین یەكێك لە بەندەكانی بەشی گێڕانەوە و قەرەبووكردنەوەی پەیماننامەی ئاشتی تورك بۆ ئەوانەی دوایی، سەروەت و سامانە دەستبەسەرداگیراوەكانی خوالێخۆشبوو بەدرخان پاشا بۆ كوڕەكان و وەچەكانی دەستەبەر بكات.

ئێمە لە خزمەت جەنابتانداین، لەگەڵ ڕێزگرتنی قووڵ، كڕنوشبەری زۆر بچووك و خزمەتگوزاری دڵسۆزتان.



دكتۆر خالید بەدرخان

دوكتۆری پزیشكی



خەلیل بەدرخان

ئەندازیاری كشتوكاڵی



سورەیا بەدرخان

بەڕێوەبەری موڵكدارێتی

---

Maréchal Vicomte Allenby *

بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٧
سێرڤیسی زانیاریی زەریاوانیی
تورکیا

(هەڵبژاردەی چاپەمەنیی ژمارە ٣٤٥ی ١٣ی ئایاری ١٩٢٠)

## کۆمەڵەیەکی نوێی کوردی

## جەمعییەتی ئیجتیماعیی کورد*

١٣ی ئایاری ١٩٢٠

ئەمین عالی، دکتۆر شوکری محەمەد، بابان زادە حوسێن شوکری و مەمدووح سەلیم بەگ هەر ئێستە ڕێکخراوێکی کوردییان بە ناوی جەمعییەتی ئیجتیماعییەی کوردەوە دامەزراندووە. ستاتووی ئەم ئەم ڕێکخراوە نوێیە دراوە بە وەزارەتی ناوەخۆ.

ڕۆژنامەی
Le Moniteur oriental

* La ligue sociale Kurde

بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٨

(کۆپی)

کۆنستانتینۆپل، ١٧ی حوزەیرانی ١٩٢٠

بۆ بەڕێز جەنابی

کۆمیسێریای باڵای بریتانیای فەخیمە لە ناو شار

جەنابی بەڕێز،

شەرەفی ئەوەم هەیە کۆپیی تێلێگرامێکی جەمعییەتی ئیجتیماعیی کورد تان بخەمە بەردەست کە بۆ بەڕێز ویلسن، سەرۆك کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نووسراوە.

بەڕێز لەگەڵ ڕێزلێنانی زۆرمدا ڕێزی زۆر شایانم قەبووڵ بفەرموون.

سکرتێری گشتیی

جەمعییەتی ئیجتیماعیی کورد

مەمدووح سەلیم

(ئیمزا) مەمدووح سەلیم

***

بەڕێز ویلسن،
سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا
کۆشکی سپی، واشنگتۆن،

جەنابی بەڕێز،

گەلی کورد بەخۆشییەوە هەواڵی ئەوەی بیست کە بەڕێزتان بەگوێرەی چواردە خاڵەکەی ماڤ نەتەوەکان کە چارەنووسی نەتەوەکانی ئایندە دیاری دەکات، ئەرکی دیاریکردنی سنووری نێوان کورد و ئەرمەنیتان خستۆتە ئەستۆی خۆتان.

نەتەوەی کورد ئەوە لە بەڕێزتان چاوەڕوان دەکات کە بڕیاری دروستی ئێوە ئەم نەتەوەیە لە تەوقی هەموو لایەنەکان ڕزگار بکات. دواڕۆژی تەواوی ئەم نەتەوەیە لەبەردەستی ئێوەیە و ئێمە هیوا دەخوازین کە ویژدانتان ڕێبەری کارتان بێ لەو کارە ناسکەدا کە مێژوو خستوویەتیە سەر شانی ئێوە.

( ئیمزا)

سەرۆکی
جەمعییەتی ئیجتیماعیی کورد
ئەمین عالی بەدرخان

سکرتێری گشتی
مەمدووح سەلیم

بەڵگە نامەی ژمارە:٣٩

(کۆپی)

کۆنستانتینۆپل، ١٧ی حوزەیرانی ١٩٢٠

جەنابی بەڕێز،

ئێمە بە پەلەین لەوەی وا هەستی پێزانینی خۆمان بەرانبەر بە بڕگەکانی پەیماننامەی ئاشتیی تورك لە بارەی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆوە لە داهاتوویەییەکی نزیکدا و هەم بەگشتی سەبارەت بە ڕەسمی ناسینی مافی بوونی کوردەکان، دەربڕین. ڕێگە بە خۆمان دەدەین لەم دەرفەتەدا تکا لە بەڕێزتان بکەین ئەم سووکە تێبینیانەی ئێمە کە لە دیدی گەلی کوردەوە زۆر گرینگن، بگەیننە حکوومەتان تا لە کۆبوونەوەی باڵای کۆنفرەنسی ئاشتی لە پاریس تاووتوێ بکرێن.

١- وێڕای ئەوەی کە بڕگەی ٦٢ی پەیماننامەی تورك سنووری ڕۆژئاوای کوردستان لە لای کەناری ڕۆژهەڵاتی فوراتەوە دەستنیشان دەکات، بەڵام هەموو ئەو دەر و ناوچانەی کە لە ڕۆژئاوای ڕووباری فوراتەوە ماونەتەوە وەك سنجاقی مەلاتیە، هەموو هەرێمەکانی قۆچگیری* و دەوروبەری تا ڕوفاعییە، کەموزۆر هەموو دانیشتوانەکانی کوردن و چەند بەشێکی جیانەکراوەن لە نیشتمانی کورد.

٢- ناوچەکانی جزیرەی ئیبن عومەر، ماردین، ئورفە و صەلاحییە بە گوێرەی بڕگەی ٢٧ی پەیمننامەکە بۆ سووریا جێهێڵدراون. جا بەو پێیەی کە ئەم ناوچانە بەشێکی زۆری کوردی تێدا دەژین، لە ڕووی ئیتنیکی، جوگرافی و ئابوورییەوە زەویوزاری جیانەکراوەن لە کوردستان.

ئێمە لە سۆنگەی هەستی بەگزادانە و دادپەروەری و ئینسافی زلهێزە هاوپەیمانە سەرەکییەکانەوە بەخۆدا ڕاپەرمووین و حەز دەکەین باوەڕ بەوە بکەین کە کۆمیسۆنی باڵا نایەوێ ئەم هەموو پشتوێنە* لەم خاکە یەکجار زۆر

---

* Kodjkiri
* Bandellete

کەنارایەی کوردستان دابڕێ و ئەمەش لە بەر هۆیەکی زۆر سەرەکی، چونکە دەیەوێ کوردستانێکی سەربەخۆ دروست بکات کە بە ناچاری پێویستی بە دەروویەك دەبێ بۆ سەر زەریا، بێگومان ئەم دەرووە لە زەریای سپیی ناوەڕاستدا دەبێ ( لەسەر دەرووی ئایاس Ayas)**.

٣- ئێمە باوەڕمان وایە کۆمسیۆنی بالا بە دادوەریی بەڕێز ویلسن، چاوەدێری دەستنیشانکردنی سنوورەکانی ئەرمەنستان دەکات لە ناوچە ویلایەتەکانی، وان، بتلیس، ئەرزەڕۆم و بە شێوەیەکی ئاسایی هەقی ئێمە بەسەر ئەم زەوی و زارە تەواو کوردیانە لە بەرچاو دەگیرێ. بەم پێیە ئێمە هیواداریـن کەوا شێوەی بنچینەیی ولاتنامەییەکان، بە هەمان شێوە لێرەشدا بیانووییێك بۆ بوون بدۆزێتەوە.

٤- ئەحکامەکانی برگەی ٦٤ لەم تێرمە کورتکراوانەدا داڕێژراون: ((ئەگەر لە ماوەی یەك ساڵدا، گەلی کورد داوای لە کۆمسیۆنی کۆمەڵەی گەلان کرد کە زۆرینەی خەڵکەکە دەخوازن لە تورکیا جیاببنەوە، ئەوا ئەمیان [واتە تورکیا، وەرگێڕ] پەیمان دەدات دەستبەرداری هەموو ماف و هەقێکی خۆی ببێ لەو دەرو و ناوچانەدا. ئەگەر ئەم تەنازولە کرا، ئەوا هیچ ناڕەزاییەك لە لایەن زلهێزە هاوپەیمانەکانەوە نابێت لە بەرامبەر بە پەیوەستبوونی کوردەکانی دانیشتوانی ئەم بەشەی کوردستان کە تا ویلایەتی مووسڵ دەگرێتەوە بە چوونە ناو ئەم دەوڵەتە سەربەخۆیەی کوردەوە.))[17]

گەلی کورد بەوپەڕی دڵخۆشی و کامەرانییەوە ڕایدەگەیەنێ کە بە ئاسانی دەستبەرداری ئەوە نابێ چارەنووسی خۆی لە چارەنووسی زلهێزە

---

** ئایاس Ayas کەوتۆتە سەر کەناری ڕۆژئاوای کەنداوی ئەسکەندەروونە. لە دەستپێکی شەڕی خاچ پەرستەکاندا دوای تارس یا سانت سیمۆن، دەرگەیەکی زەریایی گرینگ بووە. ئایاس ساڵی ١٢٥٠ نوختەی سەرەکیی پێکەوەبەستنی نێوان ڕۆژهەلاتی زەریای ناوەڕاست و هەرێمەکانی ئاسیای ناوەڕاست بووە، وەرگێڕ.

[17] بێگومان ئەم پەرەگرافە وەرگیراوە بە بەراورد لەگەڵ تێکستە بنەرەتییەکانی پەیماننامەی سیڤەردا جیاوازیی لەگەڵ تێکستە بنەڕەتییەکەدا هەیە، بەلام ئێمە زیاتر مەبەستمان پاراستنی نامە مێژووییەکانە وەکوو خۆی، بۆیە هیچ دەستکارییەکمان نەکردووە، وەرگێڕ.

هاوپەیمانەکان و هاوکارەکانی بکاتەوە. کەوایە ئێمە قەناعەتمان وایە کە ئەم پرسە بە گوێرەی ڕۆحیەتی دادپەروەرانەی خۆی چارەسەر دەکرێ.

لێرەدا بە سەرنج ڕاکێشانی پایەبەرزتان بۆ کۆمسیۆنی بالا لە بارەی ئەگەری دامەزراندنی کوردستانێکەوە، سەربەخۆ، یەکگرتوو، ژیاو و بەدەر لە هەموو چەشنە دژواری و ئاژاوەگێریەك، لێرەوەیە ئێمە بانگەواز بۆ هەستی دادپەروەرانەی گەورە زلهێزەکانی هاوپەیمانەکان و هاوکارەکانیان دەکەین کە قوربانییەکی بێشوماریان داوە بۆ زامنکردنی ئاشتییەکی درێژخایەن، بە ڕزگارکردنی نەتەوە چکۆلەکانیشەوە.

ئێمە شەرەفی ئەوەمان هەیە داوا لە بەرێزتان بکەین لای کومسیۆنی بالا دەخالەت بکەن و چێترین هەستی پێزانین بۆ ئەو هاوسۆزییەی وا بەرامبەر بە گەلی کورددا هەیەتی و حکوومەتی خۆی دڵنیا بکاتەوە کە ئێمە دڵسۆز دەبین بە ترادسیۆنی خۆمان بە ئاراستەی مەزنترین ئارمانجە مرۆڤایەتییەکانی زلهێزەکان.
جەنابی بەڕێز، ئەوپەری ڕێزلێنانمان قەبووڵ بفەرموون.

سکرتێری گشتی
مەمدووح سەلیم
(ئیمزا)
سەرۆکی کۆمەڵەی ئیجتیماعیی کورد
ئەمین عالی بەدرخان

بەڵگەنامەی ژمارە:٤٠
کۆنستانتینۆپل، ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٢٠
سێرڤیسی زانیاریی زەریاوانیی
تورکیا
ژمارە: ٢٢٠٥ ف-٤




## پرسی کورد
## و
## پەیماننامەی ئاشتیی تورك




سەرۆکی " جەمعییەتی ئیجتیماعیی کورد"ی کۆنستانتینۆپل، نەجمەددین حوسێن بەگ*، بەم شێوەیەی خوارەوە بیروڕای خۆی دەربارەی ئەنجومەنی باڵای تایبەت بە ئاشتیی تورك دەربڕی:

---

* لە هەموو بەڵگەنامەکانی پێشوو و دواین بەڵگەنامەی ناو ئەم کتێبەشدا کە لە ١٧ی حوزەیران نووسراوە، مەمدووح سەلیم وەك سکرتێری گشتیی "جەمعییەتی ئیجتیماعییەی کورد" ناوی هاتووە کەچی لەم بەڵگەنامەیەدا کە هەمووی هەشت ڕۆژ دواتر نووسراوە، دەبینین نەجمەددین حوسێن بەگ، وەك سکرتێری جەمعییەتی ئیجتیماعیی کورد ناوی هاتووە، وەرگێڕ.

((کوردەکـان لـە ڕووی پرنـسیپەوە زۆر ڕازیـن بـەوەی بەشـێکی مافـەکانیان لـە پەیماننامەکەدا لەبەر چاو گیراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر دڵگران بوون بەوەی کـەوا یەکیـەتیی نەتەوایـەتی و سـنووری سروشـتیی وڵاتەکـەیان وەك ئـەوەی خۆیان ئارەزووی بۆ دەکەن، ڕێزی لێنەگیراوە.

((ئورفە و ماردین کە خراونەتە ناو کەوشەنی سووریا و ئەو ناوچانەش کە کێشەیان لەسـەرە خراونەتـە بـەردەم دادوەری بـەڕێز ویلسن، دەکەونـە نـاو سنوورەکانی ئێمەوە. _ڕاستیەکەی کۆنفرەنسی ئاشتی کە هیچ بڕیارێکی بۆ ناوچـەکانی وان و بتلـیس نـەداوە، بەڵگـەی ئەوەیـە کـە دان بـە مافـەکانی کورددا دەنێ.

((ئـەوەی تایبەتـە بـە کوردەکـانی میزۆپۆتامیـا، تـەنها دەتـوانین بـە برگـەی پەیماننامەکـە دڵخـۆش بـین کـە مـافی ئـەوەیان پـێدەدا لـە کۆتـایی یـەك سـاڵدا بگەڕێنەوە سەر ناوچەکانی نیشتمانی دایك.

((ئەگـەر زلهێزەکـان لایـان وایـە ئێمـە دەستەپاچـەین لـەوەی حکوومـەتێك بـە سیـستمێکی مـۆدێرن و شارسـتانی پێکـەوە بنـێین، ئێمـە تـەواو ئامـادەین کـۆنترۆڵی ئینگلیـز قـەبووڵ بکـەین. پـێم وایـە ئـەم کردەیـە بەسـە بـۆ وەلانـانی هـەموو گومانێـك لـەوەی وا بیـەوێ سـەبارەت بـە نیازپـاکی و سەرڕاسـتیی نیازەکانی ئێمە بێتە پێشەوە.

((ئەگـەر ئەرمەنـەکان دەوڵـەتی خۆیـان لـەناو سنووری تـەواو نەتـەوەیی خۆیاندا دروست بکەن، ئەوا ئێمە دەتوانین زۆر بە ئاسانی لەگەڵیاندا ڕێك بکەوین، بەڵام ئەگەر بانگەشە بۆ داواکردنی ئەو دەر و ناوچانە بکەن کەوا نەتـەوەی کوردیان تێـــدا زۆرینـــەن، ئـــەوا ئێمـــە وەك هـــەموو نەتەوەیـــەکی شارســـتانیخواز و نیشتمانپەروەر ڕەفتار دەکەین.

((دەڵـێن ئەرمەنییـەکان لـە کـاروانی شارسـتانی و پێـشکەوتندا لـە ئێمـە پێشکەوتووترن و دەتوانن دەرفەت وەربگـرن بـۆ ئـەوەی هەوڵبـدەن ئێمـە بـەڕێوە ببـەن و بمانکـەن بـە شارستانی. ڕاستیەکەی لـە هەنـدەران ژمارەیـەك ڕووناکبیری

کورد و ئەرمەنی هەن. بەڵام ئەرمەنیەکانی ناو وڵات لە کوردەکان شارستانیتر نین. بەگوێرەی هەڵکەوتی جوگرافی و لە سایەی هاوپشتیی هاوسێ چاکەکانی فارس و عەرەبەکانی میزۆپۆتامیادا، سەختە ئەرمەنیەکان بتوانن هیچ سەرکەوتنێك بەسەر ئێمەدا تۆمار بکەن، هەتا ئەگەر مۆراڵیش بێ. ئەرمەنەکان وەك ئەوروپاییەکان ڕێگەو ئامرازی شارستانییان نییە. ئەوان تەنها ڕێگەو ئامرازی دواکەوتووی گەلانی ڕۆژهەڵات یان هەیە.

((ئێمە، بۆ ئەو کەمینە نەتەوایەتیانەی ناو وڵاتەکەمان، هەمان مافی ئەساسی کە کوردەکان دەیانبێ، بەوانیش دەدەین. ئەرمینیا کە ژمارەیەك کوردی بە شێوەیەکی سروشتی لەناو چوارچێوەی سنوورەکانی خۆیدا لێیە، دەبێ بەشێوەیەکی سروشتی چاو لە نموونەی ئێمە بکات و مافی یەکسان بۆ برایانی هاورەگەز و هاوزمانمان کە دەکەونە ژێر حوکمڕانی ئەوان، دابین بکات.

: ئێمە دەتوانین هەتا لەکاتێکدا ئەوە سەرنەگرێ، – من پێم وایە باشترین چارەسەر و پڕ قازانجترین ئەوەیە دەبێ دەست بە کردەی گۆڕینەوەی دانیشتوان بکەین. من ئەم مەسەلەیەم بە دوورو درێژی بۆ بەڕێز کران،* کاتی هاتنی بۆ کۆنستانتینۆپل ڕوون کردەوە...))

ئەوە هەڵەیە کلووبی "کۆمەڵەی ئیجتیماعیی کورد" کە بەم زوانە دامانمەزراندووە، دابخرێ. جێگەی سەر سوڕمانە کە میللەتێك لە سایەی شارستانیەتدا، لە مافی پێکەوەنانی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان بێبەش بکرێ. ڕاوێژکاری یاسایی وەزارەتی ناوخۆ لەبەر ڕووناکیی یاسای پێکەوەنانی ڕێکخراوەکان بڕێك ڕەتکردنەوەی لەمبارەیەوە هەبوە. ئەگەرچی یاساش دژایەتی بکات، پێویستە بەڕێز ڕاوێژکاری یاسایی دەست لە کردارەکەی خۆی هەڵبگرێ، چونکە ئەو یاسایانەی کە بۆ پێداویستیی بەڕێوەبەرایەتی دەرکراون، دەبێ لەگەڵ هەل و مەرج و ڕەوشی تازەدا بگونجێن. حاکمە ڕۆمانەکان هەمیشە هەوڵی

---

Cran *

ئـەوەیان بـوو تـا یاسـا کۆمارییـەکان لەگـەڵ ڕۆحـی سـەردەمدا بگـونجێنن، ئـەو کەسـانەی کـە تێگەیـشتنی مـافی ئاوهـا بنـچینەیـیـیـان نییـە بـەبێ گومـان نـاتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن کە وڵات بە شێوەیەکی ڕەزامەندکارانە بەڕێوە ببەن.

**ڕۆلان، مولازیمی کەشتیەوانی**

**سەرۆکی سێرڤیسی زانیاریی زەریاوانی**

**ئیمزا**

بەڵگەنامەی ژمارە: ٤١
کۆنستانتینۆپل، ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٢٠

کۆمیسێریای بەرزی
کۆماری فڕانسا
لە ڕۆژهەڵات

بەشی کاروباری
سیاسی و بازرگانی
ئاسیا- ئۆقیانووس
ژمارە: ٣٢٢

لە بەڕێز دوفڕانس، کۆمیسێری بەرزی کۆماری فڕانسا لە ڕۆژهەڵات
بۆ بەڕێز جەنابی بەڕێز میللێراند، سەرۆکی ئەنجومەن.، وەزیری کاروباری هەندەران
لە پاریس

**لە بارەی میر ئەمین عالی بەدرخانەوە**

ئەمین عالی بەدرخان وەك بە خۆی دەڵێ ((دوایەمین میری دەوڵەتی جزیرە))، پێی ڕاگەیاندم، بەختیار دەبێ بالادەستی شەخسیی خۆی بخاتە خزمەت فڕانساوە لەو ناوچانەی کوردستاندا کە بەر ناوچەی کۆنترۆڵی ئێمە دەکەون.
شەرەفی ئەوەم هەیە لەگەڵ ئەم نامەیە، کۆپیی ئەو نامەیەتان بگەیەنمە دەست کە دەربارەی ئەم باسە ئاڕاستەی من کراوە.

ه. دوفڕانس

بەڵگەنامەی ژمارە:٤٢

(کۆپی)

کۆنستانتینۆپل، ١٦ی حوزەیرانی ١٩٢٠

بۆ جەنابی

بەڕێز کۆمیسێری بەرزی کۆماری فڕانسا لە

کۆنستانتینۆپل

جەناب،

بنەماڵەی بەدرخان بەم چەند دێڕە سوپاسی فڕانسا، یەکێك لەو هێزانەی کە کۆنفرەنسی ئاشتی پێك هێناوە، دەکەن، بەوەی ئاواتە نەتەوەییەکانی کوردەکانیان هێنایە دی لەبارەی دەسەڵاتی تایبەتیی خۆیان لە وڵاتەکەیاندا، کە سەربەخۆییێکی لۆکالی پێدەبەخشن و هاوپەیمانەکان دەیخەنە ژێر باڵی گشتیی خۆیان.

دەبێ بەشێکی باشووری کوردستان (دەوڵەتی جزیرەی ئیبن عومەر) بخرێتە بەر چاودێریی ئابووریی فڕانسا. بنەماڵەی بەدرخان کە باو و باپیرانی لە سەدەی حەوتەمەوە تا ساڵی ١٨٤٧ ئەم ناوچە تەواو کوردەوارییەیان بەڕێوە بردووە، ئەم خاڵانەی خوارەوە دەخەنە بەردەم ڕۆحی دادوەریی فڕانسا، بە تکا لەوەی لەبەر چاویان بگرێ.

لە نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمدا، ئەمیر سولێمان، کوڕی خالید کوڕی وەلید، کە بە زەبروەشێنی ناسراو بوو و یەکێك لە سەرکردە هەرە گەورەکانی محەمەد بوو، باشووری کوردستان داگیر دەکات. دوای مردنی سولێمان، کوڕەکەی عەبدولعەزیز شاری جزیرە دروست دەکات و دەیکاتە پایتەختی وڵاتەکەی، ناوی عەزیزان (کوڕانی عەزین) لەوەوە هاتووە و ئەم ناوە بەو میرنشینە بڕاوە کە ئەم وڵاتەی بەڕێوە بردووە، ئەو میرنشینەی کە دوا میری، بەدرخانی باوکی ئێمە بوو، کۆشکە بەهێزەکەی هێشتا لە جزیرە هەرماوە.

دوای چەند شەڕ لە دژی ئیمپراتۆریای عوسمانی، بەدرخان ساڵی ١٨٤٧ شکا و وەك دیلی جەنگ ڕەوانەی کۆنستانتینۆپل کرا. لەسەر داوای خۆی،

حکوومەتی عوسمانی ڕێگەی پێدەدا لە شام نیشتەجێ بێت و هەر لەوێش کۆچی دوایی کرد و ئەمڕۆ هێشتا گۆڕەکەی ماوە.

ئیمپراتۆریای عوسمانی دەستی بەسەر هەموو سەروەت و سامانەکانیدا گرت، وەك قەرەبوو بژێوییەکی پێدەداین کە نەدەگەیشتە یەك لە سەدی ئەوەی کە دەبوو بیداتەوە. بە هەمان شێوە، لە چەندین بۆنەدا، ئێمە ویستوومانە داوای سەروەت و سامانی سروشتی و هەقی مێژوویی خۆمان لە وڵاتی خۆماندا بکەینەوە.

ساڵی ١٨٧٧، دوو کەسی ئێمە، عوسمان پاشا و حوسێن پاشا، چوونەتەوە جزیرە و میرنشینەکەی ئێمەیان بوژاندۆتەوە. سوڵتان عەبدولحەمید یەکێك لە برایەکانی ئێمە، بەحری پاشای ناردووە تا وایان لێ بکات بگەڕێنەوە و گفتی ئەوەی پێداون بۆڕایی کردنی هەموو داوایەکانیان جێبەجێ بکات. بۆ ئەوەی ڕێگە لە خوێن ڕشتن بگرن، گەڕاونەتەوە و عەبدولحەمیدیش هیچ لە وادەکانی خۆی بەجێ نەگەیاند.

ساڵی ١٨٩٢ بۆ هەمان ئامانج، خەلیل بەگ و عەبدولڕەزاق بەگ، ساڵی ١٩١٠ بەدری پاشا و میدحەت بەگ، ساڵی ١٩١١ حەسەن بەگ، حوسێن پاشا و سولێمان پاشا، وێڕای ئەو قەدەغەکارییەی کە حکوومەتی تورك خستبوویە سەریان، کەچی چوونەتەوە بۆ کوردستان. دوو لەوانەی دوایی لە شەڕێکدا دژ بە هێزی تورکەکان کوژراون. ساڵی ١٩١٦، بۆ دووەم جار، عەبدولڕەزاق دێتەوە بۆ کوردستان و دەموودەست ژیانی خۆی بۆ وڵاتەکەی دەکاتە قوربانی[١٨]. دوای ئەوەی ئەو وردەکاریانەمان خستە بەردەم جەنابی بەڕێزتان، ئێمە دەمانەوێ پێی بڵێین بە هەموو بەرژەوەندییەکی تایبەت بە جیا، ئێمە نفووزێکی گەورەمان لەناو تەواوی کوردستاندا هەیە، بە تایبەت لەو بەشەدا کە کەوتۆتە بەر ماندانی

---

[18] لە زۆربەی سەرچاوەکاندا ساڵی بێسەروشوێنکردنی عەبدولڕەزاق بەدرخان بەزۆری ١٩١٨یەو کەمێکیشیان ساڵی ١٩١٧ بەدەستەوە دەدەن، ئەوە یەکەمجارە ساڵی ١٩١٦ بۆ بێسەروشوێنکردنی ئەم کەڵە پیاوە بنووسرێ، وەرگێڕ.

فڕانسی.، نفوزێك كە حكوومەتەكەی ئێوە دەتوانیٚ بەكاری بهێنیٚ بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆی كە تەنها بریتییە لە زامنكردنی ئاشتی و گەشەپێدان لەو وڵاتانەدا كە دەكەونە ژێر نفووزییەوە.

بەو هیوایەی كە جەنابی بەڕێزتان بیەویٚ خواستەكانی ئێمە بە حكوومەتەكەی ڕابگەیەنیٚ، ئێمە داوای لیٚدەكەین بە سوپاسگوزاری پێشدەستیانەمان، دەربڕینی زۆر بەرزی ڕێزلێنانمان قەبووڵ بفەرمویٚ.

لە لایەن بنەماڵەی بەدرخانەوە

ئیمزا: ئەمین عالی بەدرخان،

كوڕی گەورەی میر بەدرخان،

دوایەمین میری دەوڵەتی جزیرە.

تێبینی:

كورتەیەكی چەند زانیاری گەلێكی پێویست دەربارەی دەوڵەتی جزیرە بەگەڵ ئەم تێبینییە خراون*

بۆ جەنابی

بەڕێز كۆمیسێری بەرزی كۆماری فڕانسا لە

<u>كۆنستانتینۆپل</u>

* بە داخەوە ئێمە ئەم زانیارانەمان لە ناو فایلەكەدا نەدۆزییەوە، وەرگێڕ.

بەڵگەنامەی ژمارە: ٤٣

کۆنستانتینۆپل، ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٢٠
کۆمیسێریای بەرزی
کۆماری فڕانسا
لە ڕۆژهەڵات

بەشی کاروباری
سیاسی و بازرگانی
ئاسیا- ئۆقیانووس
ژمارە: ٣٢٣

لە بەڕێز دوفڕانس، کۆمیسێری بەرزی کۆماری فڕانساوە لە ڕۆژهەڵات
بۆ بەڕێز جەنابی میللێراند، سەرۆکی ئەنجوومەن، وەزیری کاروباری هەندەران
لە پاریس

**لەبارەی سەربەخۆیی کوردستانەوە**

سەرۆکی "کۆمەڵەی کورد" بە سوپاسکردنی هاوپەیمانەکان کە سەربەخۆیی کوردستان یان قەبووڵکردووە، تکای لێکردووم چەند خاڵێکی ڕەچاوکراو سەبارەت بە دیاریکردنی ئەم دەوڵەتە نوێیە بگەیەنمە کۆنفرەنسی ئاشتی.

شەرەف ئەوەم هەیە هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیەدا کۆپییێکی ئەم نامەیە کە لەمبارەیە ئاڕاستەی کردووم، بگەیەنمە دەست جەنابتان.

ه. دوفڕانس*

* H. Defrance

بەڵگەنامەی ژمارە: ٤٤

<u>کۆپی</u>

کۆنستانتینۆپل، ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٢٠

جەنابی کۆمیسێری بەرزی کۆماری فڕانسا

جەناب،

شەرەف ئەوەم هەیە سوپاسگوزاریی "کۆمەڵەی کورد و کوردستان" بە کۆنفڕانسی بەرزی ئاشتی ڕابگەیەنم کە سەربەخۆیی کوردستانی قەبووڵ کردووە و هەروەها بەشدار بووە لە دامەزراندنی یەکەمین بناغە نەتەوەییەکانی و پەرەئەستاندنی دواڕۆژی [ئەم وڵاتەی، وەرگێڕ] خستۆتە سەر شانی خۆی و ئەو گفتەی کە بە شێوەیەکی گشتی ئەو دەر و ناوچانەی کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن دەتوانن سوود لەو سەربەخۆییە باسکراوە وەربگرن. وەکی دیکە بۆ ئەوەی کوردەکان بکرێن بە توخمێکی شایان بە هاوپشتی وەك هاوپەیمانەکان بۆی بچن و بۆ ئەوەی ڕێگەش نەدرێ لەم دەرو ناوچانە ببنە مایەی هیچ سەرچاوەیەك کە بتوانێ لە دواڕۆژدا ببێتە هۆی ڕووداوگەلی کارەستبارە، من تکا لە (کۆنفڕانسی ئاشتی ) دەکەم هەموو ئەو ناوچانەی کە زۆرینەی ئەو خەڵکانەی وا تێیاندا نیشتەجێن، کوردن، وەك وڵاتی کورد بناسێنێ و لە هەمان کاتیشدا باڵادەستی و هەژموونی مێژوویی و ئیتنۆگرافیی بە تایبەتی لەم دەڤەرانەی خوارەوە بناسێنێ:

١- لەسەر سنووری باکووریی کوردستان: هەرێمەکانی ئەرزەڕۆم، بتلیس و وان کە زۆرینەی زۆری کوردن، بۆ ئەم وڵاتە بەجێبهێڵدرێ.

٢- لە ڕۆژئاوا: هەموو سنجاقەکانی مەلاتییە، وێڕای ئەوەی کە دەکەونە ڕۆژئاوای فوراتیشەوە، چونکە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە پاکیان کوردن و سەرباری ئەوەش لە ڕووی پێوەندییە ئابووری و ئیتنۆگرافیەکانیشەوە سەر بە کوردستانن.

٣- لە باشوور: هەموو ناوچە داکشاوەکانی جزیرە، میدیات، ئورفە، سوروچ، بیراچیك، ڕۆم-قەلا و چەند ناوچەیێکی دیکە لەوەتای ئیلەهی و حەسەن، کورد داغ وە تا کەنداوی ئەلکسەندەرییە بخرێنە ناو سەربەخۆیی کورد، چونکە هەموو ئەو ناوچانە ئەوانەی کە دانیشتوانەکەیان کەموزۆر سەرپاك کوردن، دەتوانن ببنە هۆیەکی هەمیشەیی کێشە و نەهامەتی، ئەگەر لە کوردستان دابماڵرێن و زیاد لەوەش ئەو ناوچانە دەروویێکی زەریایی لە ئایاس* بە کوردستان دەبەخشن.

٤- وەك چۆن قەناعەتم وایە دەتوانرێ تەنها لەم حاڵەتانەدا کە باسم کردن، کوردستانێك دروست بکرێ بتوانێ بژی و بۆ ئامانجی هاوپەیمانەکان کار بکات. بە پێچەوانەوە، واتە ئەگەر ئەم ناوچە زیندووە هەرە گرینگانە لە کوردستان دابماڵرێن تا بە وڵاتە هاوسێیەکانییەوە بلکێندرێن، ئەوا تەنها دەبێتە سەرچاوەیەکی هەمیشەیی جیاوازی و زیان پێگەیاندن، من تکا لە جەنابتان دەکەم ئەم نامەیە لە ڕسێگەی مشورخواردنی چاکی حکوومەتەکەتان بۆ " کۆنفرانسی ئاشتی" بگوازنەوە.

جەناب، قەدرزانینی زۆر بەرچاوم قەبووڵ بفەرموو.

سەرۆکی کۆمەڵەی کورد و

کوردستان

ئیمزا: عەبدولقادر

* لە نامەکە نووسراوەPyas، بەڵام ڕاستییەکەی ئایاس-ە Ayas و ئەمە هەڵەی تایپکردنە، وەرگێڕ.

بەڵگەنامەی ژمارە: ٤٥

**کرد استقلال قومیتەسی**

**کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد**

قاهیرە، ١٩٢١/١٢/٢٨




جەنابی بەڕێز لیود جۆرج،
سەرۆك وەزیرانی خاوەن شکۆی بریتانی
لەندەن.

جەنابی بەڕێز،

من، ئیمزاکاری ئەم نامەیە، میر ئەمین عالی بەدرخان، کوڕی خوالێخۆشبوو بەدرخان پاشا-م، شەرەفی ئەوەم هەیە ئەمەی خوارەوە بخەمە بەر دیدەی بەرزی پایەدار و سەرنجی جەنابتان:

کاتی گرێدانی ئاگربەس لە نێوان حکوومەتی تورك و حکوومەتەکانی هاوپەیمانەکاندا بە ئاشکرا و بە ڕەسمی جاڕ درا هاوپەیمانەکاندا هەرگیز ڕێگە نادەن تورکەکان کە لەسەر ئاستی جیهانی دەرکەتووە بێتوانا و کارگێڕی خراپن، لێرە بەدواوە ناتوانن حوکمڕانیی گەلانی غەیرە تورکی ناو کۆنە ئیمپراتۆریای عوسمانی بکەن و هەر گەلێکیش خۆی سەرداری چارەنووسی خۆی دەبێ. ئێمە وەك ئەوەی بە دووڕوویی و دەسخەرکاریی حکوومەتی تورك ڕاهاتووین، باوەڕێکی قایم و ئیمانێکی لەق نەبوومان بە نیازپاکی و وەفاداریی هاوپەیمانەکان و بەتایبەتیش ئینگلستان هەبوو. ئەوە هەر بە ڕێبەدیکردنی ئەو باوەڕە و ئەم ئیمانە بوو کە ئێمە کوردەکان پرنسیپەکانی هاوپەیمانەکانمان هەر لەیەکەم چرکەوە و بە بێ هیچ دوودڵییێك وەك پەیمانی ڕزگارکەری ئاسمانی قەبووڵ بوو. چ ڕێکخراوە سیاسییەکانی کۆنستانتینۆپل و چ ئەوەی قاهیرە و چ

هاوكارەكانی ناو ڕێكخراوەكانی كوردستان، بە یەكدەنگ داوای سەربەخۆیی خۆیان لەژێر مانداتی ئینگلستاندا كرد. بنەماڵەكەی ئێمە لە ڕێگەی ئەندامەكانیدا كە ئێستە لە قاهیرە دەژین، بە تایبەت داوا لە جەنابتان دەكەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەكانی خێزانەكەیان و وەرگرتنی بەڵێن لە ئێوە تا زۆر بە جددی ڕەچاوی داواكارییەكەی بكرێ.

پەیماننامەی سیڤەر ماڤ سەربەخۆیی كورد دەناسیٚ- ئەوە ڕاستە كە ئەم پەیماننامەیە بە شێوازێكی كەمێك نائاشكرایە- بەڵام بەشێكی چاكی وڵاتی كوردانی بۆ مانداتی كۆماری فڕانسا بەجێهێشتووە. بنەماڵەكەی ئێمە لەو بەشەیدا كە بەجێهێڵراوە بۆ مانداتی فڕانسا، دوو جۆرە داخوازینامەیان هەیە. چونكە لەو بەشەی كوردستاندا بوو كە باو و بیرانی من لە ساڵی ٦٨١ تا ساڵی ١٨٦١* كە، لەو ساڵە بەدواوە لە لایەن توركەكانەوە بەدیل گیراوە، حوكمڕانییان كردووە.

---

* نازانم چۆن ئەمین عالی بەدرخان ( ١٨٥١-١٩٢٦) كوڕە گەورەی میر بەدرخان پاشا ساڵی بەدیلگرتنی بەدرخان پاشای باوكی بە ساڵی ١٨٦١ دەستنیشان كردووە. ڕاستییەكەی بەدرخان لە ڕۆژی ١١ ی تەممووزی ١٨٤٧ (٩ شەعبانی ١٢٦٣)دا بە دەستی عوسمان پاشا بە دیل گیراوە و لەگەڵ تەواوی بنەماڵەكەی ڕەوانەی ئەستەمبووڵ كراوە. سیٚ هەفتە دواتر، لە ٩ی ذیلقەعدەی ١٢٦٣دا بۆ دوورگەی كرێت Crète دوور خراوەتەوە و ڕۆژی ٢١ ی هەمان مانگ گەیشتۆتە دوورگەكە. دوای دە ساڵ ئاوارەیی لەسەر بانگهێشتی بابیعالی دەگەڕێتەوە ئەستەمووڵ. حكوومەتی عوسمانی ئامادە بوو پۆستێكی لە یەكێك لە هەرێمە ئەوروپییەكانی عوسمانیدا حكوومی پێببەخشیٚ. بە یاسایەكی ئیمپراتۆریانە لە ١٧ی موحەڕەمی ١٢٧٤ (١٨٥٨)دا ناوی دەخرێتە پاڵ پاشایەكان و لەقەبی "میری میران" یان پێبەخشی. لەسەر داوای خۆی دەگەڕێتەوە دوورگەی كرێت. ساڵی ١٨٦٧ لەسەر داوای خۆی ڕێگەی دەدەن بچیٚ لە دیمەشق دابنیشیٚ و تا دواجار ساڵی ١٨٧٠ كۆچی دوایی دەكات و لە دوای خۆیەوە ٤ ژن، ٦ كەنیزەك، ٤٢ منداڵ و ١٠ كوڕە زا بەجیٚ دەهێڵیٚ، واتە خێزانێكی ٦٣ كەسی. دوای مردنی مووچە ١٩٠٠٠ پیاستەرەكەی لەسەر داوای میراتگرەوەكانی لە نێوان خۆیاندا بەش دەكەن بڕوانە:

Hasan Gökçe, "Portrait d'un Emir Kurde beder Khan bey", In *Société et Cultures Musulmanes d'hier et d'aujourd'hui*, n° 10, février, Paris, 1996, pp. 76-81

بۆ پاراستنی ئەم مافانە و بە ڕەزامەندیی باڵوێزخانەی کۆنستانتینۆپلی حکوومەتی ئێوە لەگەڵ فڕانسادا کەوتینە پێوەندی، بەڵێنیان بە ئێمە دا ماف خێزانی و نەتەوەییمان بپارێزن.

من لێرە ناچمە ناو گفتوگۆی ئەو هۆکار و بەرژەوەندیانەی کە پاڵیان بە فڕانساوە نا تا قوربانی بە ژیان، سەروەت و سامانی، ماف پیرۆزی ژیانی نەتەوەیی سەربەستیی هەزاران خەڵك بدات و ڕێگە بە تورکیا بدات لە نوێوە بیانچەوسێننەوە. ئەوە زۆر لەوە زیاترە تێبینی ئەوە بکرێ کە کارەکە بە دڕەندەیی تەواو بوو: فڕانسا خیانەتی لەگەڵ ترادسیۆنەکانی خۆییدا کرد و ئێمەی بۆ چەتەگەری و چەوساندنەوەی دەورانی ڕابوردوو هێشتەوە.

لەوکاتەدا کە زلهێزەکانی هەردوو جیهان شەڕ لەگەڵ مەحاڵدا دەکەن بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی گشتی، ئەم ڕەفتارەی فڕانسا جارێکی تریش، بەشێکی نیشتمانە سیاچارەکەم پەلکێشی ناو گێژاوی جەنگە ناوخۆییەکان دەکات، چونکە نابێ هیچ گومان لەوە بکرێ کە نەتەوەی کورد – کە لە ئەوروپا بێهیوا بوو– دیسان پەنا دەباتەوە بەر چەك و خوێنی بێگوناهانی ئەم نیشتمانپەروەرانە دەڕژێ.

ناتوانم بڵێم بەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆ، چونکە ئێمە هەتا بۆ دەربڕینی ئەم وشەیە زۆر بێهێزین، بەڵام بەرپرسیارێتی ئەخلاقیی هەموو ئەم کوشت و بڕ و تاوانکارییە، کە فڕانسا سەپاندوویەتی، لە ئەستۆی ئەودایە.

ئایا ئینگلستان–یش واز لە کوردەکان دەهێنێ کە هەموویان داوای ماندانی ئینگلستان–یان کرد، بەجۆرێك کە بەشێکی [کوردستان، وەرگێڕ] سوود لە بەخششی ماندانی ئینگلیز دەبینێ؟ ئێمە بە هیچ شێوەیەك ناگەینە ئەوەی باوەڕ بەوە بکەین و هیوا دەخوازین ئینگلستان زۆر وەفادارتر بێت لە فڕانسا بۆ ترادسیۆن، ڕابوردوو و ئەو بەڵێنانەی کە داونی.

لەسەرێکی دیکەوە، دیاربەکر، ماردین، جزیرەی ئیبن عومەر، ئامێدی، هتد هاوسنووری ویلایەتی مووسڵ–ن کە پێشتر لەژێر ماندانی ئێوەدایە. ئەوە کردەییەکی هاوجووتە لەگەڵ مرۆڤایەتیدا، لەگەڵ ئەو گفتانەی کە دراون و لە

هـەمان کاتـدا هاوجووتـە لەگـەڵ بەرژوەندییـەکانی بریتانیـای فەخیمـەدا کـە ئـەم هەرێمانەش بخاتە ژێر منداتی خۆیەوە. کەوایە، من لە جەنابتان دەپاڕێمەوە ئەم هاوارو تاسەیەی کە لە لایەن نیشتمانپەروەرێکی کورد و لە هەمان کات کوڕی گـەورەی ئەنـدامی بنەماڵەیـەکی دەسـەڵاتداری کـورد ئاڕاسـتەی ئێـوە کـراوە، بـە شێوەیەکی جددی لەبەرچاو بگیرێ.

من کڕنووشبەری زۆر بچووک و خزمەتگوزاری زۆر دڵسۆزتانم.



ئەمین عالی بەدرخان

سەرۆکی کۆمەڵەی ئیجتیماعیی کورد

و

لەبریی کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد

بەڵگەنامەی ژمارە: ٤٦

(کۆپی)

کۆنستانتینۆپل، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٢١

بۆ جەنابی کۆمیسێری بەرزی بریتانیای فەخیمە، لە ناو شار.

جەنابی بەڕێز،

ئەو کاتەی هێزە هاوپەیمانەکان وا پێدەچێ بیانەوێ پرسی ڕۆژهەڵاتی نزیک بە گشتی و پرسی کورد بە تایبەتی بە تەواوی چارەسەر بکەن، بیرۆی نوێی کۆمەڵەی کورد ( جەمعییەتی تەعالیی کوردستان)ی کۆنستانتینۆپل ڕێگە بە خۆی دەدا بەگوێرەی ئەو پرنسیپانەی کە بیرۆیەکانی پێشتر پێرەوییان کردوون، سەرنجی میهرەبانانەی حکوومەتەکانی هاوپەیمانان بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕابکێشێ:

ئێمە لەوە دەترسین ئاشتیەکی هەمیشەیی لە ئاسیای-بچووك پایەدار نەبێ، ئەگەر داخوازینامە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەبەرچاو نەگیرێن، ئەو داخوازیانەی کە ئەنجومەنی باڵای [کۆنفراس، وەرگێڕ] هەروەها حکوومەتەکان و دەسەڵاتکارانی هاوپەیمانەکان و هاریکارەکانی لە چەندین کات و بۆنەدا بەڕێزەوە دووپاتیان کردۆتەوە.

ئەگەر نیازبێ گەلی کورد بخرێتە ژێر دەسەڵاتی هەر نەتەوەیەکی بێگانە، ئەوسا بێگومان ئێمە دێینە ناوەوە و تۆوی کێشەکە و ناکۆکیی کوردستان دەتەنێتەوە و ئەمە بەسە بۆ ئەوەی ڕێگە لە دووبارە گەڕانەوەی ئاشتی و ئاسایشێکی درێژخایەن لەنێو گەلانی ئەو دەرو ناوچانەدا بگرێ کە زۆر پیویستیان بە ئاشتی و ئاسایشە.

ئێمە بە هیچ کلۆجێ نامانەوێ پێ بنێینە ناو خاك و ماڤ هاوسێیەکانمان، بەڵام دەمانەوێ ڕێگەو ئامرازی پێویستمان ببێ بۆ گەشەپێدانی بەهرە و پەرەپێدانی توانای خۆمان بۆ بەرزکردنەوەی نەتەوەی خۆمان بۆ ئاستی نەتەوە شارستانیخوازەکان لەو دەر و ناوچانەدا کە زۆرینەیان کوردن. هەروا ئێمە

دەمانەوێ سەرچاوە سروشتییەکانی وڵاتەکەمان وەبەرهەم بهێنین و کۆمەگی دارایی و تەکنیکیی هێزێکی گەورە دابین بکەین.

